
شەوارەی
شەوانەی سەفەر
کازم قادر

# شەوارەی شەوانەی سەفەر

## کازم قادر

٢٠١٥

شەوارەی شەوانەی سەفەر، لە ساڵی ٢٠٠٣ نوسراوە. ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یەکەمجار بە هەشت بەش لە چەند ماڵپەڕدا بڵاوکراوەتەوە، ئێستاش کە جارێکیتر لە ماڵپەڕی (پێگەی ڕۆحی سەردەم)دا بڵاکراوەتەوە، کەمێک دەستکاریی تێداکراوە، واتە لابردن و قرتاندنی وشەو لە هەندێ شوێنیشدا چەند ڕستەیێک، هەروەها دەستکاریی لە ڕێنوسیشدا، لەو بارەوە ببورن. ٢٠١٥\٩\٢٦

# پێشەکی

شەوارەی شەوانەی سەفەر گێڕانەوەی حەقیقەتی تاڵی سەفەرێکە، کە بە هەزاران مرۆڤی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان دەردو ئازارو مەینەتییەکانی بینیوەو چەشتووە.سەفەر سەرزەمین و پانتاییەک بوو لە دوو توێی خۆیدا هەڵگری تراژیدیای گەورە بوو.بۆ سەدان لەو کۆچبەرانەی ڕێگای دڕکاوی و سەختییەکانی سەفەریان گرتەبەر،بە قیمەتی گیان و لە دەستدانی ژیانیان تەواو بوو،بۆ هەموو ئەوانەش کە ڕێکەوتی مەرگیان نەکرد،وەکو بیرەوەرییەکی تاڵ و پڕژان لە زەین و یادەوەرییاندا دەمێنێتەوەو لەوانەیە زەمەنێکی زۆری بوێت تاکو بتوانن ئاسەوارە خراپەکانی لە بیر بەرنەوە.

من لێرەدا نەمویستووە هۆکارەکانی سەفەر بنووسمەوە،بەڵکو هەوڵمداوە گۆشەیەکی بچووکی سەفەر بە پێی هەست کردن و دیتن و ژان و هەڵچوونەکانی خۆم و ئەو ڕووداوو پێشهات و سەختیانەی کە بینیومەو هەستم پێکردووە بنووسمەوە.

سەفەر ئەو دوورگەو سەرزەمینە شاراوەو پڕ نهێنی و ئاڵۆزو جەنجاڵ و کارەساتبارەیە،زۆر کەم یان دەتوانم بڵێم هیچی لە بارەوە نەنووسراوە،کە بە ڕای من دیسان ئەو دوورگەو سەرزەمینەیە سەدان و هەزاران بابەت و چیرۆک و ڕۆمان و نووسین و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ و جێی خۆیەتی بنووسرێتەوەو کۆمەڵگا حەحیقەتە تاڵەکانی بزانێت.

دەبێت تێبگەین و بزانین سەفەر چی بوو چۆن و بە کوێدا سەفەرمانکرد! مەرگ و ژیانەکانی ..شادی و پێکەنین و گریانەکانی..ئازارو نامۆیی و گرتن و لێدان و سوکایەتی و زیندانەکانی..خەوو خواردن و هاوارو بێمافییەکانی... سەفەر بۆ من هەر لە سەرەتاوە بە نامۆیی دەستی پێکرد! هەنگاو هەنگاو نامۆیی دەبووە فەزای خەیاڵ و ئەندێشەو ڕامانەکانی من.لە یەکەمین چرکەی سەرکەوتنە ناو سەیارەو یەکەم هەنگاو،نامۆیی دەست پێدەکات.

لە سەر دەست و قاچی یەکتر دادەنیشی و لە هیچ حاڵەتێکی ئاساییدا لە وەها شوێنێکدا دانانیشیت.بە ڕێگای سەخت و تاقەت پروکێندا دەڕۆیت و تووشی هەناسە سواری و مردن دەبیت،نانێک دەخۆیت بە ئارەزووی خۆت بۆت نەهاتووە،لە جێگایەکدا دەخەویت نە جێگای خەوەو نە بە ویستی خۆت هەڵتبژاردووە،ڕێگاکان پڕن لە ڕەنج و ستەم و مەرگ و لە ناو چوون.قاچاخچی قسەی ناشیرین و جوێن دەدات..پۆلیس دەتگرێت و سوکایەتی و لێدان و زیندانیت دەکات..پیس و خۆڵاویی و غەمگینیت.. پارەو خواردن و جگەرت لێدەبڕێت و پڕ دەبیت لە خۆزگەو حەسرەت و ئارەزووەکانت..وە دەیان و سەدان کارو کردەوەی شاراوەو نهێنیترکە مەگەر تاک بە تاکی کۆچبەران خۆیان بدوێنی و بێنە ئاخاوتن و ڕاستگۆیانە حیکایەتەکانی خۆیان بگێڕنەوە!!

من لە سەفەردا بە داخ و ستەم و ئەندێشەیەکی پڕژان و ژاردا سەفەرم کردو تێپەڕیم."شەوارەی شەوانەی سەفەر" گۆشەیەکی بچووکی ئەو ڕەسمەیە لە بێقەراری و هاوارو ستەمێک کە من هەستم پێدەکردو دەمچەشت و ژانی پێدەکردم.ژانی خۆم و ئەو مرۆڤگەلەی لە پەنا دەستمدا بوون و ئازارو سەختی و موعانات و گریانەکانیانم

بینیوە! ژانی ئەوەی بۆچی ئەم دنیاو سیستەمە ئاوایەو مرۆڤەکان هێندە بێبایەخ و سووک و بێماف ئازادی و ژیان کراون؟

شەوارەی شەوانەی سەفەر،زۆرجار من دەگێرێتەوە بۆ ڕابردوو.. لێرەدا ئێستاو دوێنێی من ئاوێتەو موتوربەی یەکتر دەبن و پێکەوە سەفەرو شەوارەی شەوانەی سەفەر دەنووسنەوەو ڕەنگ ڕێژیی دەکات.

لە شەوارەی شەوانەی سەفەردا من- ئێمە شووبهێنراوە بە شەوارەی باڵندەو سوێسک و ئاسکەکان! شەوارەی ئەو باڵندەو بوونەوەرانەی ڕاوم دەکردن و شەوارەو کوێرم دەکردن و دەمگرتن!!!

تێبینی :شەوارەی شەوانەی سەفەر،ئایاری ٢٠٠٣ نووسیومە،سەرەتا ویستم وەکو کتێبێک چاپ و بڵاوی بەکەمەوە،بەڵام تاکو ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا،لە بەر ئەوە بڕیارمدا بە زنجیرە بڵاوی بکەمەوەو دواتر ئەگەر توانیم ،جارێکیتر وەکو کتێبێک بڵاوی بکەمەوە.

## - بەشی یەکەم -

ئێوارەی یەکی حەوتی ٢٠٠٢ بوو،هەمووماں کە نزیکەی ٣٠ کەس دەبووین لە ماڵێکدا بووین لە سلێمانی،هەمووماں خۆمان ئامادە کردبوو چاوەڕێی سەیارەکانمان دەکرد.سعات یانزەی شەو بوو سەیارەکان هاتنە بەردەم ماڵەکەو هەمووماں بە پەلە سەر کەوتین و لە سەر دەست و قاچی یەکتر دانیشتین.

هەر ئەو کاتەی چووینە نێو سەیارەکەوە بە دەستی خۆم نەبوو،هەستم بە نامۆییەکی تاڵ و کووشندە دەکرد.ئازاریکی قووڵ لە ناخەوە دەیهەژاندم و ڕۆحم هاوارێکی سەیری دەکرد!لەوانە بوو تا ئەو کاتە وەها هەستێکم نەبووبێت،هەستی ئازارێک بۆ هەموو ئەوانەی کە هەمەو بە جێیدێڵم و بۆ هەموو ئەو پێشهات و نادیارانەی لە پێشمدایەو بەرەو ڕوویان دەڕۆم.

هەستم دەکرد بۆ جێگایەکی نادیار دەڕۆم و هەرچییەکیشم هەیە لێم بە جێما.هەستی ئەوەی"شتەکانم"لێبەجێما داخی دەکردم!مرۆڤ هەمیشە برێک شتی هەیە کە لە دنیای خۆیدا جوان و شیرین و پڕ بایەخن و خۆشی دەوێن بۆ منیش هەروابوو،هەستم وابوو هەموو ئەو شتە جوان و شیرین و فەنتازییانەی دنیای من پێکدەهێنن،بە جێمان و لە دەستم چوون.

مرۆڤ ئەگەر بە ئارەزوو خواستی خۆی سەفەر بکات واتە هیچ شتێک ناچار بە سەفەر کردنی نەکردبێت،دەکرێت چێژوخۆشییەکی زۆر ببینێ و هەست پێبکات.بەڵام ئەم جۆرە سەفەرانە لە شێوەی سەفەر کردنی پاڵەوانی ئەو داستان و چیرۆکە ئەفسانەییانە دەچێت،کە لە ڕێگادا پاڵەوانەکانی ڕووبەڕوی دەیان پەرژینی دێو و درنجو دەعبای ئەفسانەیی دەبنەوەو هەمیشە لە بەرامبەر ململانێیەکی توندو دژواری مەرگ و ژیاندان...

ئەو شەوە تاکو بەیانی بە ڕێگاوە بووین،لە نێو سەیارەکەدا جێگەمان تەنگ و دژوار بوو،لە بەر تەنگی شوێنەکانمان هەمیشە شەڕو نیوە شەڕ لە نێو نەفەرەکاندا دروست دەبوو،هەمیشە قاچ و جەستەمان سڕو شەکەت بوو پێش هەڵهاتنی ڕۆژ گەیشتینە سەر سنووری ئێران،لە دامێنی شاخێکی بەرزدا دابەزین و چاوەڕوانی ڕێبەرە ئێرانییەکانمان دەکرد.ئەگەرچی هاوین بوو بەڵام ئەو بەیانییە شنەبایەکی خۆش و فێنکی کوێستانی دەهات،خۆریش هێدی هێدی هەڵدەهات و دنیای ڕووناک دەکردەوە،بەڵام هەڵهاتنی ڕۆژ هیچ ماناو ئومێدێکی نوێی بە دڵ و دەرونی من نەدەبەخشی.هەڵهاتنی ڕۆژ لە زەین و ئەندێشەی مندا ،لە ڕۆخساری ئێوارەیەکی پڕ خەم دەچوو کە ڕێبوارانی وەک لە بیابانێکی ساردو ڕچیوی بەر باو بۆران و زریاندابن و لە حەژمەتدا سەریان خستبێتە نێو باوەشیان..من ئاوام دەبینی و پێم وابوو تابلۆیەکی ئاواهییە.

پاش سعاتێک ڕێبەرە ئێرانییەکان بە دوو سەیارەوە گەیشتنە لامان.ئێمە بیستونۆ نەفەر بووین،هەر نیوەیەکمان چووینە نێو یەکێک لە سەیارەکانەوەو بە ڕێکەوتین.سەیارەکان بە ڕێگایەکی هەرە سەخت و هەورازو نشێودا دەڕۆیشتن،لە هەر وەرگەڕانێکدا ئەگەری مردنی هەمووماںی تێدا بوو.لە ڕاستیدا ئەوە ڕێگای سەیارە نەبوو ئێمە پێیدا دەڕۆیشتین، بەڵکو بۆ ئاسکو بزنە کێوییەکان باش بوو پێیدا هەڵزنێن نەک بۆ سەیارە.

هەروەها شۆفێری ئێرانی زۆر نەترس و چاوقایمن لە لێخورینی سەیارەدا، ئەوان کاتێک سەیارەیان لێدەخورِ بە شێوەیەک دەبینران کە هەست بە مەترسی مەرگ نەکەن،ئیتر باکیان لەوە نەبوو ئەوانەی لە گەڵیاندان زراویان بچێت.

سێ تا چوار سعات بە ڕێگاوە بووین تاکو گەیشتینە نزیک شاری بانە، لەوێ مەودایەک دوور لە شارەوە لە نێو دارستانێکدا دامانیان بەزاندو سەیارەکان ڕۆیشتن.هەمووامان شەکەت و ماندوو خۆڵاوی وەک سیماو دیاردەیەکی تاڵ،هەر چەند کەس و لە پال دارێکدا ڕاکشابووین و کەس نەیدەزانی بیر لە چی دەکەینەوە یەکێک لە ئێرانییەکان لە گەڵمان مابووەوە حەزم کرد چەند پرسیارێکی لێبکەم،دوای برێک قسەوباس گوتم:ئایا دڵتان بە خاتەمی خۆشەو ئەو بەڵێنانەی کە دای،هیچیانی جێبەجێکرد؟ئەگەر چی حەزی بەم پرسیارو باسە نەبوو،بەڵام گوتی پێشتر دڵمان پێی خۆش بوو،کەچی هەموو قسەو بەڵێنەکانی بە درۆ دەرچوو،بۆیە ئێستا ئەویش" ئەرزشێکی" نەماوە.

نیوەرۆ هەندێک نان و تەماتەیان بۆمان هێناو خواردمان،هەموومان حەزمان لە چا دەکرد،لەوانە بوو من لە هەموویان زیاتر تامەزرۆ بوویێتم، داوای چامان لەو برادەرە کرد گوتمان بەڵکو چامان بۆ بێنیت،ئەویش گوتی دوایی..دواییش هەر نەیهێنا.

کە شەو داهات دوو "مێکزەمینیان" هێناو گوتیان سەرکەون،هەر هێندەمان لێخۆش بوو سەرکەوتین،هەر وەک بە ئاسماندا بفرین وابوو،کوڕی ئازا ئەو کەسە بوو خۆی بگرێ و با نەیبات.یاخود فرتە نەکاتە دەرەوەو هەڵا هەڵا ببێت.بە شێوەیەک لێدەخوڕین وەکو ئەوە وابوو هەرچی پاسدارو ئیتلاعات و ئاخوندی ئیسلامی هەیە بە دوامانەوەبن.لە بەر تەپوتۆزو گەردەلوول چاومان نووقاندبوو هیچمان نەدەبینی،سەیارەکان پێش و پاشی یەکتر دەڕۆیشتن،ئەوەی پێشەوە ئاسایی پێشی خۆی دەبینی،بەڵام ئەوەی دواوە بە هیچ شێوەیەک پێشی خۆی نەدەبینی و کەچی بە هەمان خێرایی ئەوەی پێشوو لێیدەخوری،من سەرم سڕ دەما کە چۆن وەرنەدەگەڕا! ترس و نیگەرانی وەرگەڕانی سەیارەکان بۆ یەک چرکە لە مێشکمان دەرنەدەچوو،بە ڕاستی ئەو ترس و نیگەرانییە هەرگیز بە نووسین وەسف ناکرێت،مەگەر مرۆڤ بە چاوی خۆی ببینێت چ ڕوو دەدات.

ئەو شەوە دوای ئەوە کە بە نێو شاری بانەدا تێپەڕین و لە شار دەرچووین، پێش ئەوەی بگەینە پرسگەی دەرچوونی شار،دامانیان بەزاندو بە پێ بە قەد پاڵ و شاخێکدا پرسگەکەمان تێپەڕاندو کەوتینە ئەو دیوی پرسگەکە.لەوێ بە کەناری جادەکەوە دانیشتبووین و چاوەڕوانی سەیارەکانمان دەکرد.ماوەیەکی زۆر چاوەڕێمان کرد هەر نەهاتن،دواجار دوای سێ سعات چەند سەیارەی تریان هێناو هەر جارەی چوار پێنج کەسیان سەر دەخست و دەیانبردن لە شوێنێکیتر دایاندەنان.گۆڕینی سەیارەکان لە بەر ئەوە بوو سەیارەکانی خۆمان ئاشکرا نەبن یاخود گومان نەکەوێتە سەریان.

دوای ئەوەی هەموومانیان گواستەوە گوتیان ئەم شەو دەبێت لێرە بمێننەوە چوونکە لێرە ناتوانین بە شەو ڕێبکەین.دۆڵ و قامیشەڵانێکیان پێمان نیشاندا گوتیان شەو لەوێدا بخەون.ئەگەرچی هاوین بوو بەڵام هێندە سارد بوو خەومان لێنەدەکەوت.

هەر چۆنێک بوو ڕۆژمان لێبووەوو ڕێبەرەکان هاتنەوە،سەرکەوتین و دیسان مێکزەمین باڵی گرتەوەو فڕی،ئەم جارە بە جادەی قیرتاودا دەڕۆیشت،شۆفێرەکان هێندە شێت و سەرسەخت بوون لە پێچەکانیشدا هێواشیان نەدەکردەوە.نازانم چەند ڕێمان کردبوو وتیان "گەشت" بە دوامانەوەیە."گەشت" ئەو دەستەو گروپە چەکدارانەیە کە بە دوای شتی یاساخ و نایاساییدا"دەگەڕێن.

ئەم جارە بە جادەیەکی خۆڵ و زیخەڵاندا لایاندایەوەو فڕین،ڕێبەرەکان وریاو شارەزا بوون،هەر لە دوورەوە گەشت و کەمینەکانیان دەبینی و بە لایەکیتردادەڕۆیشتن.ئەو ڕۆژە چەندجار تووشی ئەو گەشتانە بووین،بەڵام دەرباز دەبووین.کەم جار بۆماوەیەکی کورت بە جادەی قیرتاودا دەڕۆیشتین،هەمیشە بە جادەکانی خۆڵدا دەڕۆیشتین،هەڵبەتە بە دوورترین و سەختترین ڕێگادا،ئەوەش لە بەر ئەوە بوو ئەگەری گرتنمان کەمتر دەبوو.ئەو جادە خۆلانە زۆر شەکەتمانی دەکرد،هەمووی شاخ و هەورازو نشێوی سەخت بوو،دەچووینە ئاسمان و دەهاتینە خوارەوە.سەیارەکان بە خێراییەکی مەترسیدار دەڕۆێشتن،مەگەر شوێنێک هەر زۆر سەختایی بوایەکەمێک هێواشیان بکردایەتەوە،ئەگینا لە شوێنەکانیتردا بازیان پێدەدا.سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بوو گەیشتینە لای چەند ماڵی کۆچەری کە ئاژەڵیان بە خێو دەکرد،لەوێ کەمێک وەستاین،ڕێبەرەکان پرسیاریان لە خاوەن ماڵەکان کرد کە ئایا ئەمڕۆ گەشت بەم ناوەدا هاتووە یان نا؟ ئەوان گوتیان ئەمڕۆ هیچمان نەبینیوە.ئێمەش چەند کەس لە سەیارەکانەوە ملمان هێنابووە دەرەوەو سەیرمان دەکرد،چوونکە دەبوایە هەمیشە لە ناوسەیارەکاندا خۆمان مات بکردایە،تاکو بە هەر شوێنێکدا ڕۆیشتین کەس نەمانبینێت،ئەوەش دۆخێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ ئێمەو ماندووی دەکردین.

لەوێدا بووین لە دوورەوە سەیارەیەکیان بینی و گوتیان ئەوە گەشتەو بۆ ئێرە دێت.ڕیبەرەکان بە یەکێک لە خاوەن ماڵەکەیان گوت دەکرێت ئەم نەفەرانە دابەزن و ماوەیەک لێرە خۆیان حەشاربدەن،تاکو بزانین ئەو سەیارەیە چییە؟خاوەن ماڵەکەش گوتی با دابەزن،ئەوە بوو هەموومان دابەزین و بەرەو ناو ماڵەکان ڕۆیستین،کە دابەزین خاوەن ماڵەکان سەیریان لێهات کە ئەو هەموو نەفەرە لە کوێدا بوون؟خەریک بوو پەشیمان ببنەوەو نەهێلن بچینە ماڵەکانیانەوە،دوایی شوێنێکیان پێمان نیشانداو گوتیان بچنە ئەوێوە..ئەوێ گەوڕو بەهاربەنی ئاژەڵەکانیان بوو.

نیو سعات لەوێ ماینەوە دوایی کە زانیمان مەترسییەک لە گۆڕێ نییە دیسان بە ڕێکەوتین.

ئەو ڕۆژە چەند جاریتریش لە چۆڵەوانیدا دامانیان دەبەزاندو سعات و دوو سعات دەماینەوە،زۆر جار ئاومان لێدەبڕاو تینوێتی پەرێشانمانی دەکرد.

سعات یانزەی شەو گەیشتینە ڕەزایە،هەموومان بڕستمان لێبڕابوو هەموو گیانمان ببووە تۆزوخۆڵ..ڕۆخسارمان دەردی لێدەچۆڕا.

دوای سێ ڕۆژ مانەوەمان لە ڕەزایە،جارێکیتر بە سەیارە بەرەو گوندی 'مەلحەم' کە پیم وابێت دەکاتە دوا گوندی سنوری ئێران-تورکیا بەڕێکەوتین.دۆخی ئەم جارەمان لەوەی پێشوو خراپتر بوو،زۆر شێتانە سەیارەکانیان لێدەخوڕی،من دەمگوت ئەگەر بەزەییان بە ئیمەدا نایەتەوە با بەزییان بە سەیارەکانی خۆیاندا بێتەوە!

پێش ئەوەی بڕۆینە ناو گوندەکەوە جارێکیتر دامانیان بەزاندو گوتیان ماوەیەک لێرە چاوەڕێ بکەن دواتر دەچینە ناو گوندەکەوە،هەڵبەتە ڕێبەرەکان ڕۆیشتن و ئێمە هەر خۆمان ماینەوە.ئێمەش کەمێک لە ڕێگاکە دوور کەوتینەوەو بە قەدپاڵ و بەردەلانێکەوە دانیشتین.ماوەیەک تێپەڕیبوو چەکدارێکی ڕانکوچۆغە لە بەرمان بینی بەرەو لای ئێمەدێت و یەکێکیتریشی لە گەڵدایە.لە خوارەوە لە سەر ڕێگاکە دانیشت و بانگی لێمان کرد بچین بۆ لای!چەند کەس ڕۆیشتین..سڵاو.. گوتمان چیتان دەوێت؟ چەکدارەکە گوتی من گەریلای" پ ک ک"..و پارەم لێتان دەوێت!! گوتمان پارەی چی و بۆچی پارە بە تۆ بدەین؟گوتی ئێوە بۆ هەندەران دەڕۆن و هەر کەسێکیش بەم "مەملەکەتەی" ئێمەدا تێپەڕێت و پێبزانین،ئەوا ئێمە حەقی خۆمانی لێوەردەگرین!سەیر بوو داوای"حەقی" خۆی لە ئێمە دەکرد! ئێمە گوتمان خۆ ئێمە بازرگان نین تاکو باج و خەراجمان لێوەربگریت؟بەڵام ئەو دەیگوت من ئەو

قسانە نازانم و نابیستم من حەقی خۆمم گەرەکە.من نەمدەزانی ئەو چ حەقێکی لای ئێمەیە.هەر یەکێک لە ئێمە دنیایەک پارەی قەرز کردبوو کەچیئەویش دزی و جەردەیی دەکردو ئێمەی ڕووت دەکردەوە.

ماوەیەکی زۆر ملمان بە داواکەی نەداو دەمانگوت پارەمان پێنییە،بەلام هیچ سودێکی نەبوو..ئەو دەیگوت بڕۆن پەیدای بکەن،چوار مشقی لە سەر زەوییەکە دانیشتبوو تفەنگەکەی خستبووە باوەشی و دەیگوت منتان بینیوە چۆن دانیشتووم؟ هیچ کارێکم نییە..یەک هەفتە..یەک هەیڤ ئاوا دادەنیشم تاکو پارە پیدا دەکەن..! ڕاستیشی دەکرد ئەو جۆرە دانیشتنە ئەو لێی دانیشتبوو،دەیتوانی یەک سالێش چاوەڕوانمان بکات تاکو پارەی بۆ پەیدا دەکەین.

پاشان گوتمان وەرە بمان پشکنە ئەگەر پارەت پێمان گرت هەمووی بەرە بۆ خۆت..ئەو دەیگوت کاری ئاوا ناکەم..دوایی دەڕۆن و دەڵێن گەریلاکانی "پ ک ک" ڕووتمانی کردۆتەوە..واتە ئەگەر ئەو ترسەی نەبوایە ئەو کارەشی دەکرد.لە گەڵ ئەوەشدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان بە زۆر ستاندن و دانیشتن بە دیارتەوە تاکو پارەی بۆ پەیدا دەکەیت نەبوو.

دوایی کە زانیمان ئاسنی سارد دەکوتین کەوتینە مامەڵەوە !گوتمان چەند پارەت دەوێت ؟گوتی هەر یەک بیست دۆلار بدەن..داوای دۆلاریشی دەکرد نەک تمەن و لیرە!

گوتمان ئەو پارەیە زۆرەو ناتوانیین بیدەین..ئەو دەیگوت ئێوە بۆ هەندەران دەڕۆن بیست دۆلار چ بایەخێکی هەیە..!ئەم مامەڵەیەش زۆری خایاند..دوو سەد دۆلارمان کۆکردەوەو گوتمان هەر هێندەمان هەیە..وەری گرت و لوولی کردو خستیە باخەڵێوە...

پانزە خولەکمان مابوو بۆ گوندەکە،سەیارەکی جۆری پیکابیان هێناو گوتیان سەرکەون،کەس ناپرسێت جێگەمان نابێتەوەو چۆن سەرکەوین؟ سەیر دێتە پێش چاو کە زیاتر لە سی کەس سەرکەوتینە نێو یەک پیکابەوە بەلام جۆن؟هەموومان بە پێوە وەستابووین و توند یەکترمان گرتبوو،هەر سێ لای سەیارەکەش نەفەر خۆی پێدا هەڵواسیبوو،سەیارەکە وەک جۆلانە ئەمدیوەو دیوی دەکرد..زۆر جار نزیکی وەرگەڕان دەبووەوە..هەموان" دوعای" خێریان دەکرد،لە دڵتەنگی و ترسی ئەو دۆخە پڕ نیگەرانییەدا چەند کەس گریان..؟! کاتێک گەیشتینە گوندەکە "شایەتمانیان" دەهێنا.

لەوێ بردمانیانە ماڵێکەوە،هەموومان هیلاک و وێران و برسی بووین، هێلکەی کوڵاوو چایان بۆمان ئامادە کردبوو،چوونکە برسیمان بوو زۆر بە لەزەتەوە نان و چاکەمان دەخوارد.

هەموومان لە ناو ژوورێکی گەورەدا دانیشتبووین،چەند ژن لە ماڵەکەدا هەبوون،لە گەڵماندا دادەنیشتن و کراوەو ڕووخۆش بوون و لە گەڵماندا قسانیان دەکرد.لە ناو ژوورەکەدا وێنەی چەندین گۆرانی بێژو هونەرمەندی ئێرانی و بیانی هەڵواسرابوون،وەکو معین و ناسری ڕەزازی و سیبلجان و چەندین ژنیتر کە جلی نیوە ڕووتیان لە بەردابوو،تەنها وێنەی خومەینی و ئاخوندەکانی تێدا نەبوو.لە ڕێگاش ئەو جۆرە وێنە نیوە ڕووتانەم لە دیوی ناوەوەی دەرگای یەکێک لە سەیارەکان بینی،بە شۆفێرەکەم گوت ئایا ئەو وێنانە یاساخ نییە؟ بە ووشکییەکەوە گوتی:هەموو دنیا بە واقعی ئەوانە دەبینێت ناکرێت ئێمە لە وێنەشدا بیانبینین!

دوای حەوانەوەیەکی باش سعات یانزەی شەو بەرەو تورکیا بە ڕێکەوتین، هەندێک لە نەفەرەکان ئەسپیان بە کرێ گرت و ئەوانیتریش بە پێ.

نیو سعات لە گوندەکە دوور کەوتبووینەوە ،لە نێو دۆڵ و شیوێکدا کەوتینە بۆسەی پاسدارانەوە،بۆسەکە بڕێک لە پێشمانەوە بوو پێش ئەوەی بە تەواوی بکەوینە ناویەوە ،هەستمان پێیان کردو بە ڕاکردن بەرەو دواوە گەڕاینەوە.مرۆڤ لە وەها دۆخێکدا هەر کەسەو بە پێی لێکدانەوەو وێناکردنەکانی خۆی دەجوڵێتەوەو ڕێڕەو دەگرێت.هەر لەو چرکەیەدا نەمانزانی ڕێبەرەکان چۆن و بە کوێدا ڕۆیشتن؟ ئەوان بە سەر پشتی ئەسپی باڵداری خۆیانەوە بوون،ئەو جۆرە ئەسپانە هەورازو نشێو و بەردەلان نازانن،تەنانەت تاریکی شەویش کار لە ڕەوتی ڕێکردن و غاردانیان ناکات.

مل بە هەموو شوێنێکەوە دەنێن و سڵ لە هیچ شتێک ناکەنەوە،لەو شەوەزەنگەدا وەکو با دەفڕن و بۆ یەک جاریش سەرسمێک نادەن.

هەر چەند کەس و بە لایەکدا ڕۆیشتین و تەرە بووین،منیش کە بەرەو دوا گەڕامەوە،بە کەناری ڕێگاکەوە تارمایی شیوێکی بچووکم بە دیکرد،یەکسەر لام دایەوەو بەرەو ناو شیوەکە ڕۆیشتم.ئاگام لێبوو چەند کەسیتریش بە دوامدا هاتن..کەس قسە ناکات..کەمێک ڕۆیشتین پاشان بە بێدەنگی دانیشتین و گوێمان دەگرت.

ئەو شوێنە ڕێگای سەیارەی نەبوو پاسداران بە سواری ئەسپەوە هاتبوون و بۆسەیان دانابوو.کەس ئاگای لە کەس نەمابوو،ماوەیەکی زۆر بەو ناوەدا دەنگی پێی ئەسپەکان دەهات و وەک بە دوای نەفەرەکاندا بگەڕێن وابوو. ئێمە لە پاڵ چەند تاوێرو بەردی گەورەدا وەک هەر بوونەوەرێکی تەرەکراو خۆمان مات دابوو هەناسەمان لە خۆمان بڕیبوو.

دوای ماوەیەک دەنگی پێی ئەسپەکان نەماو لە چەند لاوە دەنگی فیکەمان دەبیست،بەڵام ئێمە وەڵاممان نەدانەوە چوونکە ئێمە پێشتر نهێنیەکمان دانابوو،ئەگەر کەوتینە وەها دۆخێکەوە بەو نهێنییە بانگی یەکتر بکین.

دواتر ڕێبەرەکان"قاچاخچییەکان"گەڕانەوەو هاتن بۆ لای ئێمە.

ئێمە کە نهێنییەکەمان چەکووش بوو،بە دەنگی بەرز بانگمان دەکرد چەکوووش...لە چەند لای ترەوە دەنگی چکووش بەرز دەبوەوەو دەهاتن بۆ لامان.ئەوەی لەو دەوروبورە بوو یەکی گرتەوە،بەڵام نیوەی نەفەرەکان دیار نەبوون.ڕێبەرەکان گوتیان ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ گوندەکە بەڵکو ئەوان بۆ ئەوێ گەڕابێتنەوە.

ئەوە بوو ڕێبەرەکان گەڕانەوە،دوای ماوەیەک هاتنەوەو باقی نەفەرەکانیان لە گەڵ بوو،سەرژمێری کرا کەس نەگیرابوو.ئەوانەی کە گەڕابوونەوە بۆ گوندەکە هیلاک و پەرێشان ببوون،چوونکە هەر بە ڕاکردن گەڕابوونەوە.

بەڵام من پێم وابوو ئەو سیناریۆیە قاچاخچییەکان خۆیان دروستیان کردبوو،یاخود بە دەست تێکەڵکردن لە گەڵ پاسداراندا بۆ ئازاردانی ئێمە، چوونکە قاچاخچییەکان هەموو کارو کردەوەیەکی ناشیرین و نامرۆییان لێدەوەشێتەوە.

دیسان بە ڕێکەوتین،هەڵبەتە بە ڕێگایەکی سەخت و دژواردا،هەندێجار چەند سعات بۆ سەرەوەو پاشان چەند سعات خوار دەبووینەوە،ڕێگایەکی بێمەوداو تاقەت پرووکێنمان دەبڕی و بە هیچ شوێنێک نەدەگەیشتین.هەموو بڕستمان لێبڕابوو،زۆر کەس پەکی دەکەوت و توانای ڕێکردنی نەدەما.. زۆر کەس دەرشایەوەو دەبوورایەوە..من چەند جار دەستی کەسانێکم دەگرت کە دواکەوتبوون و ئەگەر کەسێک ئاگای لێیان نەبوایە بە جێدەمان.

هەروەها شەوانە زۆر سارد بوو لە سەرماندا خەریک بوو ڕەقمان دەبردەوە من تاکو ئەو کاتە نەمزانیبوو لە ناوچەو کوێستانەکانی کوردستانداو لە هاویندا سەرمای ئاوا هەبێت..هەڵبەتە لە شەودا سارد بوو...

## - بەشی دووەم -

لەگەڵ ئەوەی شەوانە زۆر سارد بوو بە هۆی هیلاکی و شەکەتی لەڕادەبەدەرەوە،زۆر تینوومان دەبوو،تینوێتی زۆر کەسی پەرێشان دەکرد.لەو ڕێگایانەدا گرنگترین شتێک کە هەتبێت ئاوە،کە نابێت هەرگیز لێت ببرێت.زۆر کەس ئەوەیان نەدەزانی یاخود گوێیان پێنەدەداو ئاویان لەگەڵ خۆیانهەڵنەدەگرت،کاتێکیش تینوێتی زۆری بۆیان دەهێنا داوای ئاویان لەکەسانیتر دەکرد.من هەرگیز نەمدەهێشت ئاوم لێببرێت مەگەر شوێنێک هەر ئاوی نەبوایە، چوونکە تینووم بێت و ئاوم نەبێت بیخۆمەوە باوەڕم بە هیچ شتێک نامێنێت.من پێم وایە تینوێتی مرۆڤ زۆر نائومێد دەکات.هەروەها لەو دۆخەدا واپێویست دەکات هەموو پێداویستییەکت هیخۆت بێت،چوونکە کەم کەس کۆمەکی کەسانیتری دەکرد،لە بەر ئەوە لە هەر شوێنێکدا بە ئاو بگەیشتایەم دەبەکەمم پڕ دەکرد..ئەگەر پڕیش بوایە من هەر تێم دەکرد.. دەمگوت باپڕبێت..زۆرجار ئاوم بە کەسانێک دەدا کە تینوێتی زۆری بۆیان هێنابوو داوایان لەدەکردم،ئەستەم بوو بە لامەوە کەسێک داوای ئاوی لێم بکردایەو نەمدایە.

مرۆڤ ئەگەر لە ماڵدا یان لە سەر کانییەک دابنیشێت،لەوانەیە نەتوانێتوێنای ئەوە بکات کە قومێک ئاو لە کاتی تەنگانەدا چەند گرنگە..واتە لە کاتیتینوێتیدا قومێک ئاو مرۆڤێک دەبووژێنێتەوە یان لە مەرگ ڕزگاری دەکات.لەم ڕێگایەدا تینوێتی زۆرجارو زۆر کەسی پەرێشان دەکردو هانایان بۆکەسانیتر دەبرد.هەروەها بە داخەوە کەم کەسیش هەبوون قومێک ئاوی خۆیان بە تینوویەکی پەرێشان دەدا...

ڕێگاکە دووردرێژ بوو نەدەبڕایەوە،هەمووومان هیلاک و وێران و خەواڵوو ببووین.لە شوێنێکدا بە سەر ڕێگاکەوە دوو ئەسپ کەوتبوون و دیار بوو بە گولە کوژرابوون،کەمێک بە دیاریانەوە وەستام،دیمەنێکی دڵتەنگ بوو بۆمن،هەروەها نیشانەی واقعێکی تاڵ..دەشێ خاوەنەکانیشیان بە سەر پشتی ئەسپەکانەوە کوژرابێتن.دووریش نییە ئێمەش تووشی هەمان پێشهاتێکی وەها تاڵ نەبین،کەم نەبوون ئەو کۆچبەرانەی دەکەوتنە بۆسەی پاسداروجەندرمەکانی سنوورەوەو گولەباران دەکران...

بە دەردە سەرییەکی زۆر سبەینێ سعات نۆی بەیانی گەیشتینە گوندێکیتورکیا.دوای ئەوەی کەمێک حەساینەوە هەموومانیان خستە ناو لۆرییەکیگەورەوەو سعاتێک دوور لە گوندەکە،لە چۆڵەوانییەکدا دامانیانبەزاند. بۆ خواردنی نیوەڕۆ دوو مەنجەڵی گەورەی برنج و نیسکێنەیان,بۆمان هێنا. بەڵام لێرەش چایان بۆمان نەهێنا..لەوە دەچووقەندو شەکر تمەن و لیرەیزۆر تێچوویێت.دوای ئەوەی ماوەیەک حەواینەوە لە سعات دوانزەی نیوەڕۆ دیسان بە ڕێکەوتین.ئەمجارەش دەبێت بە پێ ڕێبکەین تاکودەگەینە سەر ئەو جادەقیرتاوەی کە گوایە بۆ "وان" دەڕوات،بە قەولی قاچاخچییەکان لەوێشەوەبۆ وان بە سەیارە بڕۆین.هەڵبەتە هەر وەجبەیەکی کۆچبەران بگەنە ئەو گوندانە،خەڵکی گوندەکە ئەوانەی کە ئەسپیان هەیەو دەیانەوێت بە کرێ بدەن،هەموویان دێن و کۆدەبنەوە

تاکو ئەسپەکانیان بە کرێ بگرن.هەر لە منداڵێکی تەمەن حەوت هەشت ساڵەوە تاکوپیرەمێردێک.پێش ئەوەی بە ڕێبکەوین بڕێک لە نەفەرەکان هەر لەوێدائەسپیان بە کرێ گرت و قافڵە بە ڕێکەوت.دەیان ئەسپی تریش ماوە کەبەدەستی خاوەنەکانیانەوەیەو لە گەڵماندا ڕێدەکەن و بە هیوان کەسانێک هیلاکبن و ئەسپەکانیان بە کرێبگرن.ڕەشمەی ئەسپەکانیان دەدایە دەستمانەوەو دەیانویست بە"زۆر"ئەسپەکانیان بە کرێ بگرین.

دوان لە منداڵەکان لە من ئاڵابوون و لێمنەدەبوونەوە،هەر یەکەیان داوای دەکرد ئەسپەکەی ئەو بە کرێ بگرم،ئەمە لە کاتێکدا من بڕیارم نەدابوو ئەسپ بەکرێ بگرم.من گیرم خواردبوو بە دەستیانەوەو زۆریش دڵم بۆیان دەسووتا.ئەوان منداڵ بوون و دەبوا منداڵانە بژیایەن،کەچی هەژاری و نایەکسانی فڕێیانی دابووە بازاڕی کارەوەو هیچ لە دنیای منداڵییان.هەموویان گورجوگۆڵبوون بەڵام ماندوو قژ درێژو ئاڵۆسکاوو سیما خۆر بردوو.هەرگیز نەدەبوو ئەوان ئەو کارە بکەن..هەرگیز...

من ئەگەرچی هیلاک ببووم و حەزم لە سواری ئەسپ دەکرد،بەڵام سەرباری ئەوەش نەمدەویست ئەسپ بە کرێ بگرم،چوونکە پارەدار نەبووم.سعاتێک ڕێمان کردبوو گەیشتبووینە دامێنی شاخێکی بەرز،منداڵەکانیش هەر لە گەڵمدا بوون و لێمنەدەبوونەوە.بە داخەوە..دەیانجار داوایان لێمکرد.. داوایەک وەک پاڕانەوە..تاکو ئەسپەکانیان بە کرێ بگرم و چەند دۆلارێکیاندەست بکەوێت.لە دامێنی شاخەکەدا بوو بە یەکێک لە منداڵەکانم گوت ئەسپەکەت ڕابگرەتاکو سەر دەکەوم.زۆر دڵی خۆش بوو ڕەشمەی ئەسپەکەی گرت تاکو من سەرکەوتم،بەڵام منداڵەکەیتر لێم دڵگیر بوو چوونکە ئەسپەکەی ئەوم نەگرت،من دەبوایە هەر ئەسپێکیانم بگرتایە..خۆ نەدەکرا هەردووکیانم بگرتایەو هەر قاچێکم بخستایەتە سەر یەکێکیان!

دوای ئەوەی لە شاخەکە سەرکەوتین نیو سعات ڕێمان نەکردبوو،لە شوێنێکداوەستانمانیان و گوتیان ئێمە تاکو ئێرە لە گەڵتاندابن.من وامدەزانی چەند سعاتیتریش لە گەڵماندا دەبن،بە منداڵەکانم گوت دەستانخۆش بێت باش فریوتاندام !کرێکەی دە دۆلار بوو.

دوای کەمێک حەوانەوەو نان خواردن و جگەرەکێشانێک،دیسان بە ڕێکەوتین.هەڵبەتە دوو ڕێبەری تورکیمان لە گەڵ بوون کە کورد بوون.قاچاخچییەکان دەیان گوت لێرەوە تاکو سەر جادەکە سێ چوار سعاتە،بەڵام کەس باوەڕی بەو قسانە نەدەکرد،چوونکە قاچاخچییەکان زۆردرۆزن و دووڕوون.

ئەم ڕێگایە زۆر سەخت و دژوار بوو،سەختتر لە هەر ڕێگایەک تاکو ئێستاپێیدا هاتبووین.بە سعاتێک سەر شاخێک دەکەوتین کەچی سەیرمان دەکرد شاخێکی لەوە بەرزترو سەختتر لە پێشماندایە،هەموو ڕێگاکان ڕچەڕێی باریکو بەردەڵان بوو.زۆر شوێنی قەدپاڵ و سێبەرو نسرمەکان ئەو شوێنانەی هەتاونەیدەگرت،بەفر بوو کە وەکو تاشە بەرد بەستبووی.زۆرجار ڕچە ڕێکان بە سەر ئەو بەفرەدا دەڕۆیشت،دەبوا شوێن پێکانمان بە نوکە شەق چاڵ بکردایەو ئینجا هەنگاومان بنایە.

لەم ڕێگایەدا هەموومان پەکمان کەوتبوو کەس ووزەی ڕێکردنی نەمابوو، هەر بیست خولەکێک لە ڕێکردن نیو سعات دەوەستاین و پشوومان دەدا.سعات هەشتی ئێوارە گەیشتینە کۆتایی شاخێک کە لەوە دەچوو قولەی قاف بووبێت، وتیان ئێتر شاخ لە بەردەمماندا نەماوە،بەردەممان دۆڵێکی قووڵ و ناکۆتا دیار بوو،وتیان کۆتایی ئەم دۆڵە سەر جادەکەیە.ماوەیک بە سەر شاخەکەوە دانیشتین و حەواینەوە،نانمان دەخواردو جگەرەمان دەکێشاو ئازارمان دەچەشت.

تاریکی کردبوو،له بەرزاییەکەوە نشێو بووینەوە،ئینجا دەبوایە دۆڵی قافمان بگرتایە.هەڵبەتە کە شەو داهات کەش و هەوا تەواو ساردیکرد.دەتوانم بڵێم کەسمان هیچ چلەی زستانێک بە قەد ئەو شەوەو ئەو چلەی هاوینە سەرمامان نەبوووبیت!کزەبایکی سارد وەکو جەقۆ هەناومانی دەبڕی.

من ئەو شەوەی کە لە ماڵە ئێرانییەکە لاماندا ، پارچە پەڕۆێک کە وەکوچارۆکە وابوو،بە بێئاگەداری خاوەن ماڵەکە لە گەڵ خۆمدا هێنام،واتە"دزیم".لە بەر ئەوەی جلی زیادەم پێنەبوو وتم لەوانەیە بەکەڵکم بێت. لە سەرماندا وەکو"سوپەرمان" ئەو چارۆکەیەم کردبووە کۆڵم،بەڵام سوپەرمانێکی بێهێزو زووق.لەو سوپەرمانە نەدەچووم کە بە ئاسماندا دەفڕێ و پیاسە لە سەرووی هەورەکانەوە دەکات،بەڵکو لەوجۆرەیان بووم کە بە زەویشدا توانای ڕێکردنی نەبوو.شەو بوو..قووڵی دۆڵەکەش هێندەیتر دنیای کردبووە شەوەزەنگ،وەکو بە نێو تونێلدا بڕۆین وابوو.سەرتاخواری دۆڵەکەش ئاوی پێدا دەڕۆیشت،ئاوێک کە لە شەختەبەندەوە سەرچاوەی دەگرت.کەسێک نەمابوو چەندین جار نەکەوتبێت و جلەکانی تەڕوقوڕاوی نەبووبێت.هەر ڕێمان دەکردو ئەو دۆڵە نەفرەتییە کۆتایی نەدەهات،هەموو کەسێک پرتەو بۆڵەی دەهات.من پێم وابوو ئەو سەری ئەو دۆلە لەو سەری دونیاوە دەردەچێت..یان ئەو سەری هەر نییە..مرۆڤ لە کۆتایی هەر هیلاکی و شەکەتییەکدا پێویستی بە بڕێک حەوانەوە دەبێت تاکو ووزەی نوێ بەرهەم بهێنێت،کەچی ئێمە لە کۆتایی ئەو هەموو ماندوێتی و کوێرایەتییەدا کە بە قولەکانی قافدا هەڵزنابووین،دەبوا دۆڵی قافیشمان بگرتایە..بە ڕاستی هەموو چرکەێکی ئەو کاتانە وەکو ترژیدیایێک بە ڕێوە دەچوو،هەموو کەسێک ئازار لەڕۆح و جەستەی دەچۆڕا.سعات چواری بەیانی گەیشتینە کۆتایی دۆڵەکە،کەس خۆی بەپێوە نەدەگرت،هەر چەند کەس و لە شوێنێکدا هەڵدەکورمان و خەویان لێدەکەوت.دوای دوو سعات لۆرییەکیان هێناو وتیان سەرکەون،دوای ئەوەی سعاتێک ڕێمانکردبوو سەیارەکەمان پەکی کەوت،بە ناچاری دامانیان بەزاندو وتیان دەبێت ئەمڕۆیش لە شاخ بمێننەوە،چونکە تاکو سەیارەیکیتر دێت بە شوێنماندا ڕۆژ دەبێتەوەو ئەوەش ناکرێت.ئەوە بوو ئەو شەوەشمان لە شاخ بە سەر برد.

ئێوارە دوو سعاتیتر بە پێ ڕێمانکرد تاکو گەیشتینە ئەو شوێنە دیارییکراوەی کە سەیارەکەی بۆ دەهات،لەوێش تاکو سعات دوانزەی شەو چاوەڕێمانکرد ئینجا سەیارەکە هات.هەمووەمان بە پەلە سەرکەوتین و بەرەو"وان" بە ڕێکەوتین.دوای ئەوەی بردمانیانە ماڵێکەوەو سەرژمێری نەفەرەکان کرا،دەبینین دوو نەفەرمان دیار نین. هەمووەمان پێمان وابوو لەو شوێنەی چاوەڕوانی سەیارەکەمان دەکرد خەویان لێکەوتووەو بەجێماون.ئەوە بوو قاچاخچییەکان چوون بە دوایانداو هێنایانەوە،ئەوان دواتربە ئاگا هاتبوون و هاتبوونە سەر جادەکە
.

دوای ئەوەی چوار ڕۆژ لە" وان"ماینەوە شەوی چوارەم سعات دوانزەی شەو،لۆرییەکی گەورەیان هێناو زیاتر لە حەفتا نەفەریان تێئاخنی و بەرەو ئەستانبول بە ڕێمانیانکرد،هەمووەمان لە سەر دەست و قاچی یەکتر دانیشتبووین .

پاش دوو سعات لە سەر ئاوێک-زێیەک دامانیان بەزاند،وتیان دەبێت چەند سعات بە سواری یەخت و بە ئاودا بڕۆین.یەخت و کەشتی لە بیرەوەریی کۆچبەراندا شتێکی سامناک و پڕترس و نیگەرانییە،بیرەوەریی ئەوانەی لە لە کەشتییەکاندا نوقمبوون و خنکاون و ببوونە خۆراکی ماسی و نەهەنگەکان،لەمێشکو بیرەوەریی هەر کۆچبەرێکدا،کاتێک چاویان بە یەخت و دەریاو کەشتیی دەکەوێت ،دەبێتە سێبەرو تارمایی مەرگ.بۆیە کاتێک کۆچبەران چاویان بە یەخت و دەریا کەوت پڕ بوون لە ترس..!ترسێک ڕەنگی ژیانی بە ڕۆخسارەکانەوە دەماڵی.هەموویان ڕوویان لە ئاسمان دەکردو نزایان دەکردو مەولودویان قەرار دەدا تاکو خودا ڕزگاریان بکات! لەوێدا ئەو وتەیەم بیر دەهاتەوە کە ئەڵێت: خوداکان ترس خولقاندوونی.

ئەوانەی کە زۆر دەترسان دەچوونە ناو ژووری یەختەکەوە تاکو چاویان بە ئاوەکە نەکەوێت.دەریا چەند جوان و دڵرفێن و سیحراوییە،هێندەش دڵرەقووشێتە کاتێک فێدەیگرێ و کەف دەچڕێ و داروبەردان بە یەکدا دەداو هەپروون بەهەپروونی دەکات...

نزیکەی دوو سعات بە ئاوەکەدا ڕۆیشتین،وتیان ڕۆژمان لێدەبێتەوەو ناگەینە شوێنی مەبەست،لە بەر ئەوە لایانداوە کەنارو دامانیان بەزاندو یەختەکان ڕۆیشتن،وتیان سبەی ئێوارە دێینەوە بۆ لاتان.بە کەناری زێکەوە دۆڵ و قامیشەلانێک هەبوو وەکو ڕەوە بەراز رووماں تێکرد.لە ڕاستیدا وەکو ڕەوە بەراز دەژیاین،چوونکە هەمیشە بە شەو دەردەچووین و بە ڕۆژیش دەبوایە خۆمان حەشاربدایە،مەگەر شوێنێک هەر زۆر چۆڵەوانی بوایە بە ڕۆژ ڕێمان بکردایە،بەرازیش وایە ئەگەر لە ئاوەدانییەوە نزیک بێت قەت بە ڕۆژ دەرناچێت.

سبەی ئێوارە کاتێک دنیا تاریک داهاتبوو یەختەکان گەڕانەوەو سەرکەوتین.سعاتێکیتر بە ئاوەکەدا ڕۆیشتین پاشان لاماندا‌وە کەنارو دابەزین،لەوێ بە کەنار جادەکەوە لۆرییەک چاوەڕوانمانیدەکرد،بە پەلەو بە ڕاکردن بەرەو لۆرییەکە ڕۆیشتین و سەرکەوتین.هێشتا بە تەواوی سەرنەکەوتبووین دەیان شەڕی سەیروسەمەرە کرا،هەر کەسێک لە بەر ئەوەی شوێنەکەی تەنگ بوو،ئەوەی تەنیشتی خۆی تاوانبار دەکرد کە گوایە ئەو تەنگی پێهەڵچنیوە.

لە تەنگی و دژواری شوێنەکەمان هەستمان بە خنکان و هەناسەسواری دەکرد.سەرباری ئەو جێگە تەنگییە کارەساتەکە لەوەدا بوو لۆرییەکە زۆربەی کاتەکان بە جادەی خۆڵدا دەڕۆیشت،هێندە هەڵبەزودابەزی دەکرد هەموو جەستەمان گرژ ببوو.هەروەها سەرەڕای ئەوەش ناو لۆرییەکە لە ڕۆژدا زۆر گەرم بوو،گەرمییەک وەکو تەنووری تێدابێت.چوونکە نەفەرەکان زۆر بوون و هەم نایلۆنێکی گەورە کە سەرتاسەری لۆرییەکە دەبوو،هەمیشە دەماندا بە سەرمانا بۆ ئەوەی کەس نەمانبینێت، لە گەرماندا ڕۆخسارمان ڕەش داگەڕابوو، گەرماو تینوێتی سووتاندبوومانی!چوونکە زۆرجار ئاومان لێدەبڕاو پەرێشان دەبووین،کاتێک سەیری ڕۆخسارەکانم دەکرد،سەیرم دەهات کە بەو جۆرە ناشیرین ببووین! ئەو ناشیرینی و ئاڵ و گۆڕە کە لە سیماماندا ڕوویدابوو هەرگیز وەسف ناکرێت،هیچ کەسێک لەوەی پێشووتری خۆی نەدەچوو! ئازارو شەکەتیی و ستەمێک کە دەمانچەشت،لە ڕۆخسارماندا ڕەنگێکی تاڵ تاڵی دەدایەوە.لەو جۆرە ئێش و ئازارانە نەبوو مرۆڤ بتوانێت بیشارێتەوە،بەڵکو ببووینە ئێش و ئازارێکی بەرجەستەو دیار،سێ شەوو ڕۆژ بە ڕێگاوە بووین تاکو گەیشتینە ئەستانبوڵ،سێ شەوو سێ ڕۆژ تاکو ئەو پەڕی ناشیرینی ئێمە تێیدا ناسیرین بووین.

لە ئەستەنبوڵ لە شوێنێکدا دابەزین چەند سەیارەیان بۆمان ئامادە کردبوو بۆشوقە بمانگوێزنەوە،ئەو جۆرە سەیارانە کە پێیان دەگوت دۆڵمش داخراو بوون.هەر یەکێک لەو سەیارانە پانزە تا بیست کەسیان تێئاخنیبوو.

تەنانەت جێی نووکە پێمانیش نەدەبووەوە،هەموومان بە سەر یەکداکەوتبووین،هیچ هەوای بۆ نەدەهات هەموومان هەستمان دەکرد هەر ئێستا یان کەمێکیتر دەخنکێین یان دەبوورێینەوە،لە گەرمی جەستەوهەناسەماندا هەموو جامی سەیارەکە ئاوی پێدا دەهاتەخوارەوەو هەموو جلەکانمان تەڕوعارەقاوی ببوو.یەکێک لە نەفەرەکان دەستی بە گریانکرد!دەیوت من ئیتر دەمرم!هەرچەندە لە سەیارەکەمان دەداو بەشۆفێرەکەمان دەوت دەرگایێک یان پەنجەرەیێک بکاتەوە بێسود بوو،نەفەرێک بە تورکی هەزار جوێنی بە شۆفێرەکەدا،بەڵام ئەو بۆ یەکجاریش وەڵامی نەدایەوە،دیار بوو ئەو ئاشنای ئەو جۆرە تراژیدیایە بوو.نێوان ئێمەوشۆفێرەکە بە تەختە ئاسنێک گیرابوو،ئێمە نەماندەتوانی دەستمان پێی بگاو ڕایوەستێنین،بەڵکو تەنها کونێکی بچووکی تێدا بوو ئەویش تەنهابە کەڵکی جوێندان دەهات نەک شتێکیتر .

هەر چۆنێک بوو بە نیوە مردوویی گەیشتینە شوقە! هەڵبەتە بۆ زۆر کەس ئەوانەی کەس و کاریان سەفەریان کردووە،ناوو باسی شوقەیان بیستووە،دیارە ئەو شوقانەی کۆچبەران بۆ ماوەیەک تێیدا دەمێننەوە،هەڵبەتە شوقەکانی تورکیاو هەروەها یونانیش.ئەو شوقانە کەمجار ڕێک دەکەوێت کەمێک پاکبن و کارەباو ئاوی خاوێنی تێدا بێت،بەڵکو زۆربەیان لە گەورو زبڵئاوا دەچوون.شوقەکەی ئێمە ئەوەی دووەمیان بوو،ژێرزەمینێک بوو هەتابڵێیت پیس و بۆگەناوی بوو ،هەروەها لە ناو دۆڵمش و لۆرییەکە گەرمتر بوو .

ئەم شوقانە لە فەزایێکی زۆر نامرۆییدا بەرجەستەیە،مرۆڤەکانی لەپەیوەندییەکی زۆر ناتەندروست و نائاساییدا دەژین،هەمیشە جوێن وقسەی ناشیرین و شەڕ لە ئارادایە،بە تایبەت قاچاخچییەکان دەتوانم بڵێم خاوەنی هیچ ئاکارێکی جوان و مرۆیی نین و لە بەرامبەر کۆچبەراندا پیسترین وناشیرینترین شێواز بە کاردێنن.هەر لە قسەی ناشیرین و سوکایەتی و تاکودەگاتە لێدان و دارکاریکردن.لەم شوقەیەدا نەفەرێک هەوڵی ڕاکردنیدابەڵام سەرکەوتو نەبوو گرتیان و زۆر دڕندانە دارکارییان کرد .

هەروەها ئەم شوقانەی کە کۆچبەری نایاسایی تێدایە،لە زانیاری و چاوی پۆلیس بە دوور نیین،بەڵکو پۆلیس زۆر بەباشی دەزانێت کۆچبەری نایاسایی تێدایەو پەیوەندیان لە گەڵ قاچاخچییەکاندا هەیەو پارەیان لەقاچاخچییەکان وەردەگرت.من جارێک ئاگام لێبوو یەکێک لە قاچاخچییەکانی ئەوێ کە کوردی عێراق بوو لە تورکیا دەژیا،هاتە لای قاچاخچییەکەی ئێمەوپێیوت سەد دۆلارم لێت دەوێت،چوونکە پۆلیسەکان لە بەر دەرگان و چاوەڕێدەکەن،قاچاخچییەکەی ئێمە ویستی خۆی لەو داوایە لابداو پارە نەدات،بەڵام ئەو پێیوت ئەگەر نایدەیت هەمووتان بە گرتن دەدەم! ئیترئەویش ناچار بوو پارەکەی دایە.

پێنج ڕۆژ لەو گەورەدا بووم هەستم وابوو ساڵانێکە لە زیندانێکی ڕەشدام،هەمیشە لە بێتاقەتی و غەمگینییەکی کووشندەدا دەژیام.هەندێک جار بیرم لە گەڕانەوە دەکردەوە..بەڵام نەدەزانی بۆ ناتوانم ئەو بڕیارە بدەم؟!

سعات یازدەی پێنجەمین شەو دۆڵمشەکەیان هێناو وتیان دەچینە سەر دەریاو بەرەو یونان بە ڕێدەکەوین.کەس حەزی لەو سەیارەیە نەدەکرد،چوونکە دەمانزانی تێیدا تووشی چ هەناسە سوارییەک دەبین. هەمیشە لە بارێکی خراپەوە بە بارێکی خراپتردا تێدەپەڕین،ئەمجارە بیست و هەشت کەسیان تێئاخنی! لە گەرمی و تەنگی شوێنەکانماندا نەماندەزانی چ بکەین، بە فەلاکەتی و دەردەسەرییەکی زۆر گەیشتینە سەر دەریا.

یەختێکی بچووک و ماندو..دەریایەکی شێت و بێسنوورو قەدەرێکی تاڵ ونادیار.کەس هیچی لە بارەوە نەدەزانی..هەموو پڕبوون لە ترس..ترس...!ئەی زەریا ئارامبە..سەوڵی چنگی ووردیلەی ئەم نەوڕەسانە مەشکێنە کە بێباڵن،ئەی دەریا..پیرە کەشتیی ئەم مەسافیرانە وێران مەکە کە نازانن بۆ کوێ دەڕۆن! ئارامبە با هەست بە خۆشی و جوانییەکانت بکەین.شێت مەبە ئەی دەریا با ڕقمان لێت نەبێتەوە...!

مرۆڤ لەم جۆرە یەختانەدا هەست بە جوانی و سیحری دەریا ناکات،بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە ترس و مەرگێکی بێئامان دەکات لە بەرامبەر خۆیدا .لەنێو کەشتییەکدا کە بە کەمترین شێتی و فیگرتنەکانی دەریا لەبەر یەک هەڵوەشێت و نوقم بێت،تێیدا ناحەزی و ترس و سامەکانی دەریا زەق و بەرجەستە دەبێتەوە نەک جوانی و فەنتازییەکانی..پێکەنین و ئارامی لە سیمای کەسدا هەست پێنەدەکرا،وەک چۆن بەرەو ڕووی مەرگێکی نادیار بڕۆن ڕۆخسارەکان پرخەم و چاوەکان ئەبڵەق بوون.ئەم یەختانە چوونکە یاساخن هەمیشە بەشوێنە دوورە دەستەکاندا دەڕۆن، بە درێژایی ڕۆژ چەند جارێک کەشتیترمان دەبینی کە ئەویش چەندین کیلۆ مەتر لە ئێمەوە

دوور بوون،ئەوەش هۆکارێکە کاتێک ئەم یەختانە نوقم دەبن کەس بە فریادیان ناکەوێت و هەموو سەر نشینەکانی دەخنکێن، هەروەها ئەوەش دەبێتە مایەی ترس و نیگەرانییەکی زۆرتر کە هەست بکەیت لە هەر لێقەومانێکدا ڕووبەڕوی مەرگ دەبیتەوە.شتێکیتر کە دەبێتە مایەی ترس و تۆقین ئەوەیە کە ئەم یەختانە کەمجار یەختێکی ئاسایی و باشن و مرۆڤ تێیدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات،هەروەها هەمیشە لە حەدی خۆی زیاتری تێدەکەن و قورس دەبێت،کۆچبەرانیش هەموو ئەوانە دەزانن بۆیە ترسی نوقم بوون و مەرگ لێیان نابێتەوە.

دەریا بە بای توند شێت دەبێ و فێدەیگرێت،وەک ئەوە وایە هێزێکی گەورە لەژێرەوە پاڵی پێوە بنێ و بیهەژێنێت.هەر کاتێک بایەکە بە هێز دەبوو یەختەکە وەکو چیلکەو چەواڵی سەر لافاو بەرزو نزمی دەکردو پێمان وابوو هەرئێستا سەروبن دەبێت.دوایی یەکێک لەو برادەرانە وتی یەختەکەی ئێمە وەکو قاوغە شخاتە وابوو بە سەر ئاوەکەوە.ئەو کاتانەی شەپۆلەکان یاری بە یەختەکە دەکرد،هەستم دەکرد هەر یەکێک لە بیرو ئەندێشەی خۆیدا چاوەڕوانی شتێکی دەکرد،هەندێ کەس لە شوێنەکەی خۆی ڕاست دەبووەوە وای دەزانی یەختەکە وەردەگەڕێت.

من زۆربەی کات لە دواوەی یەختەکەوە دادەنیشتم سەیری دەریاکەم دەکرد،بیرم دەکردەوەو دەموت ئەم دنیایە لە ئاو چییە! دەریا بەو هەموو جوانی و فانتازییەوە خەریکبوو ڕقم لێی دەبووەوە! وەکو دەعبایەک دەمبنی کەبە فوویەک خۆم و کەشتیم نغرۆو پارچە پارچە دەکات.هەندێک جار ماسی وەها گەورەم دەبینی کە لە ئاوەکەوە لوتیان دەردەهێناو هەوایان دەمژی ونمایشی قودرەتی خۆیانیان دەکرد،کە ئەوان دەتوانن لە دەریادا مرۆڤیش بخۆن! من هەمیشە حەزم لە ماسی و ڕاوە ماسی بووە،هەر کاتێک ماسییەکی گەورەم لە هەر ئاوێکدا بینیبێت هۆشم لای خۆم نەدەما تاکو نەمگرتایە! بەڵام ئەم جارە ئەو حەزەم نەبوو حەزم لە دیتن و سەیر کردنیان نەبوو،چوونکە هەستم دەکرد ئەگەر دەریا کەمێکیتر باری شێتی و تووڕەییەکەی زیاد بکات،ئەمجارە من دەبمە نێچیری ئەوان.

دەریای ڕەش هەر بە ڕاستی دڵ ڕەش و شەوەزەنگ بوو..یان لە بیرو ئەندێشەی مندا ڕەش و ناشیرین بوو ! جوانییەکانی دەریاو سرووشت ئەو کاتانە جوانن کە مرۆڤ لە بەرامبەریانداهەست بە مەترسی نەکات،بەڵام کاتێک دیاردەیکی جوان دەبێتە مەترسیی وتارمایی مەرگ،ئیتر هیچ مانایەکی جوانی تێدا نامێنێت.

بەو جۆرە لێوان لێو لە ترس و نائارامیی،سەوڵی ژیانمان لێدەداو لەچاوەڕوانی کەناردا بووین،کەنار ئومێدێکی دوورە دەست و کز بوو، نەماندەزانی کەنگێ پێی دەگەین..کەس یەقین نبوو باڵەکانی بەرگەی ئەو فڕینە بێمەودایە بگرێت..کەس یەقین نەبوو!...

ئەم کەشتیە بە کەنار ناگات..نا
ئەم سەوڵە بەرگەی ئەم تەقەلایە ناگرێت..نا
کەنگێ زەمین بوو بە زەریاو
زەریا کەنگێ هێندە ڕەزا تاڵ بوو!
ئەوێ ڕۆژێ باوەڕێک بە کەنار نەبوو.. نا
کەس زەریای خۆشنەدەویست ..کەس
ئەوێ ڕۆژێ هەر وەک دواساتەکانی ژیان بێت
مرۆڤێک گۆرانی نەدەچڕی

وەک شعوری پێکەنین بەستەڵۆک بێت
ئەوێ ڕۆژێ کەسێک قاقای لێنەددا
زەریا هەموو شتێکی بردبوو
زەریا هەموو شتێکی پۆشیبوو
چ تاڵ بوو قەدەری ئەم سەفەرە هاوسەفەران
چ غەمگین بوو ئەم سەفەرە..هاوسەفەران
ئەوێ ڕۆژێ نەمانزانی پێبکەنین
یان حەقیقەت ئاواهی بوو..
شەوارە بووین..
یان ئەو دەمەی قەدەر بێڕەحم بوو!..

سێ ڕۆژ بە ڕێگاوە بووین تاکو گەیشتینە کەنارەکانی یونان،لە بەر ئەوەی یەختەکەمان کۆن بوو خێرا نەدەڕۆیشت،ئەگینا نێوان تورکیاو یونان هێندە دوور نییە.

## - بەشی سێیەم -

ناو یەختەکە زۆر گەرم بوو گەرما سووتاندبوومانی،هەروەها بە پێی پێویست ئاویشمان پێنەبوو،هەموو چەند دەبەی بیست لەتری ئاومان پێبوو،نەماندەتوانی بە ئارەزووی خۆمان و چۆنمان بوێ ئاو بخۆین، چوونکە دەترساین ئاوەکەمان زوو تەواو بێ و لە تینواندا بخنکێین،بۆیە هەر کەسێک دەبوایە هێندە ئاوی بخواردایە کە دیاریمان کردبوو. ئەگەر وامان نەکردایە بێگومان یەکەم ڕۆژ ئاوەکەمان تەواو دەبوو، بەو حاڵەشەوە دواهەمین ڕۆژ ئاومان لێبڕا.

سەعات یازدەی دواهەمین شەو گەیشتینە کەنارەکانی یونان،نزیک ئەو شوێنەی کە دەبوایە لە یەختەکە دابەزینایەو بە سەیارە بەرەو یونان بە ڕێکەوتینایە.یەختەکەمان لایدابووە کەنارو ماوەیێک وەستا،پاشان بە ڕێکەوتەوە هەر هێندەی کەوتە ڕێ و بیست مەترێک ڕۆیشت،دەنگێکی گەورە لە یەختەکەوە هەستاو هەموومان گوێ بیستی بووین.

دووبارە یەختەکەیان ڕاگرت و کەشتیوانەکان کە دوو کەس بوون وتیان بێدەنگبن و ئێمە سەیری یەختەکە دەکەین تاکو بزانین ئەو دەنگە چی بوو؟

ماوەیەکی زۆر خەریکی یەختەکە بوون،وتمان چی ڕوویداوە؟وتیان یەختەکە بەر بەرد کەوتووەو ناتوانین ڕێبکەین! دواتر هەوڵێکی زۆریاندا چاکی بکەنەوە بەڵام بێسود بوو،چەند سعاتیتر تێپەری هەر خەریکی بوون بۆیان چاک نەکرا.لە دوورەوە زۆر جار لایتی یەختێکمان دەبینی کە بە هەموو لایەکدا لایتی لێدەداو وەک بۆ شتێک بگەڕێت

وابوو،ئێمە وابیرمان دەکردەوە ئەوە یەختی پۆلیسەو بۆ ئێمە دەگەڕێن،هەموو کەنارەکانی ئەو دەوروبەرە ئاوایی و ماڵی یونانی بوون،ئێمە پێمان وابوو ئەو ماڵانە بە ئێمەیان زانیوەو پێیان وابووە شتێک ڕوویداوەو پۆلیسیان ئاگەدار کردۆتەوە.

ئەگینا بەو شەوە پۆلیس چووزانێت یەختێک لەوێدایەو پەکی کەوتووەو کۆچەری تێدایە.

یەختەکە هێدی هێدی لێمان نزیک دەبووەوە..لە دووری دووسەد مەترەوە ئێمەیان بەدیکردو هەڵیان کوتایە سەرمان،کە گەیشتنە لامان ڕیزێک تەقەیان بە سەرماندا کرد،دوای هەزاران کیلۆمەترلە ترسی تەقەو کوشتن و کابوسەکانی،گوێبیستی تەقەی ترس و کوشتن و زۆرداری بووم.

چی کارەساتێکە لە زیندان هەڵبێیت و زیندانیت بکەنەوە..لە ترسی تەقە هەڵبێیت و بە تەقە دوات بکەون و بتگرنەوە..مرۆڤ دەبێت چی بکات چۆن کۆتایی بە تەقەکان بهێنین؟

هەمووماں چووبووینە ناو ژووری یەختەکەوەو دەرگاکەمان لە خۆمان داخستبوو،تەنها کەشتیوانەکان لە دەرەوە مابوون و لە گەڵ پۆلیسەکان قسەیان دەکرد،ئێمە گوێمان لێیان بوو قسەیان دەکرد بەڵام نەماندەزانی چی ئەڵێن.دیاربوو کەشتیوانەکان دەیانوت شتی قاچاخمان پێنییەو یەختەکەمان شکاوە،پۆلیسەکانیش باوەڕیان نەدەکردو بە دەنگی بەرز دەیان نەڕاند.پۆلیسەکان لە یەختەکەی خۆیان دانەبەزیبوون، بەڵکو چەند مەترێک لە دوای یەختەکەی ئێمەوە وەستابوون و لایتەکانیان ئاراستەی ئێمە کردبوو.نیوەی هەموو سەرەوەی ژووری یەختەکە چادر بوو هەروەها چەند پەنجەرەشی تێدا بوو،لە بەر ئەوە تیشکی لایتەکە لە سەرمان بوو ناو یەختەکە تەواو ڕووناک بوو،هەمووماں ساردو خامۆش خۆمان ماتدابوو بیرمان لە قەدەری خۆمان دەکردەوە.

لە بەر ئەوەی پۆلیسەکان باوەڕیان نەدەکرد کە یەختەکە هیچی تێدا نییە،دەرگای یەختەکەیان بە کەشتیوانەکان کردەوە.ئیتر ڕووی حەقیقەتێکی تاڵ دەرکەوت.هەمووماں ساردو سڕ دانیشتبووین و خۆمان گرمۆڵە کردبوو تەنها زیتەی چاومان دەهات،بە چاوماندا دیار بوو هێشتا دەژین.ڕۆخسارمان لە ماندوێتی و گەرمی و ستەمدا ڕەش داگەڕابوو،ناو یەختەکە هێندە گەرم بوو وەکو چەند تەنووری تێدا بێت وابوو.

پۆلیسەکان چەند پرسیاریان کرد کە خەڵکی کوێن و بە کوێدا هاتوون.دوایی بە گوریس یەختەکەیان بەستە یەختەکەی خۆیانەوەو کێشمانیان کردو بردمانیان،بۆ کوێ نازانین و هیچیان پێمان نەوت.

ئێمە ئیتر نێچیر بووین و ترسی پۆلیسمان نەمابوو،بۆیە هەمووماں هاتبووینە سەر پشتی یەختەکەو دانیشتبووین.

مرۆڤ کاتێک بەرەو مەبەست و ئامانجێک دەڕوات،سەرەتا ترس و نیگەرانی زۆری لە ڕێکەوت و پێشهاتە ناخۆشەکان بۆ دروست دەبێت و پێی وایە بەرگەی ئاکامی شکستەکان ناگرێت.بەڵام کاتێک دەرگیردەبێ و شکست دێنێت،ئەو هەستەی پێشووی کاریگەری خۆی لە دەست دەداو بەڵکو لە باری دەروونییەوە ئاسایی و بە ئیرادە دەبێت.مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووەو هەمیشە قابیلی گۆڕان و زیندووکردنەوەی خودی خۆیەتی لە بارێکەوە بۆ بارێکیتر،هەر ئەوەشە مرۆڤی بەرزو لە سەرپێ ڕاگرتووەو بە شکستەکان نابەزێت،بەردەوام تەحەدا دەکاو نایەوێت بەزینی خۆی بسەلمێنێت،بەزین خۆ بە دەستەوەدانە بە مەرگ و غەریزەی مرۆڤیش ژیان کردنە..گەوهەرو مانەوەی ژیانیش لەو کێشمەکێشەدایە.

یەختەکان هێدی هێدی دەریایان دەبڕی و دەڕۆیشتن..پۆلیس نێچیری خۆیان کرتبوو..منیش بیرم لە دادی ڕاوچی دەکردەوە!

خەریک بوو ڕۆژ دەبووەوە لە شوێنێک دووسەد مەتر دوور لە کەناری دەریاکەوە ڕامانیان گرت،وتیان دەبێت جارێ چاوەڕێبن تاکو تەلەفۆن دەکەین و چارەنوستان دیاری دەکرێت.سعات گەیشتە دوانزەی نیوەڕۆ هەر لە یەختەکەدا بووین و نەمانیانبردە ووشکایی.ئاومان پێنەمابوو تینوێتی هەموومانی پەرێشان کردبوو،خۆری سەردەریا گەرم و سوتێنەر بوو،پێش ئەوەی پۆلیس بمانگرن ئاومان پێنەمابوو.بە پۆلیسەکانمان وت خەریکە لە تینواندا دەخنکێین بەڵکو ئاومان بۆ بێنن،بەڵام ئەوان گاڵتەیان پێمان دەکردو دەستیان بۆ پێشەوەی خۆیان دەبردو دەیانگوت وەرن ئاو بخۆن!زۆر نامرۆیانە هەڵسوکەوتیان دەکردو بە ئەنقەست ئازارمانیان دەدا.

چەند جاریتر داوای ئاومانکرد هەر دەیانوت دوایی و دواییش نەیاندەهێناو درۆیان دەکرد.دواجار یەکێک لەو برادەرانە بە درۆ خۆی بووراندەوە کۆمەڵێکیش لە دەوری کۆبوونەوەو کردیان بە هەرا تاکو پۆلیسەکان بترسێنن و ئاومان بۆ بێنن.

بە پۆلیسەکانیان وت یەکێک لە تینوانادا خەریکە دەمرێت،یەکێک لە کەشتیوانەکان قومێک ئاوی پێمابوو هێنایی و کردیە دەمی ئەو برادەرەوە،ئیتر پۆلیسەکانیش باوەڕیان کرد کە یەکێک خەریکە دەمرێت،بۆیە بە پەلە بەلەمێکی بچووکیان لە یەختەکەیان داگرت و ڕۆیشتن ئاو بێنن.دوای نیو سعات هاتنەوەو سێ چوار دەستەی دەبەی ئاویان هێنابوو،بەڵام یەکسەر ئاوەکەیان پێمان نەدا بەڵکو بە قەستی پازدە بیست دەقە دوایانخست و دوایی لە خوارەوە هەڵیاندایە سەرەوەو ئێمەش لە نێو خۆماندا دابەشمانکرد.

سعات دووی دوای نیوەڕۆ بردمانیانە کەنارو دامانیانبەزاند.لە پێشدا هەردوو کەشتیوانەکەیان بانگکرد،ناشیرین و پۆلیسانە بە دەما خستیانیانە سەر زەوییەکەو لە پشتەوە کەلەپچەیان خستە دەستیان و بردنیانن.پێش ئەوی ئێمەش لە یەختەکە دابەزین و بچینە بەردەم پۆلیسەکان بۆ پشکنین،زۆرێک لە کۆچبەران دەیانوت هەر کاتێک دابەزین لە پێش چاوی پۆلیسەکان "خاک"ە کەیان ماچ بکەن ،بەڵکو دڵیان نەرمبێت و دیپۆرتمان نەکەنەوە! ئەو هەڵوێستە بە لای منەوە هەوڵ و تەقەلایەکی ناشیرین و داماوانە بوو..پاڕانەوەو کڕنووش بردنێکی تاڵ بوو لە بەرامبەر جەلاددا تاکو ڕەحمت پێبکات.بە داخەوە زۆریان چەمانەوەو زەوییەکەیان ماچ کرد! ئەو نمایشە دڵ و دەرونی دادەڕزاندو هەلاهەلای دەکرد.من بە ڕۆخسارو دیوی ناوەوەمدا زۆر بە تووڕەیی و گرژی و مۆنییەوە وەستابووم...!

بەو ڕەفتارانە شەرم دایدەگرتم و نەفرەتم لە هەموو ئەو سیستەم و ئایدیانە دەکرد،کە مرۆڤ فێرو ناچار بە ملکەچی و پاڕانەوەو کڕنوشبردن دەکات.کڕنوشبردن دابەزینی تەواوی بەهای مرۆڤە لە بەرامبەر بە پیرۆزکردن و بە بت و خوا کردنی مرۆڤێکیتر،مرۆڤ دەبێت شەرم بکات لەوەی کڕنوش بباو لەوەی کڕنوشی بۆ ببەن.

دوای پشکنین هەموومانیان خستە ناو سەیارەیکی داخراوەوە بردمانیان،پاش بیست دەقە لە شوێنێکدا دامانیان بەزاند.لەوێ کە دابەزین بینیمان زیاتر لە بیست کەسیتر گیرابوون و پۆلیس بە دیاریانەوە وەستابوون، ئەوانیش کورد بوون و هەر ئەو شەوە گیرابوون.

هەر لەوێدا ناومانیان نووسی و پاشان هەندێک خواردنیان بۆمان هێناوخواردمان،چەند ڕۆژ بوو نانێکی باشمان نەخواردبوو،لە ناو یەختەکەدا لە گەرماو ماندوێتی و تینوێتیدا هیچمان پێنەدەخورا.

پۆلیس وتی خێمەتان بۆ دێنین و لێرە لە ژێر ئەم دارانەدا هەڵیدەدەین،هەروەها وتیان دەبێت سێ مانگ لێرە بمێننەوەو پاشان دەتانگوێزینەوە.

پاشان خێمەکانیان هێناو لە ژێر دارەکاندا هەڵماندا.دواتر چەند وەجبەی کۆچبەریتر گیران و هێنایانن بۆ لای ئێمە،ئیتر ئەوێ وەکو کامپێکی لێهات یاخود بڵێم وەکو زیندانێک لە ژێر ناوی کامپدا.

پانتایی ئەو شوێنەی تێیدا بووین سەد مەتری چوار گۆشە دەبوو،دوای چەندرۆژ هەر چوار لایان تەلبەند کرد،سەرکەوتن بەسەر تەلبەندەکەدا ئاسان بوو بەڵام بۆمان نەبوو بچینە ئەو دیوی تەلبەندەکە.

چەند ڕۆژی سەرەتا هەڵسوکەوتی پۆلیسەکان زۆر خراپ بوو لە گەڵماندا،زۆرسوکایەتی و قسەی ناشیرینیان پێمان دەکرد.لە بەر ئەوە بڕیارماندا مان لە خواردن بگرین تاکو هەڵس وکەوتیان دەگۆڕن،ئەوە بوو کاتێک خواردنیان هێنا کەس لە خێمەکان نەهاتە دەرەوە بۆ وەرگرتنی خواردنەکانیان،پۆلیس سەریان سڕما،بڕێک بانگیان کرد نە کەس وەڵامی دانەوەو نە کەسێک لە خێمەکان چووە دەرەوە،دەهاتنە بەردەم خێمەکان و دەیانوت وەرن خواردنەکانتان وەربگرن..کەس قسەی نەدەکرد،هەندێک خۆیان گێڤ کردەوە هەر سوودی نەبوو.دوایی وتیان بۆچی نایەن خوردنەکانتان وەربگرن؟پێمان وتن ئەگەر بەو شێوە نامرۆییە رەفتاردەکەن ئەوا نان ناخۆین و مان دەگرین،ئەوەبوو بەڵێنیاندا کە باشبن!دواترکەمێک ڕەفتاریان گۆڕی.دوو ڕۆژی سەرەتا زۆر بە توندی چاودێریمانیان دەکرد،هەمیشە چاویان بەدوامانەوە بوو نەکا ڕابکەین،سێیەم ڕۆژی سەرەتا هێشتا تەلبەندەکە نەکرابوو،سعات نۆو دەی شەو بە زۆر دەمانیانکردە ناو خێمەکانەوەو دەیانوت بخەون!لە ناو خێمەکاندا قسەمان دەکرد بە شەق لە خێمەکانیان دەداو تا بێدەنگبین.کە دەچووین بۆ سەر ئاو دوو پۆلیس لە گەڵماندا دەهاتن و بە دیارمانەوە دەوەستان ،هەندێجار کاتیان دیاری دەکرد دەبوایە لەو یەک دوو خولەکەدا کاری خۆت تەواو بکردایە،ئەگەر نا دەهاتنە سەرت یان دەیان قسەی ناشیرینیان دەکرد.جارێکیان من لەو شوێنەی کە دیارییان کردبوو بۆ ئاو دەستخانە دوور کەوتمەوەو چوومە ناو دارەکانەوە،هەڵبەتە بە پێش چاوی پۆلیسەکانەوە،دەوروبەرمان هەموو جەنگەڵ و دارستان بوو.من بە مەبەستی چەند شتێک چوومە ناو دارەکانەوە،دەمتوانی بە ڕاحەتی دانیشم وشەرم نەکەم،ئەگەر بواری ڕاکردنم بوایە ڕابکەم،هەروەها ئەگەر نەشمتوانی ڕابکەم ئەوا شوێنەکانی ڕاکردن بۆ جارێکیتر دیاری بکەم!

پۆلیسەکان کە منیان بینی چوومە ناو دارەکانەوە کردیانە هاوار هاوارو ڤیژەڤیژ تاکو بگەڕێمەوە،بەڵام من گوێم پێیان نەداو بۆی دانیشتم!ئەوانیش لەشوێنێکەوە سەیریان دەکرد کە من لێیانەوە دیار بووم،دەیانجار بانگیان لێمکرد تاکو گەڕامەوە،دوان لە سەرسەریترین پۆلیسەکان بوون،زانیم تووڕەبوونەو لەوانەشە لێمبدەن. قسەیێک کە هەمیشە بە دەم و زمانیانەوە بوو "مەلاگە" بوو،"مەلاگە" یانی دەسپەڕ یان دەسپەڕچی،ئەو بێشەرمانە بە دەنگی بەرز هاواریان دەکردو بە مەلاگە مەلاگە بەرەو ڕووم دەهاتن و دەیانگوت تۆ بۆیە دوورکەوتیتەوە تاکو مەلاگە لێبدەیت،دەستی خۆیان ئاوا لێدەکردو دەیانگوت مەلاگت لێدا! وایان دەزانی من هێندە دڵم خۆشە حەوسەڵەی مەلاگەم هەیە!من زۆرم پێناخۆش بوو وام دەزانی تەنها بە ئێمە وائەڵێن،دواتر بۆم دەرکەوت ئەوە قسەیەکی "ئاسایی" خۆیانەو گەورەوبچووک ژنو پیاو بە یەکتری ئەڵێن! یەکێک لە پۆلیسەکان لێم هاتە پێشەوەو زانیم بە تەمایە لێمدا،خۆمم ئامادە کردبوو لە شەق و زلەکانی خۆم بپارێزم،بەرامبەرم وەستابوو بە دەم و قسەو سیمایدا دیار بوو،ئەوەی سووکایەتی و ناشیرین بوو دەیوت. بە هەموو هێزی ناشیرینی پۆلیسانەی خۆی شەقێکی بۆم هاویشت،بەڵام من فریاکەوتم و خۆم لە بەر شەقەکەی لاداو قاچی بە هەودا چوو،ئەگەر بمیگرتایە تەختی زەوییەکەی دەکردم.هاویشتنی ئەو جۆرە شەقە پۆلیسانە ئەگەر بەر ئامانج نەکەوێت،ئەوا ئازار بە شەق هاوێژ دەگات،جگە لەوەش شەق وەشێن تووڕەو خەجاڵەت دەکات کە نەیتوانیوە ئامانج بپێکێت.زانیم تەواو تووڕە بووە ڕامکرد،ئەویش بە ڕاکردن دوامکەوت.ئەم بەزمە بە بەرچاوی هەموانەوە بوو،ماوەێک بەو ناوەدا ڕامکردو چەند "زیکزاک"م لێدا هەر لە کۆڵم نەدەبووەوە،ئەو تانجییەکی خێرا نەبوو منیش کەروێشکێکی ترساو بووم بۆیە پێمدا نەدەگەیشت.دوایی زانیم ئەم بەزمە بە ڕاکردن کۆتایی نایەت بۆیە وەستام،وتم ئێستا هەر دەمکوژێت.. لێم هاتە

پێشەوەو یەخەمی گرت و بە تووڕەییەوە قسەی دەکرد،لە سێ ووشەدا دوانی مەلاگە بوو،دوایی ئەسپە لەقەیەکی توندی کێشا بە قاچمداو وازی هێنا.

ڕۆژی سێیەم جارێکیتر ناومانیان نووسی و پەنجە مۆریشیان پێمان کرد. لە بەر ئەوەی داهاتوومان نادیار بوو هەموو کەسێک لە بیری هەڵاتندا بوو.سعات گەیشتبووە دوانزەی نیوەڕۆ هێشتا ناو نووسین کۆتایی نەهاتبوو،ئەو ڕۆژە پۆلیسەکان هێندە چاودێرییان نەدەکرد،هەروەها جێی گومانیش نەبوو کەسێک بەو ڕۆژەو بە بەر چاوی ئەوانەوە ڕابکات.

دوای ئەوەی ناوم نووسی و پەنجە مۆرم کرد،لە گەڵ چەند کەسێتردا فرسەتمان هێناو هەڵاتین. ئەو دەوروبەرە هەموو شاخی بەرزو دارستان بوو،خێمەکانمان هەر بە دامێنی شاخەکەوە بوو،واتە سی مەتر پشتی خێمەکان شاخ و دارستان بوو.هەر هێندەی هەڵگژاینە شاخەکەداو هێشتا ئاو دیوی دارەکان نەبوبووین،بە هۆی چپەچپ و هاتو چۆی نائاسایی ئەو برادەرانەوە،پۆلیسەکان گومانیان کردبوو کە شتێک ڕوویداوە،بۆیە پرسیاریان کردبوو چی ڕوویداوە؟ برادەرێک نەیتوانیبوو دەمی خۆی بگرێت وتبووی چەند کەس ڕایانکرد.

ئەوە بوو پۆلیسەکانیش هاواریان لێهەستاو وەکو توولەو تانجی بە ناو داروجەنگەڵەکەدا دوامان کەوتن،من بە هات و هاوارەکانیاندا زانیم دوامانکەوتوون.جادەیکی پێچاوپێچ هەبوو بۆ سەر شاخەکە دەڕۆیشت،هەندێک لە پۆلیسەکان بە سەیارە بە جادەکەدا ڕۆیشتن و بۆسەیان دانا،هەندێکیتریش بە پێ بە ناو دارستانەکەدا دوامان کەوتن.من هێندەی کەوتمە ناو چڕی دارەکانەوە ئاگام لەوانیتر نەماو نەمزانی بە کوێدا ڕۆیشتن.دوای ئەوەی گەیشتمە نزیکەی نیوەی شاخەکە،سی مەترێک دوور لە جادەکەوە لە ناو دارێکی چڕوپڕدا خۆم حەشاردا،جگە لە دارە بەرزەکان لەو جۆرە دارانەش هەبوو کە دڕکاوی و وەکو داری توترک وابوو هەموو لق و پۆپەکانی لە زەویدایە،چوومە ناو یەکێک لەو دارانەوەو هەناسەم لە خۆم بڕیبوو.خۆمم وەکو ئەو باڵندەو پەلەوەرانە دەهاتە پێش چاو،کاتێک هەڵۆو شەهێنەکان ناگاهانە لە بەرزاییەکانی ئاسمانەوە خۆیان بە ناودا دەکەن و تەرەو پەرتەوازەیان دەکەن،لەو حاڵەدا باڵندەکان لە ترساندا خۆیان بە هەموو کون و بنبەردو بنجکێکدا دەکەن.

لە خۆ حەشارداندا کەم باڵندە هەیە یاخود هەر نییە وەکو بەچکە سوێسک خۆی حەشار بداو هیچ شتێک نەیدۆزێتەوە،تەنانەت ئەگەر بە پێش چاویشەوە بچێتە ناو بنجکو هەندێک گژوگیاوە،دۆزینەوەی زۆر مەحاڵە! ئەو بە جۆرێک خۆی مات دەداو جووڵە لە خۆی دەبڕێت وەکو زەوییەکەی لێدێت.منیش دەمویست ئاوا بکەم!...

کەناری سەرەوەی جادەکە بەرزبوو وەکو دیوارێکی چەند مەتری وابوو،من لە سەرەوەی ئەو بەرزاییەوە لە ژێر دارێکدا خۆم حەشار دابوو،کاتێک لە توێی لق و پۆپی دارەکەوە سەیرم بکردایە هەندێک شوێنی جادەکەم دەبینی.ماوێک بە سەر چووبوو دەنگی هیچ شتێک نەدەهات،وتم لەوانەیە پۆلیسەکان گەڕابێتنەوە،ویستم هەستم و کەمێک لە جادەکە دووربکەومەوە،لە پێشدا سەیرێکی ئەو شوێنەی جادەکەم کرد کە لێمەوە دیار بوو،وتم نەکا پۆلیسەکان بە بێدەنگی لە سەر جادەکە مابێتنەوە..هەر وابوو..کاتێک سەیرم کرد لە بەر دەممداو لە سەر جادەکە وەستاوەو گوێیقوت کردۆتەوەو چاوەڕوانی خشەو ترپەیێک بوو تاوی لێبداو بە بێ نێچیر نەگەڕێتەوە.یەکێک لەو پۆلیسانە بوو کە زۆر هیچ و پووچ و بەد ڕەوشت بوو،دڵنیام ئەگەر بمیگرتایە هەر بە شەق دەمیبردە خوارەوە.

هەستم کرد ئەو پۆلیسە زۆر ڕاوییە..چوونکە تاکو نەمبینی هەستم بە بوونی هیچ کەس نەکرد لەو دەوروبەرە.

ئیتر وام بە باش زانی تاکو شەو دادێت هەر لەو شوێنەدا بمێنمەوەو شەو بۆی دەربچم،وتم لەوانەیە تاکو درەنگێک پۆلیسەکان بمێننەوەو چاودێری بکەن.کات زۆر تێپەڕیبوو ئیتر پێم وابوو پۆلیسەکان لەوێ نەماون،چەند فێکەم لێدا وتم بەڵکو ئەو برادەرانەیتر لەو دەوروبەرە بن و یەکتر ببینینەوە، بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو..ئیتر بە تەنیا دانیشتم..کات تێدەپەڕی و هێدی هێدی دڵتەنگ و بێحەوسەڵە دەبووم،هەر بە ڕاستی کات و ساتێکی دڵتەنگوغەمگین بوو،شتێکم شک نەدەبرد دڵم خۆش بکات،لە مرۆڤێک دەچووم لەم دنیایەدا هیچ شتێک و هیچ مافێکی نەبێت،یاخود مرۆڤێک هەرچی هەیە لێی سەندرابێتەوەو رووت کرابێت،چەند بە ئازارە مرۆڤ هەست بکات ڕووت بۆتەوە..رووت کراوەتەوە! تەنها دانیشتبووم و بێئەوەی مرۆڤێک لە دنیادا پێبزانێت من لە وێدام،بە ئازارەوە کاتم بە ڕێدەکردو چاوەڕوانی شەوم دەکرد.سەدان پرسیارم دەکردو کەسێک نەبوو دژی ئەو ستەمە بە دەنگ بێت.

پرسیارم دەکردو کەسێک نەبوو وەڵام بداتەوە..هێی خەڵکی سەر ئەم ئەستێرەیە من چیم کردووە...! ئایا من تاوانبارم؟

من دەبوایە دڵتەنگ بوایەم..ئەو دەمە وەختی شادی کردن نەبوو،تەرەترین نێچیر بووم لە ژێر چنگ و دانی ڕاوچی گەلێکی بێڕەحم هەڵاتبووم.

لە تەنیایی و جەنجاڵی دەروونیمدا تاسەی جگەرەم دەکرد..بەڵام بێ جگەرە بووم،زۆر تاسەی جگەرەێکم دەکرد مژم لێدایەو لە نێو دووکەڵەکەیدا نوقمبوایەم،من کە نوقمی دنیایەک ئێش و ژان بووم و لە دەرەوەی ئاگایی بوون قەرارم گرتبوو،جگەرەێک ئەو خولیایەم بوو سوکنایی پێم دەبەخشی و نەبوونیشی ئەو حاڵەتە بوو کاسی دەکردم.

وەکو باڵندەیەکی تەڕەو شەوارە کردو کە هیچ لە بارەی شوێنەوە نازانێت هەڵکورمابووم.خۆمم وەکو ئەو باڵندەو سوێسکانە دەهاتە پێش چاو،کە لە شەوانی باوبۆران و گڤەگڤی بادا ڕاوم دەکردن و شەوارەم پێدەکردن و دەمگرتن!چ مەزڵوم بوون سوێسکەکان.چ ڕاوچییەکی بێڕەحم بووم!...

دانشتبووم و بیرم دەکردەوە...شەویش لە ژێر باڵی ڕەشی خۆیدا خەریک بوو ونتری دەکردم! خەیاڵ و ئەندێشەم لە بارێکی ئاڵۆزو پڕ ئێشدا بوو، بێجگەی هەستەکانی شادی دایگرتبووم.چرکەی دڵتەنگییەکانی تەقینەوەی گریانێک گەرووی ئازار دەدا..!دەمویست ئەو گریانە بخنکێنم و ڕێگە نەدەم فرمێسکەکان برژێن..هەر بە قەستی دەمویست دڵ ڕەق بم..دڵ ڕەقی لە بەرامبەر ئەو هەموو دڵرەقییەدا دەوری دابووم، بەڵام دواجار مرۆڤ بووم و مرۆڤیش دەگری...! خەریک بوو هەست نەکەم چی گریانێکی پڕ ماناو مەغزا لەهەستی گریان و گەروومدا قوڵپ دەدا.دوایی بیرم کردەوە دەشێت لە هەموو تەمەنمدا کاتێکیتری ئاوا پڕ ماناو غەمگین و تاڵ و شیرین و پڕ هەژانم بۆ نەڕەخسێت تێیدا بگریم!کاتێک بوو بە هەموو ئەو ئازارو نامۆیی و ئاڵۆزییەوە،بە لامەوە ماناوبایەخی مەزنی پەیدا دەکرد.شەوێک بوو دەبوا تێیدا بگریم... ئا لەوێدا بوو..هەستی پەنگ خواردوی گریانم ئازاد کردو فرمێسکەکان هێدی هێدی دەرژان..گریانێکی بێدەنگ بەڵام پڕڕەنگ و سەدای نادیار..تەنها ئاوەوەی خۆم گوێی لە سەداو هاوارەکانی دەبوو..دەگریام و فرمێسکی گەرم گەرم بە سەر ڕۆخسارما دەرژان..فرمێسکەکانم نەدەسڕین...دەمویست زیاتر هەست بە گریان و تەڕی و شەڵاڵ بوونی فرمێسک بکەم!گریانێکی سەیر دەگریام..پڕ بوو لە ژەهری ئازارو هەندێک جاریش بزەو گەشکەیەک کە نەمدەزانی چی مانایێکی هەیەو لە چی قووڵاییەکی ڕۆحمەوە دێت! بزەیەک لە دووگە نهێنییەکانی ڕۆحمەوە دەهات و نەمدەتوانی پەی پێببەم.تێکەڵەی گریان و پێکەنین ئاماژەێکی سەیرو ئاڵۆزو تایبەت بوو،ژان و هەژانە دیارو نادیارەکانی ئەو چرکە ساتانەی منی نمایش دەکرد.

هەستم دەکرد لە زەمان و مەکانێکی تایبەتدا قەرارم گرتووە،زەمان و مەکانێک لە دەرەوەی زانین و زانیاری مرۆڤێکیتر.کاتێک بوو بە بێ ویستی خۆ دەبوا بیرت بکردایەتەوەو ڕامایەیت...

شەو داهاتبوو.. من و شەو چیرۆک بووین.هەستام و دارێکم گرتە دەستمەوەو بە نێو زووڵمەتی شەوو جەنگەڵدا خوار بوومەوە.بە هۆی تاریکی و چڕوپڕی دارەکانەوە زۆر بە زەحمەت دەمتوانی ڕێبکەم.خوارەوە دۆڵێکی پان و گەورە بوو،جادەێکی قیرتاوی پیدا دەڕۆیشت،هەردوو بەری دۆڵەکە شاخی بەرزو دارستان بوو.من دەبێت بۆ ئەسینا بڕۆم و ئەو جادەیەش گوایە بۆ ئەسینا دەڕوات.پۆلیسەکان دەیانوت لێرەوە بۆ ئەسینا 200کم.خواردن و پارەو جگەرەشم پێنییە.

وتم بە کەناری جادەکەدا دەڕۆم و ئەگەر هەلم بۆ ڕەخسا خۆم بە نێو سەیارەکدا دەکەم و لەم دەوروبەرە دوور دەکەومەوە.چوونکە هەر چەند دوور بکەوتایەم هێندە مەترسی گرتنم کەمتر دەبوو،ئەوەشم دەزانی هەر کەسێک بمبینێت پۆلیس ئاگەدار دەکاتەوە.دەوروبەری جادەکە تەختایی و کێڵگە بوو زۆربەی گەنمە شامی بوو،کە بە قەد باڵای زەلامێک بەرز بوبوونەوە.بە سەر جادەکەدا دەڕۆیشتم و هەر کاتێک سەیارەێک بهاتایە خۆم دەکرد بە ناو گەنمە شامییەکەدا.

ئیتر ئەم بەزمە سەیارەێک بێت و خۆت بکە بە ناو گەنمە شامییەکەدا یان لە جادەکە دوور بکەوە بەردەوام بوو.

نازانم چەند سعات بوو بە ڕێگاوە بووم هیلاک و بێحەوسەڵەو برسی بوبووم،هەروەها هەستم بە وڕی و کاسی دەکرد.چونکە یەکێک لە ئاکام و تایبەتمەندییەکانی ناشارەزایی بە تایبەت لە شەودا،ئەوەیە مرۆڤ وڕو کاس و سەرگەردان دەکات. بێجگە لەوەش لە وەها حاڵێکدا بیت و هەگبەێک لە ئازارت بە کۆڵەوە بێت.

هەموو کێڵگەکان بۆ حەوانەوە خانوویان تێدا دروست کرابوو،شەو درەنگ بوو لامدایە یەکێک لەو خانووانە.لە خانووەکە نزیک بوومەوە هەستم کرد چۆڵەو کەسی تێدا نییە،سەیارەێکیش لەو نزیکانە وەستابوو.کەمێکیتر وەستام و گوێم گرت هیچ سروەێک نەبوو.بڕێک کورسی لە دەرەوەی خانووەکە دانرابوون لە سەر یەکێکیان دانیشتم،دەمویست تەواو دڵنیابم کەسی لێیە یان نا دوایە بچمە ژوورەوە.

دوای کەمێک دانیشتن زانیم کەسی تێدا نییە،هەستام و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتم،دەرگاکە قفڵ درابوو،دەمویست بچمە ژوورەوە بەڵکو شتێکی تێدا بێت بە کەڵکم بێت.لەوانە نان و چاو جگەرە،لە نانەکەش گرنگتر چاو جگەرەو لە چاکەش گرنگتر بۆ من جگەرە بوو...ژەهر بوو.

پاشان چووم بە لای پەنجەرەکەوە،پەنجەرەکە بە پەردەێک داخرابوو، لایێکی پەردەکەم کردەوەو چوومە ژوورەوە،هەموو شوێنێک گەڕام هەموو شتێکی تێدا بوو خواردن و چاو جگرە نەبێت.تەنانەت فلتەری جگەرەشی تێدا نەبوو،لەوە دەچوو هەرگیز جگەرەکێشێک ڕووی تێنەکردبێت.ئینجا هاتمە دەرەوەو چووم بە لای سەیارەکەوە،وتم ئەویش جێی شکە جگەرەی تێدا بێت،دەرگاکەی قفڵ نەدرابوو هەموو شوێنێکی ناو سەیارەکەش گەڕام، ناو تەپڵەکی جگەرەکەش فلتەرێکی تێدا نەبوو.دیسان گەرامەوە بۆ ژوورەکە وتم ئەمشەو لێرە دەخەوم و سبەی زوو هەڵدەسم و بە ڕێدەکەوم.

قەرەوێڵەیەکی تێدا بوو چوومە سەری و ڕکشام..نازانم چۆن و کەی و بە چی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی پڕ دەردەوە خەوم لێکەوتبوو.

سبەی پێش هەڵهاتنی ڕۆژ هەستام و بە ڕێکەوتم،کە ڕۆژ بووەوە هەوڵم دەدا کەس نەمبینێت،تاکو سعات یازدەی پێش نیوەڕۆ بە جادەکەو هاوشانی جادەکەدا دەڕۆیشتم،نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم و دەبێت بۆ کوێ بڕۆم؟تەواو بێحەوسەڵە ببووم.بۆ دوو ڕۆژ دەچوو نە هیچم خواردبوو نە جگەرەم کێشابوو.

بڕیارمدا بچمە سەر جادەکەو بە ئاشکرا بێت یان بە دزەکردن هەوڵی سەرکەوتنە ناو سەیارەیێک بدەم.لەو نزیکانە کارگەی چەوولمێک هەبوو سەیارەی بارهەڵگرم دەبینی دەهاتن و باریان بار دەکردو دەڕۆیشتن،چەند ساتێک چاودێرییانم کرد هەستم کرد بۆ شوێنی دوور ناڕۆن،چوونکە ئەوانەی کە باریان بار دەکردو دەڕۆیشتن زوو دەگەڕانەوە،ئیتر وازم لەوان هێنا.ئینجا دەستم لە سەیارەی سەر جادەکە ڕادەگرت،وتم یان ئەوەتا دەوەستن و سەرم دەخەن یانیش ئەوەتا پۆلیسم بۆ بانگ دەکەن و بە گرتنم دەدەن،باکم نەبوو هەرکامیان بوایە،دەشزانم ئەگەر بگیرێم دارکاری خراپ دەکرێم!

لە سەر جادەکە وەستابووم و دەستم لە سەیارە ڕادەگرت،دواجار دەستم لە سەیارەیێک ڕاگرت و تەواو هێواشی کردەوەو لەوەدا بوو ڕایبگرێت، سەیرێکی کردم و نەوەستاو ڕۆیشت،پیرە ژن و پیرەمێردێکی تێدا بوو.هەستیان کردبوو خۆماڵی نیم و لەوانەشە لێم ترسابووبێتن،من جلەکانم پیس و ڕیش درێژو قژ ئاڵۆزکاوو ڕۆخسار تاڵ!

هەر لە سەر جادەکە وەستابووم و دەستم ڕادەگرت،ماوەیێکی پێچوو هەستم کرد هەمان سەیارە لە هەمان شوێنەوە کە پێشتر لێیەوە هاتبوو، هاتەوەو هێواشی کردۆتەوەو دەیەوێت لای من ڕایبگرێت،وتم دیارە هاتوون کۆمەکم بکەن! هەرواشبوو بۆ لای من هاتبوونەوە! هەمان پیرە ژن و پیرەمێردەکە بوون-پۆلیسێکیان لە گەڵ خۆیان هێنابوو بمگرێت!

حەوسەڵەی ڕاکردنم نەمابوو ئەگینا دەمتوانی ڕابکەم و خۆم نەدەم بە دەستەوە،پۆلیسەکە قەڵەوێکی وورگن بوو نەیدەتوانی دوام بکەوێ و بمگرێت،بەڵام خۆم بڕیارمدا ڕانەکەم.

هەموویان دابەزین و پۆلیسەکە هات بۆلام،پرسیاری لێمکرد..دیارە بە ئاماژەو هەندێک جاریش ئەو بە ئینگلیزیی قسەی دەکرد،منیش چوار پێنج ووشەی ئینگلیزییم دەزانی کە لەو ڕێگاو بانە لە بەرم کردبوو بۆ ڕۆژێکی وەها تەنگانە!وتی لە کامپەکە ڕاتکردووە؟ یەس..هەر خۆت بە تەنیایت؟ بەڵێ.شەش پەنجەی قووت کردەوەو وتی ئێوە شەش کەس بوون، ئەوانیتر لە کوێن؟

نازانم.ملی خۆی لار کردەوەو وتی شەو لە کوێ خەوتووی- سلیپت کردووە! دەستم بۆ جەنگەڵ و شاخێکی بەرزو سەخت درێژ کردو وتم ئا لەوێ! پێدەکەنی..لەوانەیە وتبێتی ئەمە چی مرۆڤێکە بە تەنیاو بەو شەوە لەو شاخ و جەنگەڵە خەوتووە.

لەم پرسیارو وەڵامە بێتام و بێواتایانەدا بووین،سەیارەیێکی پۆلیس هات و لامان ڕاوەستا، پیرە ژن و مێردەکەش ڕاوەستابوون و نەرم نەرم پێدەکەنین.

پێکەنینەکەیان جوان نەبوو بە لامەوە،چوونکە کارێکی ناشیرنیان بە حەقی من کردبوو،ئەوان دەیانتوانی لە جیاتی ئەوەی پۆلیسم بۆ بانگ بکەن کۆمەکیان بکردایە،ئەی بۆ ئەو کارەیان نەکرد!

پاشان لە پشتەوە هەردوو دەستمیان کەکەلەپچە کردو بردمیان بۆ کامپەکە.من خۆمم ئامادە کردبوو بۆ لێدان،بەڵام نەک بە دەستی ئەم پۆلیسانە کە گرتبوومیان،چوونکە ئەو چەند ڕۆژە ئەمانم ناسیبوو ڕەفتاریان

خراپ نەبوو لە گەڵماندا،بەڵام چەند پۆلیسیتر هەبوون زۆر هیچ و پووچ بوون و لێدان و سووکایەتیان بە کۆچبەران دەکرد،دەمزانی ئەوان دێن و لێم دەدەن.

دوای چەند سەعات بەرپرسی کامپەکە هات،ئەویش لەو جورە مرۆڤانە بوو لە گەوجی و پووچێتی خۆیدا شەرمی لە مرۆڤ نەدەکرد.کۆچبەران ناویان نابوو مام شێر چوونکە دڕندەو ئازاردەر بوو،هەمیشە دارێکی لە بنباڵدا بوو لێدان و سوکایەتی بە کۆچبەران دەکرد.زانیم ئەمجارە بۆ دیداری من هاتووە.لە ناو خێمەکەمدا دانیشتبووم هات و بانگی کردم،باڵمی گرت و بە توونی دارێکی بە سنگما کێشا،کوڵە دارێکی بەدەستەوە بوو دەیانجار کێشای بە سەر باڵما.دەمی پڕبوو لە مەلاگەو مەلاگەی لێدەچۆڕا.هەردوو باڵم سڕو شین بوبوونەوە.

پاشان پشتمی کردە دارێکەوەو لە پشتەوە هەردوو دەستمی بەستەوە،دوای بیست دەقە دەستمیان کردەوە.ئەو برادەرانەش دەهاتن بۆ لام و دەیانوت باش بوو زۆری لێنەدای...من هیچم نەوت!

هەردوو باڵم زۆر ژانیان دەکرد،نەمدەتوانی بەرزیان بکەمەوەو بیجووڵێنم.

سبەی جارێکیتر بانگیان کردم،مام شێرو چەند پۆلیسی ڕەفتار فاشیتربوون،دوان لە پۆلیسەکان هاتن و بردمیان بۆ لای ئەوانیتر،هەموویان پێدەکەنین! پێم سەیربوو پێدەکەنین! چوونکە لە ڕووی مندا پێدەکەنین و قسەیان دەکرد،کەوتمە گومانەوە لێیان..ئەم نمایش و خۆ نواندنە بۆچی و بۆ کێ؟ لە پێشدا وتم بڵێی داوای لێبووردنم لێبکەن کە دوێنێ لێیان داوم!

باوەڕم نەدەکرد،گومانەکەم بەرەو لای نیاز خراپییان شکایەوە،دەیانەوێت جارێکیتر لێمبدەن..بۆچی.. بۆ لێمدەدەن؟!

ئەوانەی ئازار دەدەن- جەلاد هەندێک جار بە پێکەنینەوە پێشوازی لەنێچیرەکانیان دەکەن،وەها خۆ دەنوێنن گوایە زیرەکن و سەر لە نێچیرتێکدەدەن. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە جەلاد نەفامە،هەم شایانی بەزەیی و ڕێنوێنییەو هەم سزادان.خودی ئەوانیش قوربانین لە ناو قوربانیەکانیتردا.

ئەوان وەکو مرۆڤێک ناژین،مرۆڤێک خەڵکی خۆشبوێ و خۆشیان بوێ، ئەوان ژیانێکی تەواو دوور لە ڕەوشتی مرۆیی دەژین.لە کاتێکدا ئەوانیش مرۆڤن و دەکرێت وەکو مرۆڤێک ژیان بکەن.مرۆڤایەتی هەتا جەلادێکی هەبێت مرۆڤایەتییەکی ناتەواوە،بەڵکو هێشتا نیوەی دڕندەیە. هەتا مرۆڤێک لە دنیادا ستەم و چەوسانەوە بچێژێت حەقمان نییە بڵێین مرۆڤایەتی ڕاستەقینەین. هێشتا ڕۆژانە سەدان مرۆڤ دەکوژرێت دەربەدەرو ماڵوێران و برسی دەکرێت،هێشتا کوێرترین و ڕەشترین سیستەم و بیرو باوەڕ باڵا دەستەو ڕەنگرێژی ژیان و مۆراڵی مرۆڤەکان دەکات...

ئەی من چیمکردبوو! نە تاوانێکم کردبوو نە قسەیەکیشم لە گەڵ کەسیان هەبوو،بۆچی لێمدەدەن! بە پێوانەی کامە سیستەم و باوەڕ من شایانی ئەو لێدان و سوکایەتییە بووم؟ خەڵکی ئەوێ نەبووم؟ ئەوێ وڵاتی من نەبوو؟ من نەتەوەو زمانێکیتر بووم؟ سنوورم بەزاندبوو؟ من خەڵکی ئەم ژیان و هەسارەیەم،دەمەوێت ئازادبم و کوێم بوێت بفرم! ئایا ئەمە ئیمکانی نییە؟ وڵات و نەتەوەو سنوور ئەفسانەو گەوجێتی مرۆڤە،هەر وەکو چۆن مرۆڤ بتێک خودایەک بەردو مانگایەک دەپەرستێت ئەفسانەو گەوجێتییە،باوەڕ بوون بە نەتەوەو وڵات و سنوور هەمان ئەفسانەو گەوجێتییە...

پۆلیسەکان دەستیان خستە سەر شانم و بەرەو ژوورێک بردمیان،هەستم بە قووسایی و ڕقی پۆلیسی دەستیان دەکرد. ژوورێکی بچوک بوو پێشتر لەوێ دروستکرابوو،سی مەتر لە خێمەکانەوە دوور بوو دەکەوتە ئەو دیوی خێمەکانەوە.

کە چووینە ژوورەوە لە سەر کورسییەک دایاننام،ماوەیک بە دیارمەوە وەستان و بە پێکەنینێکی گاڵتەجارییەوە سەیریان دەکردم.دوایی یەکێکیان هاتە پێشەوەو دەستی کرد بە لێدانم،بە زلەو بۆکس و لەقە لێیدەدام.

دەستی لە هیچ شوێنێکم نەدەپاراست،ئەمیان وازی دەهێناو ئەویتریان دەهات،کەسیان لەویتریان شەریفتر نەبوو،هەمیشە یەکێکیان لە بەردەم دەرگاکە دەوەستاو ئەویتریان لێیدەدام.

من بێجووڵەو بە بێئەوی بۆ یەکجاریش ورتەو دەنگ و هاوارێک کە لە ئازارەوە دەربچێت،لە دەمم نە هاتە دەرەوە،دانیشتبووم و هەدێجار دەستم دەخستە سەر چاوم و پارێزگاریم لە چاوم دەکرد،چوونکە دەستیان لە هیچ شوێنێکم نەدەپاراست،چوونکە ئەوان چاویان نەبوو ببینن.

هەندێجار قسەیان دەکردو بە دەم قسە کردنەوە لێیان دەدام،من تێنەدەگەیشتم دەڵێن چی،ووشکو تاڵ سەیری ڕۆخساریانم دەکردو هیچم نەدەوت.من هیچیترم بێجگەی بێدەنگیی نەبوو،بێدەنگی بۆ من باوەڕو مانایکی گەورەی هەبوو.من ئەو هەستەشم هەبوو کە جەلاد لە بێدەنگیی نێچیرەکەی شێت دەبێت و حەز دەکات بە هاوارو زەلیلی بینینێ و لەوەش چێژ وەردەگرێت،بۆیە منیش ئەو چەکەم بە کار هێناو تەنها چەکیش بوو نەیاندەتوانی لێم بسێنن. بێدەنگیی من تووشی هیستریای کردبوون،چوونکەچەندجار لە کاتی شاڵاوی زلەو بۆکس و لەقەکانیاندا بە منگەمنگ و ملچەملچ دەدوان و وەک لە بێدەنگی و سەرسەختیم شێت و نیگەران بووبێتن!

هەستم دەکرد چی مرۆڤێکی نەخۆش و بێئیرادەن.لە یەکێک لەو حاڵەتە هیستریەدا بوو یەکێکیان بە هێزترین ئەسپە لەقەی لە سەرووی کلاوەی ئەژنۆم سرەواندو خەستترین ئازارم پێگەیشت،هیچ گومانێکم نەبوو ڕانم شکابێت.پۆلیس دەیزانی چی لەقەیکی ناجوامێرانەی هاویشتووە،بۆیە سەیری دەکردم و دەیویست بزانێت لە چی حاڵێکدام، منیش سەیری ناو چاویم دەکردو لە گەوجێتی و ناجوامێری ئەوم دەڕوانی.بە دیوی ناوەوەمدا پێمدەوت بۆ لێمدەدەن! ئایا دەزانن بۆچی لێمدەدەن؟ کێ ئەو حەقەی بە ێوە داوە ئازار بدەن،ئایا ناتوانن و ناکرێت مرۆڤێکیتربن جیاواز لەوەی ئێستا هەن! ئایا خەسڵەت و سروشتی مرۆڤ شەڕانگێزو ئازاربەخشە؟یاخود بیروباوەڕە گەوج و نەفامییەکانی مرۆڤ شەڕانگێزی و ئەشکەنجەدانی کردۆتە خەسڵەت و سروشتی مرۆڤ؟ من باوەڕم وایە خەسڵەت و سروشتی مرۆڤ مرۆڤایەتییە،وەکو چۆن ئێمە کە لە لەدایک دەبین لە ڕووی فیزیکییەوە هیچ ئەندامێکی ژەهراویی و ئازاردەرمان نییەو هەروەها هیچ کولتورو بیرو باوەڕو ئاین و پیرۆزییەکمان نییە،تاکو بە پێی ئەو پێدراوانە داوەری لە گەڵ یەکتردا بکەین،واتە ئەگەر سیستەم و پەروەردەێکی تەواو مرۆیی و یەکسانیخوازیی هەبێت و دوور لە خواست و ویستی زبڵخانەی خاوەنداریتی تایبەتی،ئەو کاتە دەتوانرێت کۆمەڵگەیکی تەواو مرۆیی بەرقەرار بکرێت و هەرچی ناحەزیی و دوژمنایەتییەکی ڕەگەزیی و کولتوریی و ئابووریی و کۆی خورافاتەکانیتر هەیە لە نێو بچێت.

نیو سەعات کاتی خۆیان بە لێدانی منەوە بە فیرۆدا،هەڵبەتە تەواوی نیو سەعاتەکە لێیان نەدام،بەڵکو بە ئیسراحەت و هەر پێنج دەقەو دە دەقە جارێک..وەکو چۆن قاوە یان خواردنەوە بخۆنەوە بەو جۆرە!

هەموو شوێنێکم بەر لەقەو شەق و بۆکس کەوتبوو،نەرمایی هەردوو باڵم بوبوونە خوێن.پاشان بەریاندان و بە شەلەشەل گەڕامەوە بۆ خێمەکەم. ئازارێکی خەست و توند لە قاچمەوە هەڵدەستاو زۆر بە زەحمەت دەمتوانی ڕێبکەم.

له خێمەکەمدا دانیشتبووم ئەو برادەرانە هاتن بۆ لام و پرسیاریان دەکرد ئایا زۆریان لێداوم؟منیش وتم بەڵێ..بە ئارەزووی خۆیان،دەیانوت گوێی مەدەرێ..دەموت گوێم پێنەدا!

دوایی برادەرێکیتر هات بۆ لام و وتی من لە پەنجەرەکەوە پۆلیسەکانم دەبینی لێتیان دەدا،بەڵام پێم سەیر بوو تۆ هیچ هاوارێکت نەدەکرد،وتم حەمە گیان هەر بۆ خۆشی هاوارم نەدەکرد!

❊ ❊ ❊

پەنجا رۆژ لەوێ مامەوە هەموو رۆژەکان لە یەک دەچوو ن و بێمانا بوون،دووبارە بوونەوەی کات لە بارە ناخۆشەکەیدا مرۆڤ ووردو بێحەوسەڵە دەکات،هەروەها لە باروودۆخێکی لەو جۆرەدا کە نازانی چاوەڕێی چی دەکەیت و چاوەڕێی چی بکەیت!

لە ماوەی دەرۆژی سەرەتادا منیش وەک زۆرێک لەو برادەرانە بێپارەبووم و تاکو ئەودەمە چەند جگەرەیکم کێشابوو کە لەو برادەرانە وەرمگرتبوو،بێجگەرەیی وروکاسی کردبووم.زۆرێک لەو برادەرانە لە کەمیی و خراپیی خواردنەکان نارازی بوون و سکاڵایان دەکرد،بەڵام ،من گوێم بە خواردن نەدەدا،ئەوەی هەمیشە بیرم لێدەکردەوەو نەمبوو ئەوەی نیگەرانمی دەکردو سەرمی دەئاوسان جگەرە بوو.ئەوانەی پارەو جگەرەیان هەبوو کەمجار جگەرەیێک یان نیوە جگەرەیێکیان بە کەسێک دەدا ئەگەر داوایان لێیان بکردایە.زۆر جار لەو حاڵەتانەدا مرۆڤ بەر چاوی تەنگ دەبێت و هەستی بەخشین و بە تەنگەوەهاتنی لە دەست دەدات،چوونکە هەل و مەرج و پەیوەندییەکی زۆر نامرۆیی و نا تەندروست زاڵەو مرۆڤ ئەگەر وریاو بە ئاگا نەبێت،بەرەو پەیوەندیی و هەڵسوکەوت و نابەرپرسیاریی دەبات.

کەسی وەها هەبوون یەک مژ جگەرەیان بە کەس نەدەدا.من جارێک داوای جگەرەیەکم لە برادەرێک کرد کە لە یەک خێمەدا بووین،وتی من جگەرەی خۆم بە کەس نادەم،من برێک لە دڵەوە نیگەران بووم بەڵام هیچم نەوت.

پاشان برێک پارەم بۆ حەواڵە کراو گەیشتە دەستم،چووم بۆ لای پۆلیسێک پارەی چەند پاکەت جگەرەو هەندێک شتیترم دایەو وتم بەڵکو ئەو شتانەم بۆ بکرێت. چەند پۆلیس هەبوون هەر کاتێک شتمان بویستایە دەرۆیشتن بۆمانیان دەکری،هەموویان ئاوا نەبوون،یەکێک لە پۆلیسەکان بە ڕاستیی مرۆڤی باش و بەڕیزو خۆشەویست بوو،من تێنەدەگەیشتم چۆن بوبووە پۆلیس! مانگێک لەوێ بوو بۆ یەک جاریش قسەیێکی ناخۆش و هەڵەیێکی بە کۆچبەرێک نەکرد،بەڵکو هەمیشە وەک لە گەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆیدا هەڵس و کەوت بکات وابوو.پڕبوو لە مرۆڤدۆستیی و بە تەنگەوە هاتن،هەر شتێکمان بویستایە بە سەیارەی خۆی دەچوو دەیکری و بۆمانی دەهێنا،ئاگایانە دەیویست مرۆڤ بێت و مرۆڤایەتیەکەی لە بچووکترین دەرفەتدا کە بۆی دەرەخسێت،بخاتە خزمەتی ئەو مرۆڤانەوە کە دەکرێت کۆمەک بکرێن.بە بێئەوەی ئەو هەرگیز پێبزانێت من بە قەد هاورێیەکی خۆشەویست و مرۆڤێکی مەزن خۆشم دەویست،بە داخەوە ناوەکەیم لە بیر نەماوە لێرەدا بمنووسییایە.

دوای ئەوەی مانگێک لە وێبوو بۆ شوێنێکیتر گواستیانەوە،بەو هۆیەوە دوا ئێوارەی رۆیشتنەکەی کامێرای لە گەڵ خۆی هێنابوو وێنەو تەسویری دەکرد، تاکو درەنگە شەوێک کۆچبەران گۆرانیان دەدچریی و هەڵدەپەڕین،ئەویش ڕاوەستابوو سەیری دەکرد.

پۆلیسێکیتر هەبوو گاڵتەچی و ساختەچی بوو،ئەگەر یەکێک ڕستەیەکی بە کوردی بوتایە ئەو یەکسەر بە بێئەوەی هەڵەیێک بکات،ڕستەکەی وەکو خۆی دەوتەوە.جارێک یەکێک لەو برادەرانە بە دەنگی بەرز بانگی لە هارێیەکی خۆی کرد کە بێت بۆ لای،لە گەڵ بانگکردنەکەدا چەند جوێنێ "ڕەفیقان"ەی پێدا،ئەو جوێنانەی ئەگەر لای خۆمان بە ڕاستیی بە کەسێکی بدەیت،دەشێت چەند هۆزو تایەفەی تێدا مەحف بێتەوە!

پۆلیسەکەش وەستابوو یەکسەر ڕستەی جوێن و بانگکردنەکەی بە دەنگی بەرز وتەوە،لە هەموو لایەکەوە بوو بە هەراو پێکەنین و تریقانەوە..

ڕۆژێک ئەو برادەرە کە پێشتر داوای جگەرەم لێکردو پێینەدام،وتی بەڵکو جگەرەیەکم بدەیتێ؟ من ئاسایی بە جۆرێک هەست نەکات کە پێشتر داوای جگەرەم لێکردووەو پێێ نەداوم،پاکەتەکەم دەرهێناو جگەرەم دایە.هەڵبەتە دواترو ڕۆژانیتر هەر داوای دەکردو من دەمدایە،ڕۆژێک کاتێک جگەرەم دەدایە وتی دەزانیت تۆ لە" سۆرانی" ناچیت؟! وتم مەبەستت چییە؟ وتی من جارێک لە ڕێگا داوای جگەرەیێکم لە سۆرانییەک کرد نەیدامێ،هەر لە بەر ئەوەشبوو ئەو ڕۆژە جگەرەم پێت نەدا،کەچی ئەوەتا تۆجگەرەم پێدەدەیت! ئەو خۆی "بادینی" بوو!

من بەو بیروبۆچوون و هەڵاواردنە عەشیرەتی و خورافیانە بێحەوسەڵە دەبووم.وتم برادەر گیان من وەکو تۆو ئەوانەی شەڕی بادینی و سۆرانی و ئەم شارو ئەو شار دەکەن بیر ناکەمەوەو هەڵەیە مرۆڤ ئاوا بیر بکاتەوە.

من و تۆ مرۆڤین و دەکرێت هەر لەم ڕوانگەی مرۆڤ بوونەمانەوە،سەیری مرۆڤەکانیتر بکەین و جیاوازیان لە نێواندا نەکەین.دەکرێت مرۆڤ ئەو پێناسەیە فرێبدات و تەنها پێناسەی مرۆڤ بوون بەرز ڕابگرێت.نابێت مرۆڤەکان لە سەر بنەمای ئەو جیاوازییە پووچوو نازانستی و نەفامیانە دەستەبەندیی بکرێن و سکی یەکتر هەڵبدرن.چەند خەتەرە مرۆڤەکان-مرۆڤی کۆمەڵگەیێک بەو ئاکام و هەڵاواردنە بگەن لە بەرامبەر یەکتردا.من گومانم نییە هۆکاری سەرەکیی ئەو بیروبۆچوون و هەڵاواردنە،ڕیشەی لە سیاسەتی خێڵەکییانەی پارتەکانی کوردیدایە بە تایبەت پارتی و یەکێتی. بەداخەوە تاکو ئێستا مرۆڤایەتی لە فۆرمی دەسەڵاتەکانیدا نەفامی و ئەفسانە بەرهەم دێنێی و ئەفسانە دەکاتە باوەڕو فەرهەنگ و کولتوری مرۆڤایەتی...

ئەو کۆچبەرانەی لە کامپەکەدا بوون،زۆرجار هەڵسووکەوتی نائاسایی و نادروستیان دەکردو کەسێتی خۆیانیان لە بیر دەچووەوە،بە تایبەت لە کاتی هاتن و وەرگرتنی خواردندا،سەرەبریان لە یەکتر دەکردو چەندبارە خواردنیان وەردەگرت و کاتێکیش پۆلیسەکان پێیان دەزانی لێیانیان دەداو سووکایەتیان پێدەکردن و کەسێتی هەمووکانیان بێبایەخ دەکرد.

مرۆڤ کاتێک ئیرادەو ئازادییەکانی پێشێلدەکرێ و هیچ بەرپرسیارییەک لە بەرامبەر خۆیدا هەست پێنەکاو خۆی لە پەراوێزی هەموو بەهاو مافە مرۆییەکاندا ببینێت،بە خۆی بزانێت یان نا،ئاگەییانە بێت یان لە بێئاگەییەوە،تووشی بەد کرداریی دەبێت و کەسێتیی خۆی لە بیر دەچێتەوە.هۆکاری هەموو ئاکارو کردەوەێکیی ناپەسەندو خراپەکاریی مرۆڤەکان،بە پەراوێز خستنیانە لە بەهاو پێداویستییە ژیانی و مرۆییەکانیان، ئەو جۆرە بەرخوردەی کۆچبەرانیش من لەو ڕوانگەیەوە دەمبینی.

پەنجا ڕۆژمان تەواو کردبوو هێشتا دڵنیامانیان نەکردبوو دوای تەواوبوونی سێ مانگەکە چیمان لێدەکەن؟ پۆلیس دەیوت دەبێت سێ مانگ لێرە بمێنیەوە پاشان دەتانگوێزینەوە،دەمانوت بۆ کوێ دەمانگوێزنەوە؟ دەیانوت نازانین! ئێمەش لەوە دەترساین ئەو گوێزانەوەیە دیپۆرت کردن بێت،لە بەر ئەوە هەموو کەسێک لە بیری هەڵاتندا بوو.

لەو ماوەیەدا چەندین کەس هەڵهاتن،هەندێکیان دەردەچوون و هەندێکیشیان دەگیرانەوە.

ڕاکردن و دەرچوون لە کامپەکە ئاسان بوو،بەڵام دەربازبوون و گەیشتن بە ئەسینا زەحمەت بوو.چوونکە کەس شارەزای ڕێگاوبانەکان نەبوو،هەروەها ئێمەش لە جەزیرەیێکی دوور بووین.منیش هەمیشە لە بیری ڕاکردندا

بووم،بەڵام ئەوەی دوامی خستبوو ئازاری قاچم بوو،چوونکە قاچم تاکو یەک مانگ ئازاری زۆری دەدام،ئەگینا ئەو پەنجا ڕۆژە دەمتوانی پەنجا جار هەڵێم.

لەو ماوەیەدا کۆچبەرانێک کە کەس و کاریان لە یونان بوون،دەهاتن بۆ کامپەکەو سەردانیان دەکردن،ئێمەش لە بارەی ڕێگاوبان و ئایا ئەسینا کەوتۆتە کوێوە،پرسیارمان دەکرد! ئەگەرچی باسکردن و ناونیشاندانی ڕیگاوبان و چۆنێتی گەیشتن بە ئەسینا هێندە کەڵکی نەبوو،بەڵام ئێمە هەر پرسیارمان دەکردو ئیتر بە مەزەندە دەمانزانی ئەسینا کەوتۆتە کوێوە!

ئەو شوێنەی ئێمە لێی بووین پێیان دەوت جەزیرەی"ئیڤیا"،هەموو شاخی بەرزو دارستان بوو،دەکرێت مرۆڤی شارەزا لە کاتی شەوڕەوییدا وێڵ بێت و شەوارە بکات.ئێمەش تەنها لە شەودا دەمانتوانی ڕابکەین،ئەوەش زەحمەت و هیلاکیی و ئازایەتیی دەویست.

منیش دوای ئەو ماوە درێژە قاچم باش بوبوو،هەرچەندە هێشتا هەستم بە ئازار دەکرد بەڵام دەمتوانی ڕێی پێوە بکەم.ئەوە بوو لە گەڵ سێ کەسیتردا بڕیارماندا ڕابکەین،ئەوان هەرسێکیان خزمی خۆم بوون و هەروەها تازە لاویش بوون،ئەوان هێشتا تەمەنیان بەوە نەگەیشتبوو ئاوارەی شەوو شەوارەو کات و شاخ و جەنگەڵستانبن! دیارە مەبەستم ئەوە نییە بە کەم بیانزانم..بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەوانیش وەک هەر بێچوویک کەم ئەزموون بوون و دەبوایە هێشتا دایکێک ڕێبەرییانی بکردایە! شەوو شەوارەبوون مرۆڤی گەورەو بە ئەزموون کوێر دەکات..ئەی دەبێت بێچووەکان چیان بە سەر بێت!...

بێچووە سوێسکەکانیش ئاوان..ئەوانەی یەکەم زستانی تەمەنیان بە ڕێدەکەن،هەر لە خۆوە لە بەر تیشکی لایتەکاندا شەوارە دەکەن و کوێر دەبن! چوونکە هیچ ئەزموونێکیان لە مەترسییەکانی تیشک و شەوو شەوارەو ڕاوچی نییە! لە شەوە تاریک و کرێوەکاندا کاتێک دەیاندۆزیتەوە،خۆیان فش دەکەنەوەو سەیری تیشکی لایتەکان دەکەن..هیچ شتێک لەو چارەنوسە شوومە نازانن ڕووبەڕویان بۆتەوە...

سعات دەی شەو بوو کاتی گۆڕینی پۆلیسەکان هاتبوو،هەموو شەوێک لەو کاتەدا چەند پۆلیسێتر دەهاتن و ئەوانیتر دەڕۆیشتن،لە کاتی گۆڕیندا بۆ ماوەی دە تاکو پانزە خولەک خاڵەکانیان چۆڵ دەکردو پێکەوە قسەیان دەکرد.ئەوەش هەلێکی باش بوو بۆ ئەوەی لە کاتی ڕاکردندا ئاشکرا نەبین.

ئێمە دەمێک بوو خۆمان ئامادە کردبوو.ئەو کاتەی پۆلیسەکان خاڵەکەیان چۆڵکرد،هاوڕێکانم هەرسێکیان بە سەر تەلبەندەکەدا سەرکەوتن و ئاودیو بوون،پاشان منیش لە کونێکی ژێر تەلبەندەکەوە خۆم ئاودیو کردو گەیشتمە لایان.دوو دەبەی یەک لیتری ئاومان پێبوو لە گەڵ سێ تەماتەو دوو سێ لەتە سەموون.هەروەها دوو پاکەت جگەرەشم پێبوو،لە بەر ئەوەی جگەرەم پێبوو هەستم بە هیچ کەم و کورییەکی شەوگەڕی نەدەکرد! باشترین توێشوو بۆ من لەو شەوارە بوونەدا جگەرە بوو.هەڵمژینی دووکەڵی جگەرە لە شەوە ساردەکانی شەوارەی ڕۆح و بێدەرەتانیدا خۆش و ئارامی بەخش بوو...

هەر لە تەلبەندەکە چووینە دەرەوە بە شاخەکەدا هەڵزناین،لە گەڵ ئەوەی شاخێکی بەرز بوو چڕە دارو جەنگەڵێکی چڕوپڕیشی هەبوو،درەختەکان لەو جۆرانە بوون دڕکاوی و وەک داری توترک وابوون.ئێمە بە پەلەپەل بەرەو سەرەوە دەڕۆیشتین..جلەکانمان لە دڕکو چڵی دارەکان گیر دەبوو دەمانیگرت..دەکەوتین و هەڵدەستاینەوە..هێشتا ترسی پۆلیسمان هەیەو دەمانەوێت زوو بگەینە سەر شاخەکە.چوونکە دەترساین پۆلیسەکان پێبزانن و دوامان بکەون.ئەو پەلەپەلە زۆر شەکەتمانی دەکردو بڕستی لێدەبڕین.بە هیلاکیی و زەحمەتێکی زۆر گەیشتینە سەر شاخەکە،لەوێ دانیشتین و پشوویکی کورتماندا..ترسی پۆلیسمان نەمابوو...

ئەم کەشتییە بە کەنار ناگات..نا
ئەم سەوڵە بەرگەی ئەم تەقەلایە ناگرێت...نا
کەنگێ زە مین بوو بە زەریاو
زەریا.. کەنگێ هێندە ڕەزا تاڵ بوو
ئەوێ ڕۆژێ باوەڕێک بە کەنار نەبوو..نا
کەس زەریای خۆشنەدەویست..کەس...

## - بەشی چوارەم -

پاشان هەستاین و وەک کوێرترین بوونەوەری شەوارە کردوو کە هیچ لە بارەی شوێنەوە نازانێت، بەڕێکەوتین.هیچ شوێنێکمان نەدەزانی و نەدەناسی،بە هەر کوێداو ڕووەو هەر لایێک بڕۆیشتینایە بە مەزەنەو گۆترە بوو.شەوەزەنگ..جەنگەڵستان..شاخ..نابەڵەدیی خەمێکی گەورە بوون.

تاریکیی ناو دارەکان دۆخێکی ماندووکار بوو هیچ بەرپێی خۆمانمان نەدەبینی..هەر یەکێک دارێکمان گرتە دەستەوەو بە شەوو کێو کەوتین.

بە ڕاستیی دۆخێکی تاڵ و پڕستەم بوو،لە هەر کات و ساتێکی دڵتەنگیی دڵتەنگتر بوو.بیرم دەکردەوەو دەموت چۆن و بە کوێدا بڕۆین! دڵتەنگیی و گەمارۆ خواردوو لە نێو شەوو کێوو جەنگەڵدا،هەستی هاوارێکی پڕژان و نەفرەتی لە گەروو دەروونمدا جۆش دەدا،دەمویست پڕ بە شەوو تاریکیی و جەنگەڵستان هاوار بکەم و بقیژێنم! ترسی هیچ شتێکم نەبوو،بەڵام هەستم بە ستەمێکی بێئامان دەکردو داخی دەکردم! نەفرەتم لەم یاساو ڕیسایە دەکرد کە لەو شەوەزەنگە ڕەشترو کوێرتربوو.من دەمزانی ئێمە چەند مرۆڤ لە بێتاوانترین مرۆڤەکانی دنیا بووین،بە بێئەوەی هیچ تاوان و خراپەکارییەکمان کردبێت بە چی ستەمێکدا دەڕۆیشتین! شەو قووتمانی دەدا ..شەوارەبوون کوێرمانی دەکرد..شاخ ملمانی دەشکاندو هەپروون بە هەپروونی دەکردین...

شەوو شەوارەبوون ئەگەرچی بوونەوەر ووروکاس دەکات،بەڵام دیوێکیتری بۆ من ورووژاندن و تێڕامان و بیرکردنەوە بوو،ئەو شەوە ئەگەرچی یەکێک لە شەوە ساردەکانی ژیانم بوو،بەڵام بە لامەوە شەوێکی پڕ بایەخیش بوو.

شەوەزەنگێک کە تێیدا شەوارە بووم و هیچم لە بارەی شوێنەوە نەدەزانی، دەمویست ئیرادەی خۆم بخەمە بەر تاقیکردنەوەو رێ دەربکەم..رێێک کە هیچ رێێکی نەبوو! شەوێک بوو تێیدا بیرم دەکردەوەو دەمویست باکم لە هیچ شتێک نەبێت.دەمویست زیاتر لە هەر کاتێکی یاخیبوونم یاخیتربم، وەک یاخییەکی کێوی و کوێر تەنها بە بۆن رێگەکان بدۆزێتەوە...!

یاخیبوون ئەگەرچی بۆ ئامانجی بچووکیش بێت بەلام ماناو دەلالەتی گەورەو سەنگینی هەیە،مانای تەحەداکردن و نەفیکردنی بە نەگۆڕکراوەکان.

رێمان دەکردو دەرۆیشتین..من هەمیشە لە پێش ئەوانەوە دەرۆیشتم و ئەوانیش وەک چەند بێچووێکی سەرگەردان و ماندوو،کاتێک دایکێک هەست بەمەترسی لە سەر بێچووەکانی بکات و بە بێویستی ئەوان لە شوێنی مەترسیدار دووریان بخاتەوە..دوام کەوتبوون!

زۆر جار بانگیانم دەکردو ئاگەداریانم دەکردەوە ئاگەیان لە خۆیان بێت تا بەپێوە خەویان لێنەکەوێت،چوونکە مرۆڤ لە شەوگەڕانە تاقەت پروکێنەکاندا بە رێوە خەوی لێدەکەوێت و بە لادا دێت.
لەو شەوەدا تەنها دەلیلی من ئەستێرەکان بوو..ئەستێرەکانی(حەوتەوانە) کە لە کامپەکە رامانکردو لە سەر یەکەم شاخ پشوومنادا،من سەیری ئاسمان و ئەستێرەکانم کرد! ئەستێرەکانی حەوتەوانەم دۆزییەوەو کردمە رێنوما.رووەو ئەو شوێنەی کە گوایە ئەسینای لێیە برۆیشتینایە، حەوتەوانە دەکەوتە لای دەستە ڕاستمان،ئیتر دامنابوو هەر بەو ئاراستەیە برۆین،هەرچەندە بە تێپەڕبوونی کات ئەستێرەکان بەو شێوەیە نامێنن و دەکەونە لایەکیترەوە،بەلام من دەمتوانی بیانکەمە ڕوگەنمای مەنزڵ و ئەو شەوە زووڵمەتەی پێشەق بکەم !

لە زۆر شوێندا دەکەوتینە سەر جادەی خۆڵی پێچاوپێچ و بۆ سەر شاخەکان دەرۆیشت.ئەو جادانە ئەگەرچی بۆ ئێمە رێکردنی خۆش بوو،بەلام لەلایکیترەوە دەبووە هۆی سەر لێشێوانمان،چوونکە لە زۆر شوێندا دەبوونە چەندین رێگەو رێچکەی یەکتر برو هەر یەکێکیان بە لایکدا دەرۆیشت.

دەبوایە سەیری ئاسمانم بکردایەو ئینجا یەکێکیانم هەڵبژاردایە! هەندێجار هیچ یەکێکیان بەو ئاراستەیدا نەدەرۆیشت کە ئێمە مەبەستمان بوو،ناجار هیچ رێیەکمان نەدەگرت و بە شاخ و جەنگەڵەکەدا دەرۆیشتین تاکو ئەستێرەکان بکەونە لای دەستە ڕاستمانەوە!

زۆر جار شەوارەم دەکردو نەمدەزانی بە کوێ و بە کاملادا برۆین؟ مرۆڤ ئەگەر شارەزاش بێت کاتێک شەوارە بکات،شوێنەکان وەک خۆی نابینێت و هەموو لایکی لاپێچەوانە دەبێتەوە،هەروەها ئەگەر شارەزاش نەبێت ئەوا زۆربەی کاتەکان لە کوێری و شەوارەدایت.

لە هەموو دۆخەکاندا من بۆ ئەستێرەکان دەگەڕام،لەوکاتانەدا کە شەوارەم دەکردو خۆمان و ئاسمان و ئەستێرەکانم ون دەکرد دادەنیشتین،مرۆڤ کاتێک شەوارە بکات پێویستە دابنیشێت و بیر بکاتەوە،ئەگەرچی من شارەزای شوێنەکەش نەبووم،بەلام هەر چۆنێک بوایە دەهاتمەوە سەر خۆم و گومانم لەو ئاراستەیە نەدەما کە مەبەستمان بوو.

شەوارەکردن و دانیشتن و ڕامان لە ئەستێرەکان بووبونە بەشێک لە ژیانی ئەو شەوەمان.لەو شەوزەنگەدا کە دنیا ئێمەی لە بیر کردبوو لە نێو تونێلی زووڵمەتی شەودا،هەنگاوی شەوارەبوون و کوێرایەتیمان دەناو هیچ

ڕێبەرێکمان نەبوو،من لە ئاسمان و ئەستێرەکان ڕادەمام و هەستم بە مانایێکی جوان و مەزن دەکرد لەو ڕامانە.وەکو ئەستێرە پەرستێک لە سەر لوتکەی شاخێکدا دەوەستام و سەیری ئەستێرەکانم دەکردو دەمویست ڕێبەریم بکەن ...

کات تێدەپەری و شەکەت و بێحەوسەڵە دەبووین،ڕێکردنێکی کووشندە دەڕۆیشتین.بە نێو هەموو جەنگەڵ و دارو بەردێکدا دەڕۆیشتین و بە هەموو شاخ و هەڵدێرو هەورازێکدا هەڵدەزناین."بەچکەکانم" لە شەکەتی و بێتاقەتییدا زۆرجار دەیانوت با لێرەدا بخەوین،بەچکەکان ئاوان..کە هیلاک بن دەوەستن و کە خەویشیان هات دەخەون.بەڵام دایکەکان بیر لە شوێن و مەترسیەکان دەکەنەوەو تاکو نەگەنە سەرزەمینی ئارام و بێمەترسیی،ناوەستن و لا نادەن ...

(...ڕۆژێک بۆ ڕاو ڕۆیشتبووم،هێندەی نەمابوو خۆر ئاوا بێت،لە سەر بەرزاییەک دانیشتبووم و خۆم حەشار دابوو بە دووربین سەیرم دەکرد، ئاسکێکم لە شوێنێکی بەرزاییدا بەدیکرد..دایکە ئاسک وەک عادەتی سروشتیی خۆی سەیری هەموو لایێکیی دەکردو دەیویست دڵنیا بێت کە هیچ مەترسیێک لە گۆڕێ نییە.بەڵام منی نەدەبینی و هەرگیز نەیدەتوانی من ببینێت! من ڕاوی بەچکەکانیم دەکرد چوونکە پارەی دەکردو منیش بێپارەبووم.دوای یەک دوو خولەک بەچکەیێکی بچووک کە تەمەنی بە سێ ڕۆژ نەدەگەیشت،بە دوایدا هاتە سەر بەرزاییەکە،بەچکەکە کەمێک وەستاو ئینجا خۆی بە زەوییەکەداداو خەوت،ئەو نەفام بوو چووزانێت مەترسی چییەو ڕاوچی چییە!

دایکە ئاسکیش ئاژەڵێکی هێندە نەفام و نەزان نییە بەچکەی شیرینی خۆی بە سەر شاخێکەوە بخەوێنێت کە ڕاوچی ئەوسەری دنیا ببیبنێت.من دەمزانی دایکە ئاسک دەیویست بەوێدا تێیپەڕێنێ و بیبات بۆ شوێنێکیتر بیخەوێنێت کە لە بیروخەیاڵی خۆیدا دابنابوو! هەروەها منیش ئەوەم دەزانی کە ئەوە شوێنی خەوتنی ئەو نییەو دایکە ئاسک لێیناگەڕێت لەوێدا بخەوێت.بەڵام کەم دایکە ئاسکیش هەیە هەڵەی ئاوا گەورە بکات و کۆپەی خۆی بە شوێنیکی وا بەرزدا بباو ڕاوچی ئەوسەری دنیا بیبینێت!لەوە دەچوو دایکە ئاسکیش تەمەنی یەک ساڵ بووبێت و ئەوە یەکەمین نۆبەرەی بێت،چوونکە ئەو کارە نیشانەی کەم ئەزموونیی ئەو بوو!

دایکە ئاسک کە بینی بەجکەکەی خەوت،یەکسەر گەڕایەوە لایو پۆزو لوتی پێوە دەژەنی تاکو هەڵیسێنێت و دوای بکەوێت!بە زۆر هەڵیدەستاندو خۆی دەکەوتە ڕێ و تاکو ئەویش دوای بکەوێت،بێچووەکە کەمێک دوای دەکەوت..چەند هەنگاو..دیسان خۆی بە زەوییەکەدا دەداو دەخەوتەوە! دایک دەگەڕایەوەو جارێک بە لوت و جارێک سمی تێوە دەژەنی تاکو دیسان هەڵیسێنێتەوە..ئیتر ئەم نمایشە چەند جار..دووبارە بووەوە !

ئەگەرچی من بە بینینی بەچکەکە دڵخۆش بووم و یەک دوو هەزار دینارێکی بۆم دەکرد،بەڵام هێندەش بێتاقەت دەبووم و لە دڵەوە دەهەژام و دەگریام!! بەڵام من چیم بکردایە؟! ڕاوچی بووم و ڕاوچیش ڕۆژێک لە حەفتەکانی دڵڕەقی و بێڕەحمییە !...

خەریک بوو ڕۆژ ئاوا دەبوو ئیتر نەدەکرا چاوەڕێبم،چوونکە تاریک دادەهات و لێم وون دەبوون،هەستام و بەرەو لایان ڕۆیشتم،دایکە ئاسک کە منی بینی ئەو ناوەی بە جێهێشت و ڕۆیشت،گەیشتمە لای بەچکەکە سەیرم کرد لە شیرین خەودایە..زۆر کۆرپە بوو لەوانە نەبوو ئەگەر بەئاگەش بێت بتوانێت ڕابکات،هەڵمگرت و دوو سێ ماچم کردو خستمە باخەڵم..خۆر ئاواببوو،هاتمە خوارەوەو سواری کەرەکەم بووم و بەرەو ماڵ گەڕامەوە...) سعات گەیشتبووە سێی شەو گەیشتینە سەر شاخێک بە سەر دۆڵێکی پان وگەورەدا دەیڕوانی و شارۆچکەیەکیش لە ناو دۆڵەکەدا بوو،لای دەستە چەپی شارۆچکەکە دەریاچەیەک دیار بوو،کە ئێمە هەم نەماندەتوانی بپەڕینەوەو هەم

ئەگەر بە سەر شاخەکەداو بە دەستە چەپدا بڕۆیشتینایە ،پشتمان دەکەوتە ئەستێرەکان و پێم بوو بە هەڵەدا دەڕۆین.بەو بەریشەوە کە دەکەوتە پشتی شارۆچکەکەوە تارمایی شاخێکی هەرە بەرز دیار بوو، لەوە دەچوو هیچ ڕێیەک بەویدا نەڕوات.

بە سەر شاخەکەوە دانیشتبووین و قسەمان دەکرد،بێچووەکانم گوێیان لە قسەو بۆچوونەکانی من دەگرت و قەبوڵیان دەکرد..ئەوان لەوە شەوارەتر بوون کە خۆیان هەستیان پێدەکرد !

سەرمامان بوو جلەکانمان شەونم و ئاونگی سەر گیاو پووشەکان تەڕی کردبوو،برسیمان بوو کیسەی نان و تەماتەکەمان کردەوەو ملچەملچ نان و تەماتەمان دەخوارد،کەمێکمان لە خواردنەکە هێشتەوە بۆ جارێکیتر.

من پڕبووم لە خەم و ئارەزووی جگەرەکێشان،هەرلەوێدا چەندین جگەرەم بەسەریەکەوە کێشاو لەگەڵ دووکەڵەکانی هەناومدا تێکەڵ دەبوون و کزەی ساردی شەو دەیبردن و وەکو ئێمە لەنێوشەوو کێوو جەنگەڵدا ونی دەکردن.جگەرە..بۆ ئەو شەوە ساردو دڵتەنگ و بێڕەحمانە کە پڕە لە شەوارەبوون و کوێرایەتی،هاودەم و ئارەزوویەکی بەتینم بوو.ئەو شەوە هەمیشە جگەرەیەکم بە لێوە بوو،لە نێو تاریکستانی شەودا وەکو دڵۆپێک ئاگر تیشکێکی کاڵ و خەکاوی دەخستە سەر ڕۆخساری تاڵ و خەماویم و تاریکی شەوی لە ڕووی ڕۆخسارێکی ماندوو ڕادەماڵی کە شەوارەبوون قووتی دەدا.

شەوێک هاژەی دەهات لە گۆرانی و شیعر..ئەو سرودەی ئازارەکان دەگێڕیتەوەو کوێربوونەکانی شەوارەبوون دەچرکێنێت..ئەو شیعرەی هەنگاو هەنگاو.. تریەکانی دڵی ئێمەی دەنووسییەوەو وەک چامەیێک ناکۆتا والا دەبوو.. شەوێک وەک هاواری کەمانێک خوێن لە گەرووی نۆتەکانیەوە بڕژێت.. شەوێک ئێمە تێیدا دەڕژاین..تێیدا دەشکاین و پارچە پارچە دەبووین...

دوایی بەو ئەنجامە گەیشتین ئەگەر بەم شێوەیە بڕۆین بە هەڵەدا دەڕۆین، بۆیە بەو شوێنەدا کە پێشتر پێیدا هاتبووین گەڕاینەوە،لەوێ کونە ڕێیەکیتری خۆڵمان بینی کە بەلایەکیتردا دەڕۆیشت،بەڵام ئێمە بەویدا نەڕۆیشتین، وتمان ئەمجارە بەوێدا دەڕۆین.

ماوەیێک بەو ڕێیەدا ڕۆیشتین هەستم دەکرد بە لای دەستە ڕاستدا دەشکێینەوە،وەک بەرەو لای کامپەکە بگەڕێینەوە وابوو.لە بەر ئەوە ئەو ڕێیەشمان بەرداو بە قەد پاڵێکی زۆر سەختدا بەرەو نێو دۆڵێک خواربووینەوە،پێم وابوو ئەوە ئەو ئاراستەیە بوو کە ئێمە مەبەستمان بوو. کات درەنگ بوو ئەستێرەکانیشم بە ئاسانی و وەکو ئێوارە نەدەدۆزییەوە، ئەوانیش لە گەڕان و سووڕانەوەی ئەزەلیی و ئەبەدیی خۆیاندا بوون و لە دۆڵ و شیوە قووڵەکاندا نەدەبینران،هەروەها لە هەر شوێنێکیشدا بمبینایەن نەمدەتوانی وەکو ئێوارە باوەڕیان پێبکەم،چوونکە لە هەمان شوێندا نەدەبینران..ئیتر باوەڕم بە ئەستێرەکانیش نەما...!

ماوەیێک ڕێمان کردبوو هەستمان کرد دەنگی سەیارە دێت،دەنگێکی نادیارو دوور کە نازانیت لە کوێوەیە.ئێمە هەر بەردەوام بووین لە ڕێکردن،بە بێ ئەوەی هەست بکەین نزیکی جادەکە بووینهتەوە،لە پڕێکدا خۆمان لە سەر جادەیێکی قیرتاو بینییەوە.

ئێمە لە ئێوارەوە دەمانویست جادەیێکی قیرتاو بدۆزینەوە،چونکە بە بێ دۆزینەوەی جادەی قیرتاو بە هیچ شوێنێک نەدەگەیشتین.دۆزینەوەی جادەکە یەکسەر گوڕو تینێکی نوێی پێمان بەخشی.جادەکە وەکو هێڵێک ئاراستەکەی

ئێمەی دەگۆڕی،واتە بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ئێمە بوو.بە لای دەستە چەپدا بۆ شارۆچکەکە دەڕۆیشت،هەر وەها بە لای ڕاستیشدا بە پێی لێکدانەوەو وێنا کردنەکانی من،بەرەو لای کامپەکەی دەبردین،بەڵام وتم دەکرێت ئەم جادەیەش بچێتە سەر جادەێکیترو بەو لایەدا بشکێتەوە کە مەبەستی ئێمەیە،ئیتر بە لای دەستە ڕاستدا وەرسووڕاین و بە ڕێکەوتین.

دۆزینەوەی جادەکە بڕێک ئاسودەی کردین،خۆش ڕێمان دەکرد،وەک ڕەوت و یەرغەی وڵاخی بەرزە..تەکان جۆرێکیتری ڕێکردنە،بەڵام ڕەوت و یەرغەکردن تایبەتن بە ئەسپ و ماینی باش و خۆشڕەو،ئەو جۆرە ئەسپ و ماینانە لای خاوەنەکانیان خۆشەویستن و سوارەکانیان هەمیشە کەیف سازو بەرزەدەماخن..ئێمەش بە جادەکەدا بە ڕەوت و یەرغە دەڕۆیشتین.

نیو سعات ڕێمان کردبوو ئەم جادەیەش کەوتە سەر جادەێکی گشتییتر،من چۆن مەزەنەم کردبوو ئاوا دەرچوو،جادە تازەکە ڕیک ئەم جادەیەی دەبڕی و بەو ئاراستەیەدا دەڕۆیی کە گوایە ئەسیناى لێیە،"دیارە بە پێی بۆچون و لێکدانەوەی من"،چوونکە هیچ نەخشەو زانیارییەکی دروستمان پێنەبوو.ئینجا کەوتینە سەر جادەکەیترو ڕێکردنەکەمان شێوەی نیمچە ڕاکردنێکی وەرگرتبوو،هەر سەیارەێک بهاتایە سەر جادەکەمان بەر دەداو دوور دەکەوتینەوە تاکو دەڕۆیشت.جارێک لە کاتی هاتنی سەیارەیەکدا بێچوەکان زۆر بە توندی خۆیان بە نێو هەندێک چڕەدارا کرد کە بە کەناری جادەکەوە بوو،یەکسەر هاواریان لێهەستا،چوونکە دارەکە دڕکاویی بوو یەکێکیان بریندار ببوو هەر هاواری دەکرد...سعات هەشتی بەیانی گەیشتینە نزیک شارێک کە زۆر گەورە نەبوو،بە کەناری شارداو بە نێو دارو دەوەنەکاندا دەڕۆیشتین،لە پڕیکدا کەوتینە نێو هەندێک دارەوە کە من نەدەزانی چ جۆرە دارێک بوو،لە شێوەی پەلکی دار خورماو داری حەیزەران دەچوو،دارەکان زۆر چڕوپڕو باڵا بەرز بوون،بەڵام ئەستورییەکەی هێندەی پەنجەێک دەبوو،زۆربەی دارەکان چەمابوونەوەو کەوتبوونە سەر زەوییەکە،ئێمە کە ئاگامان لە سیفەتی لەعنەتی ئەو جۆرە دارە نەبوو پێمان بە سەریا دەنا،دارەکان لە ژێر پێماندا دەشکاو دەنگێکی گەورەی لێوە هەڵدەستا،هەرکەسێک لەو نزیکانە بوایە گومانی نەدەما کە (چەند کەس لەوێدا شەڕە دەمانچە دەکەن! )ماڵەکان نزیکمان بوون،ئێمە لە خشەی مێروولەش دەترساین،کەچی تووشی ئەو بەڵایە بووین،وتم لە سەر خۆتان هەنگاو بنێن..یەکێک لە بێچووەکان کە پەشۆکابوو هەر چەپۆکانی بوو دەیویست زوو خۆی لەو بەڵایە ڕزگار بکات....

## - بەشی پێنجەم -

کەمێکیتر ڕۆیشتین و وەک ڕەوە بەراز بە کەناری جادەکەوە خۆمان خزاندە نێو دارو بژوێنێکەوە.هەمووومان هیلاک بووین و شەکەتیی و شەوگەڕانێکی تاڵمان پێوە دیار بوو.جلەکانمان پیس و تەڕوقوڕاویی ببوون.هەر یەک هەندێک جلی خاوێنترمان پێبوو،جلە پیسەکانمان داکەندو فڕێمانداو جلە خاوێنەکانمان لەبەرکرد.هەندێک تەماتەو نانمان پێمابوو خواردمان.دوایی چەند جگەرەم بە دوای یەکدا کێشا..ئەمجارەیان دووکەڵی جگەرەو دووکەڵەکانی ناخم تێکەڵ بە بۆن و نەرمەبای تەڕوفێنکی بەیانی دەبوون و بازنە بازنە بە ئاسماندا دەچوون و

پەرت و بڵاو دەبوونەوە.جگەرە لە بەیانییەکانی خەم و هەروەها بەیانییەکانی شادیشدا خۆش و نەشئەسازە، "هیوادارم هیچ کەسێک جگەرە نەکێشێت" بەیانییەک بوو دەکرێت بڵێم بەیانییەکی ئازاد نەبوو بۆ ئێمە.لەو بەیانییەدا کە زەردەی خۆر پرچی زەردباوی خۆی بە هەموو لایەکدا پەخش و واڵا کردبوو هەموو بوونێک زەردیی بەیانی گرتبوو،دەکرا پۆلیس"ئەو ڕەمزو قیافەو قەوارە نامۆیە" ئێمەی بگرتایەو دوای ناشیرینترین سووکایەتیی و گاڵتەپێکردن و ئازاردان، کەلەپچەیان بخستایەتە دەستمان...

لێگەڕێن بەیانییەکان ئازادبن..لێمگەڕێن با لە سەر ئەو خاک و خۆڵە ڕاکشێم و سەیری ئاسمانی زووڵاڵی بەیانی بکەم..لێگەڕێن با بفڕم و هەرچی تیشکی خۆر هەیە لە باڵە تەڕو تەزیوەکانم بدات..با هەموو سەر زەمینی بەیانییەکان بفڕم و ماچ بکەم..فڕین ئەگەر خەون و خولیای مرۆڤەکان بێت،با تەلبەندو دڕکە خوێناوییەکانی سنوور بشکێنین..ئازادیی،ئەگەر سەرزەمینی فڕین و قاقاو شادیە گەورەکان بێت..لێگەڕێن،با هەمووما ئازاد بین...

دوایی کەوتینە گفتوگۆوە ئایا چیبکەین؟ هێشتا هەر بە پێ بڕۆین یاخود بچینە نێو شارەوەو هەوڵی گرتنی تاکسی بدەین؟ ڕاستییەکەی کەسمان حەوسەڵەی ڕێکردنمان نەمابوو،بۆیە بە ناچاریی بڕیارماندا بچینە نێو شارەوەو هەوڵی گرتنی تاکسییەک بدەین.

هاتینە سەر جادەکەو دوو دوو پاش و پێشی یەک بەرەو نێو شار بە ڕێکەوتین،کە بە سەر جادەکەدا دەڕۆیشتین خەڵک دەمانی بینی،بەڵام ئێمە ئاسایی دەڕۆیشتین و گوایە لە هیچ ناترسین! جلەکانمان کەمێک باش بوون،هەروەها سەریشمان شانە کردبوو ئەگەرچی پیس و پڕی ووردە شت بوو.بەسەر جادەکەدا دەڕۆیشتین تراکتۆرێک کە چەند کەسی لە سەر بوو، دیار بوو بۆ سەر کارو کێڵگەکانیان دەچوون،گەیشتنە ئاستی ئێمەو دەستیان بەرز کردەوەو سڵاویان کرد،من حەزم نەدەکرد کەس سڵاومان لێبکات..دەترسام براێک یان خووشکێکی ئەوان پۆلیس بێت...!

گەیشتینە نێو شارو چاومان بۆ دوو شت دەگێڕا: پۆلیس و تاکسی،دوو شتی ناجۆرو دوور لە یەک،یەکێکیان ئێمەی دەگرت و ئەویتریان ئێمە دەمانگرت،یەکێکیان زیندانیمانی دەکردو ئەویتریان ئازاد.باش بوو ئەوەی یەکەممان تووش نەهات،لە دوورەوە چەند تاکسیمان بینی وەستابوون، بە دوو دڵییەوە بەرەو لایان ڕۆیشتین،دیارە زمانیش نازانین،چوومە بەردەم یەکێک لە شۆفێرەکان و بە ئاماژەو دەربڕینی ناوی ئەسینا ،تێمگەیاند بۆ ئەسینا دەڕۆین ئایا دەمانبەن؟ سەیرێکی قەدوباڵامانی کردو بە سەر لەقاندن وتی بەڵێ.لە کامپەکە چەند ووشەو هەندێک لە ژمارەکانم بە زمانی یونانی لە بەر کردبوو،وەکو"پۆسۆ" یانی چەندو"لفتە"یانی پارەو هتد..هەردوو ووشەکەم پێکەوە لکاندوو وتم پۆسۆ لفتە! وتم شتێک هەر دەردەچێت و تێدەگات..ئەویش قەڵەم و کاغەزێکی دەرهێناو نووسی 100 ئۆیرۆ.ئەگەرچی ئەو پارەیە چەند بە قەد کرێی ئاسایی بوو،بەڵام بە لای منەوە ١٠٠ فلس بوو!من دەمویست لە دەست پۆلیس و ئەو گورگە هارانە ڕزگارمان بێت، پارە بە لامەوە هیچ بایەخێکی نەبوو،یەکسەر وتم ئۆکەی!

هەر لەوێدا سەد ئۆیرۆکەی لێمان وەرگرت و وتی سەرکەون.ئێمە چووینە نێو تاکسییەکەوەو دانیشتین.من حەزم دەکرد خۆیشی سەربکەوێ و یەکسەر بە ڕێکەوین،پۆلیسەو بۆنی کردو پێمانیزانی! بەڵام ئەو پارچە پەڕۆیەکی گرتبووە دەستەوەو جامی سەیارەکەی دەسڕی،لە دڵی خۆمدا دەموت سەیارە پاک و جوانە کەی پێویستی بە خاوێن کردنەوە هەیە! ئەو دەیزانی ئێمە ترسی پۆلیسمان هەیە بەڵام لەوێدا لەو بارەوە هیچی نەوت،پاشان ئەویش سەرکەوت و بە ڕێکەوتین.

کاتێک سەیارەکە بەڕێکەوت بزەیەکی کاڵ و تاڵ دەکەوتە سەر لێوم و هەم تۆزقاڵێک شادیی پێم دەبەخشی و هەم دونیایێک لە ئازار! هەموو شتێکم وەکو خەون پێشچاو دەهات و وێنا دەکرد،بیرم لەو هەموو دەردەسەرییە دەکردەوە کە بە سەرماندا هاتبوو،لە شەوارەبوون بە هەموو ماناو حەقیقەتە تاڵەکانیەوە،لە شەوو جەنگەڵ و شاخ و هەناسەو هەنگاوە ماندووەکانمان،لەو هۆکارو یاساوڕێسا پڕوپووچانەی ببوونە هۆی تەرەبوون و کوێربوونی ئێمە. شۆفێری تاکسییەکە پیاوێکی بە تەمەن بوو،هەندێجار چەند قسەیەکی لە گەڵماندا دەکرد،منیش بەو چەند ووشەیە کە لە بەرم کردبوو فلتەفلتێکم بۆی دەکرد..بەڵام نەمدەزانی تێدەگات یان نا.پرسیاری ئەوەشی کرد خەڵکی کوێین،وتم ئیراک..ئەویش دەستی خۆی وەکو چەقۆ لێدەکردو بە ملی خۆیدا دەیهێناو دەیوت:سەدام هوسەین! دوایی وتی خۆ هیچ کێشە- پرۆبلەمێکتان نییە؟ ئەم پرسیارەی فێڵبازانە کرد،ئەو دەیزانی و هەستی کردبوو ئێمە لە پۆلیس دەترسین.بەڵام منیش وتم :نۆ..نۆ پرۆبلەم...! ئەویش پێدەکەنی و بە پێکەنینەوە قسەکەی منی دووبارە و درێژ دەکردەوەو دەیگوت نۆ..نۆۆۆ پرۆبلەم..ساختەچیبوو...! لە ڕێگە جارێکیتر پەنام بردە بەر ووشەی پۆسۆو وتم: ئەسینا پۆسۆ کم؟وتی 150 کم،ئیتر حیکایەتمان نەکرد!

سعات دەی بەیانی گەیشتینە ئەسینا،ئەو شوێنەی کوردەکانی لێبوو نەماندەزانی لە کوێیەو ناونیشانەکەی چییە،تاکو بە تاکسییەکەمان بوتایە لەوێ دامانبەزێنێت،لە بەر ئەوە لە شوێنێکیتر دابەزاندین.لەوێ زۆر چاومان گێرا کوردێک یان هەر بیانییەکیتر ببینین و پرسیاری ئەو شوێنەی لێبکەین،بەڵام کەسمان بەر چاو نەکەوت، پرسیارمان لە زۆر خەڵکی ئەوێ کرد کەس وەڵامی نەدەدایەوە،بە چەندیین تاکسیمان وت لە بەر ئەوەی زمانمان نەدەزانی لێمان دەترسان و نەمانیاندەبرد.زۆر ترسی پۆلیسمان هەبوو بمانگرن،لەو سەری هەر کۆڵان و جادەێکدا پۆلیسمان ببینایە ئێمە بە لایەکیتردا دەڕۆیشتین.چوونکە لەم ماوانەی دواییدا پۆلیس بە ئارەزووی خۆیان و بە بێ هیچ هۆێک پەنابەرانیان دەگرت و زیندانیی دەکرد.هەروەها ئێمەش تازە بووین و سەرو سیمامان لە خەڵکی شاری نەدەکرد،بەڵکو ڕۆخسارو قەوارەی مرۆڤگەلێک بووین هەموو دەردو ژانەلانی شەوگەڕیی و شەوارەو ئاوارەیی و نامۆیی تێدا بەرجەستە ببوو... پەنجا ئۆیرۆمان پێمابوو هەندێ پسکیت و شیرینی و کۆلامان کڕیی و لە ناو پارکێکدا دانیشتین و خواردمان.

کەشووهەوای یۆنان هاوینانیش بارانی زۆری لێدەبارێت،ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆ ئاسمان چارەی خۆی بە یەکدادابوو بارانێکی بە خوڕی دادەباراند، سەرباری ئەو هەموو هیلاکیی و دەردەسەرییە هەموو جلەکانیشمان تەڕ ببوو ئاوی پیا دەهاتە خوارەوە،وەک دیاردەیەکی بێدەرەتانی بەر باران ئەمسەرو ئەو سەرمان دەکردو باران..بارانبارینی دەکردین! وەک سرووشت بە قەستی ململانێمان بکاو بڵێت:لە زەریاکانم ڕزگاربوون،بەڵام ئەمجارە عەزابتان دەدەم و ڕەقتان دەکەمەوەو سەرتان لێدەشێوێنم.هەورەکان بە جۆرێک بروسکەیان دەداو دەیانگرمان،وەک بیانەوێت شار خاپوور بکەن و ئێمەش لە نێو بەرن،یان بیانەوێت داخی ڕەنج و ستەمێک کە لە ئێمە دەچوو بە سەر شاردا بڕێژن!

نرکەو ناڵەناڵی ئاسمان پر بوو لە ژان و دەردو نەفرەت..وەک نرکەی ڕۆح لەبەرێکی بریندارو پڕجۆش ..خوێن لە بەری بڕواو گینگڵی پێبدات..من هەمیشە وەک باران پەرستێک لە باران و ئاسمان و هەورەکان دەڕوانم و خۆشم دەوێن،حەز دەکەم لە بەر ڕەهێڵەی باراندا ڕاکشێم و بمشواتەوە. ئەو ڕۆژە ئەگەرچی ئەو هەستەشم هەبوو لە قووڵاییەکانی ڕۆحمەوە هەستی تەڕیی و شەڵاڵبوونی ئاووباران ئارامیی پێدەبەخشیم..بەڵام لە لایەکیترەوە جەستەمی دەڕچاندو هەراسانی دەکردم،مرۆڤ با باران پرستیش بێت،بەڵام کاتێک بە زۆرو بە بێویستی ڕۆحیی خۆی فڕێی بدەنە بەر باران،دەکرێت ڕەزامەند نەبێت..باران پەرستێک خۆی دەزانێت کەی و چۆن و تاکو کەی لە ژێر ڕەهێڵەدا ڕاکشێت...!

ئەو رۆژە یەکێک لەو رۆژانە بوو کە شتەکان بە بارە سلبیەکەیدا دەشکایەوە،دوور لە شوێنی کوردەکان دابەزین،کەسێکمان نەدەبینی شوێنی کوردەکانمان پێبڵێت،پرسیارمان لە خەڵکی دەکرد وەڵامیان نەدەدایەوە،بە هەر تاکسیەکمان دەوت نەدەبردین،تەلەفۆنمان بۆ چەند ناسیاوەمان کرد دەیانوت دوورین و لە شارێکیترین و ناتوانین بێین بۆ لاتان،باران بە خوڕ دەباری و دنیاو ئاسمان شەڕی ئێمەی دەکرد!

زۆرجار ئەو زنجیرە رێکەوتە سلبیانەم لە فیلمدا بینیوە کە ڕووبەڕوی پاڵەوانی فیلم بۆتەوە،بەڵام هێند بە دروستم نەدەزانی و دەموت بۆ دەبێت ئەو هەموو ڕووداوە خراپانە یەک بە دوای یەکدا بێن و ڕیکەوتێکی ئیجابی تێدا نەبێت؟! بەڵام ئێستا باوەڕم وایە دەکرێت دەیان ڕووداوی سلبیی بە دوای یەکدا بێن،بە بێ ئەوەی ڕێکەوتێکی ئیجابی بکەیت.بەڵام ڕاستییەک لە پەیوەند بەو ڕووداوو ڕیکەوتە سلبیانەوە هەیە،ئەویش بریتیە لەو ڕێڕەوو هەلومەرجە کە مرۆڤەکە تێیدا دەژی.

کاتژمێر گەیشتبووە چواری دوای نیوەرۆ،کەسێکمان بینی پێمان وابوو کوردە،لێی نزیک بووینەوەو قسەمان لە گەڵکرد،وابوو،مەسەلەکەمان بۆ ڕوونکردەوە،لە بەر ئەوە کە ئەو کەمێک زمانی دەزانی توانی تاکسیمان بۆ بگرێت و بۆ خۆیشی لە گەڵمان هات.دوای بیست دەقە گەیشتینە "پارکی کۆماندۆو ئامۆنیا"،پارکی کۆماندۆو ئامۆنیا ناوی شوێنێک بوو لە ئەسینا، کوردەکان بە زۆری لەوێ کۆ دەبوونەوە.

کاتێک لە تاکسیەکە دابەزیم هەستم کرد ڕیک لەو شوێنە گشتیانەدام کە لە کوردستان خەڵکی بێکار لێی کۆ دەبوونەوەو بە یەکدا دەهاتن،بەڵکو زیاتر لە هەڕاجخانەکان دەچوو لە ڕۆژانی جومعە!سەدان کەس بەو ناوەدا بێسەمەر دانیشتبوون و دەهاتن و دەچون و جگەرەو شتی قاچاخیان دەفرۆشت! پۆلیس دەهات و هەر یەکیک بە لایەکدا بۆی دەردەچوو.هەستم بە نامۆییەکی وێران دەکرد،نەمدەزانی دەبێت چیبکەم..بۆ کوێ بڕۆم و کوێ هی منە؟!هەستم دەکرد من هیچ شتێکم لێرە نییەو مەحکومیان کردووم بەوەی هیچم نەبێت! نەماڵێکم هەبوو بۆی بچم و دوور لەم جەنجاڵییە دامپۆشێ و نە لە سەر جادەکانیش ئازادییم هەبوو دانیشم و بسوڕێمەوە. لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر هەڵدەهاتم و کەچی دەستم بە باڵ و سەرزەمینی ئازادی نەدەگەیشت! پۆلیس و بێدادیەکان لە هەموو شوێنێک بوون،بەڵام ئازادیی و بەهاکانی مرۆڤ لە هیچ شوێنێک نەبوون.

خولیای ئازادیی بەشێکی زیندووە لە فەنتازیای کۆچبەرو"ئەو کۆچبەرەی بۆ ئازادیی زمانی ووشکو لاڵبووە" کۆچ دەکاو کەچی بە ئاسمانی ئەو دوورگەو سەرزەمینە ناگات کە خەونی پێوە بینیوەو خەونی پێوە دەبینێت.

بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە ئازادیی بوونی نییە! یاخود چوارچێوەو سنووری بۆ دانراوەو ئەوەش دیسان یانی نەبوونی ئازادیی،یانی هەڵکێشانی شاباڵی ئازادیی.کاتێک ئازادیی ماناو بوون پەیدا دەکات هیچ سنوورو چواچێوەو تەفسیرێکی بۆ نەکرێت،ئازادیی واتە ئازادیی و نابێت هیچ خاڵێک لەودیوییەوە سنووری بۆ دیاری بکات.دەبێت"من" ئازاد بم چیدەکەم چیدەخۆم،جیدەپۆشم و یان ڕووتبم!چۆن بیر دەکەمەوەو بۆ کوێ دەڕۆم و لە کوێ دەژیم.ئازادیی دەبێت ڕەها بێت وەک هەوا..وەک چۆن ئێمە هەوا دەمژین و لەو کاتەدا بیر لەوە ناکەینەوە، چۆن ئەم هەوایە دەمژین و هیچ سیستەمێکیش ئەوەی دیاری نەکردووە،کە چۆن و چەند هەوا بمژین..

ئێمە کە لە کامپەکە هەڵاتین بە تەمای ئەوە نەبووین بچینە لای قاچاخچیی و پارەی تورکیا-یۆنانی بدەینێ،چوونکە پاش پەنجا ڕۆژ زیندانیی و ئەو هەموو هیلاکییە بە ڕەوامان نەدەزانی پارەیان بدەینێ،یان وتمان کەمێک لەو برە پارەیە دەدەین کە بڕیار بوو بیاندەینێ.هەروەها قاچاخچییەکانی ئێمە کەمتەرخەم بوون

له بەرامبەر ئێمەداو لەو پەنجا ڕۆژەدا هیچ سەردانێکیان نەکردین و پارێزەریان بۆمان نەگرت تا زوو ئازادمان بکەن.چوونکە چەند وەجبەیتری کۆچبەران دوای ئێمە گیران و بە هۆی پارێزەرەوە زوو ئازاد دەکران،هەروەها قاچاخچیی وێنەیکی ناشیرین و ڕەزا تاڵە لە دیدی کۆچبەرانداو هەمیشە دەیانەوێت لە دەستیان هەڵێن و پارەیان نەدەنێ.

بەڵام ئێمە کەوتینە دۆخێکی خراپەوە،هەم پارەمان کەم پێمابوو هەمیش هیلاکیی و شەونخوونی و شەوارەبوون کوێرو پەرێشانی کردبووین،کەڵکی ئەوەمان نەمابوو تاکو شوێنێک دەدۆزینەوە لە سەر جادەو کارتۆن ڕابخەین و بخەوین.هاوڕێکانیشم هێندە وەڕەس و ماندوو ببوون،هەر دەیانوت تەلەفۆن بۆ قاچاخچییەکە بکە با بێت بە دواماندا،ئەوان دەیانویست ژوورێکیان دەست بکەوێ و چەند ڕۆژێک تێیدا بخەوەن و بحەوێنەوە.ئەوەبوو تەلەفۆنمان بۆ قاچاخچیی کردو هات بە دوامانداو بردمانی بۆ شوقەکەی! کەلاوەیکی پیس و کۆن و داڕۆخاو بوو بۆگەنی لێهەڵدەستا،لەو جۆرە کەلاوانە بوو کە خەڵکی ئەوێ مانگاشی پێوە ناکات.

دوو سێ ژووری پیس و بۆگەناویی بوون کە دەچوویتە ژوورەوە بۆنی زێرابی لێدەهات،ئاوی تێدا نەبوو لە شوێنێکیترەوە بە دەبەو سەتڵ ئاویان دەهێنا،کە باران دەباری لە دەیان شوێنەوە دڵۆپەی دەکرد.

ئەو کۆچبەرانەی کە لە تورکیاوە دەگەنە یۆنان، تەسلیمی قاچاخچییەکانی یۆنانی دەکەن و ئەوان دەیانبەنە شوقەی خۆیان و تاکو پارەکانیان حەواڵە نەکەن،بۆیان نییە بچنە دەرەوە،واتە زیندانیان دەکەن! "قاچاخچییەکان کوردن و کەمجار یۆنانیان لە گەڵە"،هەروەها قاچاخچییەکان زۆر بێڕەوشت و سەرسەری و چەقۆکێشن،بە هۆی نابەڵەدیی و کەم ئەزموونی کۆچبەران لەو وڵاتانە،بە شێوازی جۆراوجۆر ئیستغلالیان دەکەن و لێیان دەدەن و بە زۆر پارەیان لێدەسەنن.هەروەها تەعدای سێکسی دەکەن و کردوویانە لەو کۆچبەرانەی کە تەمەنێکی کاملیان نەبووەو بە زۆرو هەلخەڵەتاندن ئیستغلالیان کردوون! ئەگەر ڕۆژێک لە عێراق و کوردستان یاساو سیستەمێکی مرۆیی و عەدالەت و حەقخواز بێتە کایەوە،ئەوا دەبێت قاچاخچییەکان بناسرێن و لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ بکرێ و ئەوانەی تاوان و دەستدرێژیان لە سەر ساخ بکرێتەوە،دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەرگرن.
چوار ڕۆژ لەوێ ماینەوە پارەکەمان پێدان و هاتینە دەرەوە...

## - بەشی شەشەم -

ناسیاوێکمان هەبوو بیستبوومان "شوقەی" هەیەو وتبووی هەر کاتێک هاتنە دەرەوە با بێن بۆ لای من.لە ئەسینا هەر (کۆمەڵە خەڵکی ناوچەیک شارێک عەشیرەتێک شێوە زارێک..) یەکێک لەو کەلاوانەیان داگیر کردووەو بە موڵکی خۆیان و قەبیلەیان دەزانی! ئەگەر ئارەزوویان نەبوایە نەیاندەهێڵا خەڵکی ئاوەکیی و غەیرە قەبیلەو بێگانە بێنە ناوی! ئێمەش بە هۆی ئەو ناسیاوەمانەوە ڕوومان لە یانەی قەبیلە کرد!

ئەم کەلاوانە هەرچۆنێک بوایە لەوە باشتر بوو لە دەرەوەو لە سەر جادە بخەوتایەین.بە سەدان کەس هەبوون لە سەر جادەو ناو پارک و پەناو پەسێوەکاندا دەخەوتن و کەلاوەێکیان دەست نەدەکەوت! کۆچبەران هەندێک ناوی سەیریان لەو کەلاوانە نابوو،وەک شوقەی جرجەکەو مشکەکەو...هتد،هەڵبەتە پڕبوون لەو جرۆجانەوەرانە.

مرۆڤ تاکو کۆچ نەکات حەقیقەتەکانی کۆچ نازانێت،وێناکردنەکانی کۆچبەر بۆ دەرەوە ڕاوەستان و تەرکیز کردنە لە سەر شتە جوانەکان،ئەو شتە جوان و خۆش و سەیروسەمەرانەی لە زمانی خەڵکیترو مێدیاکانەوە دەیبیستێ و دەیبینێت،کۆچبەر کاتێک کۆچ دەکات ناتوانێت یاخود نایەوێت ڕەهەندەکانیتری کۆچ ببینێت.ئەو-کۆچبەر هەندێک شتی بینیوەو بیستووە،"درۆبن یان ڕاست" کە تەمەنێک داخ و حەسرەتی بۆ دیتن و کردن و ممارەسەکردنی هەڵکێشاوەو دەبینێت ئێستا کۆچ ئەو دەرگایەی لێدەکاتەوە خەونەکانی بە دیدێنێت،بۆیە لێرەدا فەزای تۆخی وێناکردنەکانی کۆچبەر،ڕاوەستانە لە سەر جوانییەکان و ئامادەیە لەو پێناوەدا قاربانی بدات.

هەروەها وێنەێکییش کە کۆچبەری کورد لە دەرەوە بە وڵاتی دەدات،زۆربەی جارەکان وێنەێکی ساختەو نادروستە،ئەو لە بەرگی وێنەو جلوبەرگ و دیمەنەکانی دەرەوەدا تەنها جوانییەکانی هەندەران بۆ وڵات بەرهەم دێنێت. من ئەو کۆچبەرانەم دەبینی لەو شوێنە پیسانەدا دەژیان و دەیانخواردو دەخەوتن،ئەوەم بە بیردا دەهات کە چی درۆێکی گەورە لە گەڵ خۆیان و کۆمەڵگەی خۆیاندا دەکەن،بەوەی دەچوونە سەر دەریاو شوێنە جوانەکان و وێنەیان دەگرت و بۆ کەس و کاریان دەناردەوە،گوایە ئەوان ئاوا دەژین و ژیانیان وەک دیمەنی نێو وێنەکانیان جوان و ڕازاوەو ڕۆمانسییە.

هەڵبەتە ئەو درۆو ساختە کارییە هۆکاری خۆی هەیەو پەیوەندی بە کەسێتی و کولتورو سایکۆلۆژیی کۆمەڵگەو تاکی کوردەوە هەیەو لێرەدا بابەتی من نییە.

من پڕ بە دڵ حەزم دەکرد لە هەموو ئەو خەرابانەدا وێنەو تەسویرم بکردایەو وەک دیمەن و بەڵگەێکی زیندووی بیرەوەریەکانم ئەرشیفم بکردایە،وێنەی ئەو شەوانەی لە بەر ڕەهێڵەی باراندا دەخەوتم و دەخەوتین و پۆلیس! بە دارو پێڵەقەو سووکایەتیکردن دەهاتنە وێزمان و بە زۆر هەڵمانیان دەساندو دەیانوت بڕۆن! بەڵام بە داخەوە ئەو دەرفەتەم بۆنەڕەخسا.

مانگێک لەو خەرابەیەدا ژیام نە ئاوی تێدا بوو نە کارەبا،شەوانە مۆممان هەڵدەکردو ئاویشمان لە شوێنێترەوە دەهێنا،بۆ چێشت لێنانیش ئەگەر لە ماڵەوە نانمان بخواردایە-کە زۆربەی کاتەکان لە ماڵەوە نانمان دەخوارد،تەباخێکی بچووکمان دەکڕی بە غاز کاری دەکردو خواردن و چامان لە سەری دەکوڵان،ئاگرەکەی هێندە بێهێز بوو هیچ خواردنێکی بە باشی نەدەکوڵان.هەندێ جاریش بە کاغەزو کارتۆن و پارچە دار ئاگرمان دەکردەوەو چاو چێشتان لە سەری دروست دەکرد،بەڵام ئەوە کێشەی بۆمان دروست دەکردو بە هۆی دووکەڵەوە ماڵەکانی دەوروبەرمان بێزار دەبوون و پۆلیسیان دەهێنایە سەرمان.هەندێجار وەکو گولە هاوەن بەردێک لە لاماندا دەکەوتە خوارەوەو کەس نەیدەزانی لە کوێوە دێت!

لەو کەلاوەیەدا بووین ئێوارەێک بە بێ خشپەو ترپە کۆمەڵێک پۆلیس وەک گەلە گورگ دایان بە سەرمانداو هەمووومانیان گرت،سەرەتا داوای وەرەقەیان کرد،وەک خۆیان دەڵێن:"خەرتیە"،من خەرتیەم نبوو وتم لەوانەیە ئەوەی خەرتیەی بێت نەیگرن،کەچی لە پێشدا خەرتیەدارەکانیان قۆڵبەست کرد! دە کەس بووین دوو دوو بە کەلەپچە بەستمانیان بە یەکەوە و بردمانیان بۆ پۆلیسخانە. لەوێ پێیان وتین ئەگەر لەو خەرابەیە دەرنەچن

ئەوا جارێکیتر دێینەوەو دەتانگرین و دەتاننێرینەوە بۆ لای سەدام هوسەین! دوای نیو سعات بەرباندایان و ڕێکو ڕاست گەڕاینەوە بۆ خەرابەکەمان،بۆ کوێ بڕۆیشتایەین..هەموو ئەوانەی ماڵیان نییە پەنا بۆ خەرابەکان دەبەن.
لەم ماوەو ساڵانەی دواییدا پۆلیسی یۆنان هەڵوێست و کاردانەوەیکی زۆر توندوتیژیان پەیرەو دەکرد لە بەرامبەر کۆچبەراندا،بە هەموو شێوەیک کۆچبەرانیان ئازار دەداو دەگرت و زیندانیی دەکرد،لە چەند سعاتەوە تاکو چەند ڕۆژو هەروەها چەند مانگ لە زیندان تووندیاندەکردن.هیچ بەهایکی مرۆیی نەمابوو ژێر پێیان نەنایە.وەرەقەت هەبوایە دەیانگرتی..نەتبوایە دەیانوت بۆچی وەرەقەت نییە دیسان دەیانگرتی..دەرۆیشتین بۆ دائیرەی پۆلیس وەرەقەیان بۆمان نەدەکرد،بەڵکو لەوێ سوکایەتییان بە کۆچبەران دەکرد.من یەکجار بۆ پۆلیسخانە ڕۆیشتم،ئەو هەموو سووکایەتییەو نیگای بە سووک سەیرکردنی پۆلیسم بینی.ئیتر بەو ناوەدا نەچوومەوە.

مانگیک لە ئەسینا بووم بۆ یەک سات هەستم بە ئارامیی نەکرد،بەڵکو هەمیشە دڵتەنگ و بێحەوسەڵە بووم و هەستم بەوپەڕی پێشێلکردنی هەموو ماف و ئازادیی و بەهای مرۆییم دەکرد.چی گەوجیی و ئەفسانەیکە لەم دانیایەداو لە سایەی ئەم سیستەمەدا"سیستەمی سەرمایە" بۆ ئازادیی بگەڕێیت!

دوای مانگێک لە ئەسینا ڕۆژێک لە گەڵ دوو برادەریتردا تێکتی قیتاری شاری" پاترا"مان بڕی و بەرەو ئەو شارە بە ڕێکەوتین،پاترا شارێکی خۆشی یۆنانەو دەکەوێتە سەر دەریاوە،هەروەها بەندەری کەشتیی لێیەو کەشتیەکان لەوێوە بۆ وڵاتانیتر دەڕۆن وەکو ئیتالیاو هتد ...

لە ڕێگە لە پەنجەرەی قیتارەکەوە سەیری دەرەوەو دیمەنی ڕەنگیینی سروشتم دەکرد،بە ڕاستیی جوان و ڕەنگیین بوو،هەموو شوێنێک دەشتایی و شاخ و تەپۆڵکە سەوزی دەکردەوە.بەڵام هەستی من هەستی زیندانییەک بوو لە دەلاقەیکی بچووکەوە سەیری دەرەوەو ڕوناکیی و ئازادیی بکات.مرۆڤ کاتێک ئازاد نەبێ و لە باری ڕۆحیی و دەروونییەوە هەست بە ئازادیی نەکات،ئەگەرچی بە هەموو دونیاشدا بسوڕێتەوە بەڵام هەستی ئەو هەستی دیلە،دیلبوون هەر ئەوە نییە مرۆڤ لە نێو چوا دیواردا توونو بکرێت،بەڵکو دەکرێت بە دیوی دەرەوەو لە پانتایی و مەودایکی بێسنووری سەرزەمیندا مرۆڤ دیل بێت و دیل بکرێت...

گەیشتینە پاتراو نزیکی بەندەرو کەشتییەکان بووینەوە،لە پەنجەرەی قیتارەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد،بە کەناری هێڵی قیتارەکەوە دەیان و سەدان کەسم دەبینی بەو ناوەدا دەسووڕانەوەو چاویان بڕیبووە کەشتییەکان،هەروەها دەیان و سەدان پارچە کارتۆن و جانتاو بەتانی و کیسە خەوم دەبینی بە سەر هێڵی قیتارەکەوە دانرابوون و کۆچبەران شەوانە بە خۆیاندا دەداو زۆبەشیان هەر لەوێدا دەخەوتن!

ئێوارەیکی درەنگ و غەمگین و بریندار بوو گەیشتمە ئەوێ،ئێوارەیکی ڕووت و ڕەجاڵ،تێیدا هیچم نەبوو،نە ماڵێک هەبوو ئاوارەییم داپۆشێ و نە کووچەیکی ئازاد بۆ پیاسەو پەناگەی "غەریبیم "! من هەمیشە پڕ خەم وژان بووم، لە بیرم نایێت پێکەنیبووبێتم!

هەمیشە ڕۆخسارێکی تاڵ و سەرێکی جەنجاڵ و ناڵەیەکی پڕ نەفرەت بووم.هەست و ئەقڵ و ویژدان و مۆراڵی من ئەو گاڵتەجاریی و سووکایەتییەی قەبوڵ نەدەکرد.من باوەڕی تەواوم بەوە هەیەو هەبوو کە مرۆڤ دەتوانێت جۆرێکیتر بژیت،سیستەمێکیتری بۆ ژیان هەبێت،سیستەمێکی ئازادو یەکسان بۆ هەموو مرۆڤ،ژیان و سەرزەمینیش موڵک و ماڵی هەموو کەس بێت...

کاتێک لە قیتارەکە دابەزیم چەند کەشتیی گەورەم بینی لەنگەریان گرتبوو،ئەوە یەکەمجارم بوو ئاوا لە نزیکەوە کەشتیی گەورەو جوان و ئەفسانەیی ببینم.گەورە هێندەی جوانترین و ڕازاوەترین کۆشک وتەلاری چەند نهۆمیی،

ڕازاوە بە سەدان گڵۆپ و شەمعەی ڕەنگاو ڕەنگ،کە لە دوورەوە سەیرم دەکرد، وێنەی شارێکی ئەفسانەییم وێنا دەکرد کە لە دەریاوە هاتبێت.

ئەو ئێوارەیە تاکو درەنگە شەوێک لە گەڵ ئەو برادەرانە بەو ناوەدا دەسووڕاینەوەو سەیری خەڵک و پۆلیس و کەشتییمان دەکرد، پۆلیس دەهات و لە بەندەرەکە دوور دەکەوتینەوە،هەستم دەکرد بوواری دەرچوون زۆر کەم و ئەستەمە.

پۆلیس هەموو بوارەکانی تەنیبوو نەیاندەهێشت کۆچبەران نزیکی بەندەرەکە ببنەوە،بە تایبەت لەو کاتانەی کەشتییەکان باریان بار دەکردو ئامادەی ڕۆیشتن دەبوون.درەنگە شەوێک لە گەڵ ئەو برادەرانە پەنایکمان لە نزیکی بەندەرەکە دەسنیشانکرد تێیدا بخەوین،هەرکەسەو کیسە خەویکمان پێبوو،هەندێک کارتۆنمان هێناو ڕامانخست و چووینە نێو کیسە خەوەکانمانەوەو لە سەری ڕاکشاین،من وەک هەمیشە بە سەرێکی کاس و جەنجاڵەوە تەقەلای خەوم دەداو زۆر درەنگ خەوم لێدەکەوت.

بەیانی زوو هەستاین و ماڵ وحاڵمان پێچایەوەو بە کۆڵماندادا، چایخانەیێکی کوردەکان هەبوو کە لەنێو کەلاوەیەکدا بوو،چووین بۆ ئەوێ و چاو ماستێکمان خوارد.دوایی گەڕاینەوە بۆ لای بەندەرەکە،کۆچبەران هەمیشە لە دەوروبەری کەشتیی و بەندەرەکە بوون،لەوێ چاودێریی ئەو لۆری و شاحینە بارهەڵگرانەیان دەکرد،کە لە ناو گۆڕەپانی بەندەرەکەدا دەوەستان و پاشان دەچوونە نێو کەشتیەکانەوەو بۆ وڵاتانیتر دەرۆیشتن. کۆچبەران هەوڵیان دەدا بە دزەکردن بچنە نێو لۆری و شاحینەو سەیارەکانەوەو لەوێشەوە بۆ نێو کەشتیەکان بچن . سەیرکردنی ئەو دۆخە نیگەرانی دەکردم،نەمدەزانی چەند ڕۆژو هەفتەو مانگێتر لەوێ دەمێنمەوەو لە سەر جادەو نێو پارک و پەنا دیوارەکان بخەوم.

یەکێک لەو شتە تاڵ و پڕ ئازارە مرۆڤ سەرگەردان دەکات،ئەوەیە مرۆڤ ماڵێکی نەبێت،ماڵێک تاک و داپۆشێت و تێیدا مومارەسەی جووڵەو کردارە تایبەتی و ناوەکییەکانی خۆی بکات،ماڵ بۆ مرۆڤ ئەو دووڕگە نهێنی و دونیا تایبەت و فەزا سەربەخۆیەیە تێیدا چی بوێت دەیکات! لە دونیایێکدا کە "دەرەوە"سەرزەمینی "حەرامە"کانە،"ماڵ" ئەو شوێنە ئازادیە تێیدا هەرچی حەرام و پیرۆزیی هەیە تێکدەشکێنرێت...دەکرێت دەرەوەش هەمان شوێن بێت بۆ بەرجەستەکردنی جووڵەو ویستەکانی مرۆڤ..بەڵام کاتێک هیچ "حەرام"ێک لە گۆڕێ نەمابێت...

بە بێ حەوسەڵەییەکی زۆرەوە ئەو ڕۆژەمان بە ڕێکرد،شەوێکی درەنگ لە گەڵ دوو برادەر"هەردووکیان پورزام بوون"لە شوێنێک دەگەڕاین بیدۆزینەوە تێیدا بخەوین،دەبوا شوێنمان بدۆزایەتەوە چوونکە ئێمە هیچ "شوێنێک" مان نەبوو.بە کەناری بەندەرەکەوە پارکێک هەبوو دارێکی گەورەی تێدا بوو دەوری دارەکە بە چیمەنتۆ شوورە کرابوو،جێگەی هەرسێکمانی تیا دەبووەوە،چەند پارچە کارتۆنمان هێناو ڕامانخست و خۆمان خزاندە نێوکیسە خەوەکانمانەوەو وەک هەمیشە بە دونیایێک داخ و کەسەرەوە خەوتین.بەیانی لە گەڵ هەڵاتنی ڕۆژدا هەستاین و پەرۆپۆی هێلانەو ماڵمان پێچایەوەو دامان بە کۆڵماندا،هەموومان هەرواببووین..ماڵەکانمان بە کۆڵمانەوە بوو..دەمانتوانی لە هەموو شوێنێک بین و دەیانتوانی لە هەموو شوێنێک دەرمانبکەن..هەموو شوێنێک دەرۆیشتین و هیچ شوێنێکمان نەبوو.

دۆخی ئێرەمان لە ئەسینا خراپتر بوو،چوونکە ئەو کۆچبەرانەی بۆ ئەم شارە"پاترا" دەهاتن بە مەبەستی دەرچوون بۆ وڵاتێکیتر دەهاتن، پۆلیس ئەمەی دەزانی بۆیە هەمیشە بە دوامانەوە بوون و ڕاویان دەناین .ڕۆژانە دەیان کۆچبەریان لە نێو لۆری و شاحینەو کەشتییەکاندا دەگرت و بە شێوەیێکی دڕندانە دارکاریی و سوکایەتیان پێدەکردن،زۆر کەس لە کاتی لێداندا دەست و دەموچاویان دەشکاو خوێناویی دەبوون!

پۆلیس ناوو وینەیکی ناشیرین و ڕەزاتاڵ بوو،وینەیک لە هەر شوێنێک بوایە دەبوا ئێمە ئەوێمان چۆڵ بکردایە،بە تایبەت دەوروبەری بەندەرو کەشتییەکان و ئەو کاتانەی کەشتییەکان بارەکانیان بار دەکرد.لە سەر دەریاکە دادەنیشتین دەهاتنە سەرمان و دەیانوت بڕۆن،هەرکەسێکیش نەڕۆیشتایە دەیانگرت و لێیان دەدا.ڕۆژێک بە کۆچبەرێکیان وت کە لەو شوێنە دوور بکەوێتەوەو بڕوات..بەڵام ئەو نەڕۆیشت و هەر لە شوێنەکەی خۆی وەستابوو،پۆلیسەکان چوونە سەری و دەستیان بە لێدانیکرد،بە بێ جووڵە وەستابوو خۆیشی لە لێدانەکانیان نەدەپاراست..جوامێرانە وەستابوو چاوەڕێی شەقەکانیتری دەکرد..وەک پەیکەرێکی تەحەدا ڕاوەستابوو گاڵتە بە جەلاد بکات!...

سەر دەریا خۆش و ئارامیی بەخش بوو،خەڵکی ئەوێ ..کوڕو کچانی لاو بۆ پیاسەو دڵداریی و خۆشەویستیی کردن دەهاتن بۆ ئەوێ و یەکتریان لە ئامێز دەگرت و دەمیان دەخستە نێو دەمی یەکترو لێوی یەکیان دەخواردەوە، خۆشەویستیی و دڵداریی کردن و ماچ کردن ئازاد بوو،براو باوک و وارس و پیاوێکی قەبیلە نەبوو لە پشتەوە تیرۆریان بکات،ماچکردن و دەم خستنە نێو دەمی کچ و کوڕێک ئاسایی بوو..وەک چۆن لای خۆمان دەم خستنە نێو دەمی یەکتری دوو "کۆتر" ئاساییە،هەرچەندە لەوانەیە لە هەندێک ناچەو ئیمپراتۆرێتی قەزەمدا گوناهێکی کەبیرە بێت!

ئێوارەی خۆشەویستیی و دڵداریی ئەو کچ و کوڕانە منی دەگێڕایەوە بۆ شوێنێکی دوور،ئەگەرچی لە دنیای خەمێکی تاڵ و قووڵی خۆم و ئەو مرۆڤانەدا بووم کە لە پەنامدا بوون،بەڵام خەیاڵم لە شەقەی باڵی فڕینێکی دووری دەداو دەیبردمەوە بۆ سەرزەمینی چەقۆو برین! بۆ "وڵاتی" من و کچ و کوڕە ناکامەکانی،لەوێ هەموو شوێنێک دەگەڕام..بە ئێوارەی هەموو دەریاکانیدا پیاسەم دەکرد..بە هەموو شەقام و کۆڵان و باخچە زەردو بێ گوڵەکانیدا دەگەڕام و کوێراییم دەهات..ماچ و خۆشەویستیی و دڵداریی و ئامێزانبوونم نەدەبینی..دەموت وەرزو تەمەنی کچ و کوڕانی ئەو دەڤەرە چی ووشک و برینگە..ووشک و ڕەقهەڵاتوو.. وەک ئەو پارچە زەمینەی لە ئەزەلی ئەزەلەوە دڵۆپێک بارانی نەدیبێت...

پەیوەندیی خۆشەویستیی و سێکس پێدراوێکی سرووشتییەو پێویستەو دەبێت مرۆڤ بە بێ هیچ بەربەستێک،چۆن و چی کاتێک بیەوێت مومارەسەی بکات.ئەم پەیوەندییە لە ڕووی مێژووییەوە کاتێک هیچ یاساو ڕێساو حەرام و بەربەستێکی کولتوریی و ئایینیی و هتد،لە گۆڕێ نەبووە،سرووشتی خۆی ژیاوەو مومارەسە کراوە.ئەگەر گەمژەیی باوەڕو کولتورە ئەفسانە دروستکراوەکانی مرۆڤ نەبێت،ئەوا دەکرێت سێکس وەک هەر غەریزەێکیترو ئەندامی سێکس وەک هەر ئەندامێکیتری جەستە سەیربکرێ و هیچ جیاوازییەک نەکرێن...

شەوانە لە سەر جادەو پەناو پەسێوەکاندا دەخەوتین،زۆرجار لە کاتی خەودا پۆلیس دەهاتە سەرمان و دەرمانیان دەپەڕاندو هەر کەسێکیش بەر دەستیان بکەوتایە دارکاریان دەکرد،من لەوێ لێدانم نەخوارد بەڵام زۆر کەس لە نزیکمداو بە پێش چاومەوە لە لایەن پۆلیسەوە دارکاریی دەکران و خوێناوی دەبوون.من و ئەو دوو برادەرە کە هەمیشە بە یەکەوە بووین، شوێنیکی کەمێک سەختمان دۆزیبووەوەو شەوانە تێیدا دەخەوتین، تەلبەندێک بوو وەکو پەرژینێک بە بەردەمی هەیوانی خانوویەکدا درابوو، تەلبەندەکە بەرز نەبوو بەڵام بە هۆی تیژیی نووکی سەرەوەی شیشەکەوە، مرۆڤ بە زەحمەت دەیتوانی بچێتە ئەو دیوا،پۆلیسەکانیش تاقەتی ئەوەیان نەدەبوو ئەو زەحمەتە بە خۆیان بدەن و بێنە ئەودیوا بۆ مان.

بەڵام زۆربەی شەوەکان لەو دیو تەلبەندەکەوە دەیانکردە هاوار هاوارو بە زۆر دەریان دەکردین،چەند شەو باران بە خووڕ دەباریی دەهاتن و دەریان دەپەڕاندین. شەوێک کوڕێک لە دیوی دەرەوەی تەلبەندەکەدا خەوتبوو،لە نیوەشەودا دوو پۆلیس هاتنە سەری و بە دارو پێلەقە تێیبەر بوون و دەم و چاویان خوێناوی کرد! ئێمە لە دەنگە

دەنگی ئەواندا بە ئاگا هاتین و دوایی ئێمەشیان کردە دەرەوە.زۆربەی ئەو هەموو لێدان و هەراسانکردن و سووکایەتیانە دوو پۆلیس دەیانکرد،لە نێو ئەو دوانەشدا یەکێکیان لەویتریان سەرسەریتر بوو.کۆچبەرە کوردەکان ناویان نابوو "جەبارفەرمان"! هەر کاتێک ئەو پۆلیسە دەربکەوتایە،کۆچبەران بە دەنگی بەرز بانگیان لە یەکتر دەکردو دەیانوت ئاگەداربن جەبار هات.

مانگێک بوو لە پاترا بووم هەموو شەوورۆژەکانی بەو جۆرە تێدەپەڕین، هەمیشە دەموت ئەمە چی شەوارەبوونێکە.. بە ڕاستی شەوارەبوونێکی کوێرو پڕژان دەژیاین.لە دەرەوی هەموو یاساو ڕێسایێکی مرۆییدا بووین، نەک تەنها لە هەموو مافێک بێبەریی و پەراوێز خرابووین، بەڵکو مافی ئەوەشمان نەبوو لە سەر چەند مەتری زەوییەکی ڕەق و لە گۆشەو کوچەکانی بێنەواکانیشدا دانیشین و ئۆقرەی بێئۆقرەیی بگرین!

زۆر کەس هەبوون لە مانگێکەوە تا چەند مانگ و ساڵێک بەوجۆرە لەوێ دەمانەوەو نەیاندەتوانی دەربچن. شەوارەی شەوەکانی سەفەر برک وژانێکی گەلێک سەختە،گێڕانەوەی ئەو هەموو چرکانە کە بە ئازارێکی سەختدا تێدەپەڕین مەحاڵە..پۆلی کۆچبەران پۆلی ئەو باڵندانە بوون هەموو چرکەێکک ڕاو دەکران و لە بەر تیشکی ڕق و نەفرەتی مرۆڤ و یاساو ڕێساگەلێکی لنگوقچدا،شەوارەو کوێر دەکران و نەیاندەزانی لە "کوێن" و بۆ "کوێ" بڕۆن و لە" کوێ"دا ئۆقرە بگرن! هەمیشە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر ڕاو دەنراین و دەیانوت لێرە دوور بکەونەوەو بڕۆن! نەماندەزانی بۆ کوێ بڕۆین و لە کوێوە بێین؟

من هەموو کاتێک ڕستەێکم دەهاتەوە بیرو لە گوێمدا دەزرانگایەوەو زایەڵەی دەهات،کە لە ڕۆمانی "بێنەوایانی"ڤیکتۆر هوگۆدا"لە زمانی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە دەڵێت، کاتێک بێنەواو سەرگەردان و بێپەناو جێگە دەسووڕێتەوەو کەس پەنای نادات،تەنانەت دەچێت لە دەرگای زیندان دەدات تاکو بیگرن و "پەنای" بدەن،کەچی پێی ئەڵێن ئێرە زیندانە بڕۆ تاوانێک بکە تاکو جێت بکەینەوە، "وەک زیندان جێی تاوانباران بێت"پێم وایە لێرەدایە ئەڵێت:"بۆ کوێ بڕۆم.. نە شوێنێکم هەیە بۆی بڕۆم و نە شوێنێکم هەیە لێیەوە بێم".ڕۆمانەکەم لە بەردەستدا نییەو زوو خوێندوومەتەوە،لەوانەیە دەقەکەم وەکو خۆی نەنووسیبێت"داوای لێبووردن دەکەم"،منیش هەموو چرکەێک ئەو هەستەم هەبوو کە نە شوێنێکمان هەیە بۆی بچین و نە شوێنێکمان هەیە لێیەوە بێین.

ڕۆژ تا ئێوارە دەهاتین و دەچووین و چاومان بە دوای لۆری و شاحینەو کەشتییەکانەوە بوو،بۆ دەرفەتێک دەگەڕاین تاکو خۆمان بە نێو کەشتییەکدا بکەین و لەو دۆخە ئاڵۆزو پڕ ستەمە ڕزگاربین،هەرچەندە شتێک نەبوو ناوی ڕزگاربوون بێت،بەڵام خۆرنەوەزانێکمان لە فڕینەکانی کۆچ جێدەهێشت..شەوو شوێنێکمان.لە شەوو شوێنەکانی شەوارەبوون تێدەپەڕاند...

لەم ماوەیەدا هەوڵ و تەقەلایێکی زۆرمدا و نەخشەی زۆرم کێشا،خۆم بە ناو شاحینەو کەشتییەکاندا بکەم بەڵام سەرکەوتو نەدەبووم،تەقەلاکان فەردیی بوون و کەوتبوونە دەستی ڕێکەوت. من دەمویست لە شوێنێکدا سەرکەوم و خۆم بشارمەوە لە کاتی پشکنیندا نەگیرێم،نەمدەویست جارێکیتر دەستی ئەو پاڵەوانە ترسنۆکانە بکەوم و لێمبدەن.

ئەو شوێنانەی کە کۆچبەران خۆیان تیا حەشار دەدەن،سەر ئەکسلی شاحینەو ناو شمەک و بارەکان بوون،زۆربەی شاحینەکان هەمیشە شتومەکی تیابوو،بارەکانیان هەمە جۆر بوون وەک خواردن و کەرەستەیتر. هەندێک لە شاحینەکان بە چادر داپۆشرابوون کۆچبەران بە دزییەوە چادرەکانیان دەکردەوەو دەچوونە ناو شاحینەکانەوەو پاشان لە ناو شاحینەکەدا بە شتومەکەکان خانۆچکەیێکیان دروست دەکردو تێیدا دادەنیشتن و خۆیان دادەپۆشی. ئەو شاحینانەی باریان تێدایە گەرمن و بە کەمی هەوایان بۆ دێت،زۆرجار کۆچبەران تێیدا پەرێشان و تەنگە نەفەس دەبن.

جۆرێکیتر لە شاحینەکان داخراون و هەوای بۆ ناچێت،سەرکەوتن لە نێو ئەو شاحینانەدا زۆر خەتەرەو ئەگەری مردنی زۆرە،هەر بە هۆی ئەو جۆرە شاحینانەوە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو بە دەیان کۆچبەر لە ناوویاندا دەخنکان و گیانیان لە دەست دەدا...

ڕۆژانە کەشتییەکان دەهاتن و بە سەدان شاحینەو سەیارەیان بار دەکردو بە هەزاران گەشتیاریان سەر دەخست و دەگەڕانەوە،هاتن و گەڕانەوەی کەشتییەکان بۆ ئێمە داخ و حەسرەتێکی زۆری جێدەهێشت! کەشتیی جوان و گەورەو سیحراویی جێگەی سەدان سەیارەو هەزاران مرۆڤی تێدا دەبووەوە، کەچی بۆ ئێمە حەرام بوو لە دووریشەوە سەیری بکەین.کاتێک کەشتییەکان دەرۆیشتن هەستم بە ستەمێکی زۆر دەکرد،بە ڕاستی ستەمێکی گەورەرە بوو لە ئێمە دەیانکرد کە گوایە ئەوەش یاسایە!! چی ڕووی دەدا ئەگەر ئەو هەموو جەستە ماندوو کەنەفتەو چاوە ئەبلەقبووانەیان سەربخستایەو لەو هەموو شەوە ساردو تەزیوو شەوارەبوونە دەربازیانیان بکردایە؟ ئەوان هەموو ڕۆژێک دەهاتن و دەرۆیشتن..نە کەس زیانی دەکردو نە دونیاش خەرا دەبوو! هاتنی کەشتییەکان خۆشیی و ئومێدێکی کزوتاڵی لە گەڵ خۆی دەهێنا،ئەگەرچی هیچ کەس دڵنیا نەبوو لەوەی سەردەکەوێت،بەڵام ئێمە حەزمان دەکرد هەمیشە چەند کەشتیی لەوێ لەنگەریان بگرتایە!

برادەرێک لە شار یان-جەزیرەێکیتر-بوو بە ناوی"کۆلنتۆز"،ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ کردین و وتی ئەگەر حەوسەڵەتان هەیە وەرن بۆ ئێرە بەڵکو لێرەوە بە یەکەوە دەرچووین،ئەوێش شارێکی یۆنان بوو بەندەری کەشتیی لێبوو،ئەوەشی وت کە ئەو دووجار سەرکەوتووەو پاشان گیراوەو دایانبەزاندووە،وتیشی لە کاتی گرتندا هێندەت لێنادەن..بەڵکو زلەیێک شەقێک نووکە شەقێکت لێدەدەن!...

لە دوو شوێن بێشەرمانەو درندانە لە کۆچبەرانیان دەدا: لە پاتراو کۆمۆنیزیا.لە کۆمۆنیزیا تەنها بە لێدانەوە نەدەوەستان،بەڵکو پێنج سعات تاکو دە سعات بە سەیارە دووریانیان دەخستنەوەو لە چۆڵەوانیەکدا بەرەڵایانیان دەکردن! ئەوانەی کە بەو جۆرە دوور دەخرانەوە دەبوایە بۆ ئەسینا بگەڕێیانەوە،چوونکە هێندە شەکەت و ماندوو دەبوون پێویستیان بە حەوانەوە دەبوو.

دوای ئەوەی ئەو برادەرە تەلەفۆنی بۆ کردین،ڕۆژێک لە گەڵ برادەرێکیتردا بڕیارماندا بچین بۆ کۆنتنتۆز،سعات دووی دوا نیوەڕۆێک تیکتی ڤیتاری ئەو شارەمان بڕیی و سەرکەوتین،خەیاڵمان جەنجاڵ و سیمامان خەماویی بوو، هەردووکمان نەماندەزانی بۆ"کوێ" دەڕۆین ! ئەوێ چیە..چۆنە چی دەبێت و چی ڕوو دەدات!...

پێم وابێت کاتژمێر پێنجی ئێوارە گەیشتینە ئەوێ،ناشارەزا بووین و نەماندەزانی بەندەرەکە کەوتۆتە کوێوە،هەروەها ئەوەشمان نەدەزانی ئایا ڕەفتاری پۆلیسی ئەوێ چۆن دەبێت ئەگەر"غەریبێک" لە سەر جادەکان ببین؟وێسگەی ڤیتارەکە لە نێو شاردا بوو،دابەزین و هەر لە خۆمانەوە بە لایەکدا ڕۆیشتین،دەمانویست دەریاکە ببینین و هەڵبەتە بەندەرەکەش لەوێیە.گەڕاین دەریاکەمان لێوەدەرکەوت،کەشتییەکی گەورەشمان بینی لەنگەری گرتبوو،بەرەو لای کەشتیەکە ڕۆیشتین دەمانویست قاچاخچییەکانی ئەوێ نەمانبینن،ئەوێ کۆچبەری کەم لێبوو هەرکەسێکی تازە بڕۆیشتایە قاچاخچییەکان دەیانزانی و نەیاندەهێشت خۆیان سەربەخۆ هەوڵی سەرکەوتن بدەن،قاچاخچییەکان دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەوانەوە دەربچیت و پارەت لێوەربگرن.هەروەها سەیری دەوروبەری کەشتییەکەمان دەکرد تاکو شارەزابین و ڕێگەیێک بدۆزینەوەو دەستنیشان بکەین بۆ چوونە نێو کەشتییەکەوە.

نزیکی دەرگاکەو ئەو شوێنە بووینەوە کە دیار بوو شوێنێکی لەبار بوو بۆ دزەکردنە نێو شاحینەو کەشتییەکەوە،لەوێدا حەوت هەشت کەسمان بینی وەستابوون و دیار بوو ئەوانیش دەیانویست بچنە نێو شاحینەو کەشتییەکەوە.ئێمە زانیمان ئەوان قاچاخچیان لە گەڵدایەو ئەگەر پێبزانن کە ئێمە دەمانەوێت خۆمان هەوڵی سەرکەوتن بدەین و پارەیان نەدەینێ،ئەوا کێشەمان بۆ دروست دەکەن.قاچاخچییەکان ئەو شوێنانەیان داگیر کردبوو دەبوا کۆچبەران لە ڕێگەی ئەوانەوە دەربچن و پارەیان لێوەربگرن.

ویستمان کەمێک دوور لە ئەوان تێپەڕین و گومانمان لێنەکەن،بەڵام ئەوان بانگیان کردین و ئێمەش چووین بۆ لایان.قاچاخچییەکان ئەفغانی بوون و کوردێکیشیان لە گەل بوو بەلام ئەو ڕۆژە ئەو لەوێ نەبوو،من دەمناسیی، هەروەها لە نێو کۆمەڵەکەدا کوردێکیتر هەبوو ئێمە ئەویشمان دەناسیی،ئەو پارەی بە قاچاخچییەکان دابوو تا لە ڕێی ئەوانەوە دەربچێت،ئەو چاوێکی لێداگرتین مەبەستی ئەوە بوو واخۆمان نیشان نەدەین کە یەکتر دەناسین.وتیان بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟ وتمان هاتووین ئێرە ببینین ئەگەر بزانین بواری دەرچوون هەیە ئەوا پارەتان دەدەینێ دەرمان بکەن،بەڵام ئەوان گومانیان هەبوو،وتیان ئەگەر پارە نەدەن ناهێڵین لێرەوە دەربچن...

وتمان چەند پارەتان دەوێت؟وتیان یەک نەفەر هەزار تا هەزارو پێنج سەد دۆلار."لە دڵی خۆمدا دەموت هەی لە ئەڤلێتان"،وتمان باشە بیرێکی لێدەکەینەوە ئەگەر ئەو پارەیەمان بۆ پەیدا بوو ئەوا دێینەوە بۆ لاتان،ئیتر ئەوێمان بە جێهێشت و چووین لە ناو پارکێکدا دانیشتین،دیارە لە نزیکی بەندەرەکە.

ئەو برادەرەی کە تەلەفۆنی بۆ کردین،بینیم لە گەڵ کوڕێکیتردایەو بەو ناوەدا دەسووڕێنەوە،ئەوان ئێمەیان نەبینیبوو بانگم لێکردن و هاتن بۆ لامان.ئەوێتریان کوڕێکی عەرەب بوو،بتڵێک عەرەقی بە دەستەوە بوو بتڵێکیتریشی خستبووە نێو کیسەکەی دەستیەوە...(...بێحەوسەڵەو غەمگین دیار بوو..هەستم دەکرد دەردو کەسەرو ژەهرێکی ڕەشی لە دڵدایە..وەک مرۆڤێکی دەردزەدە دەینواند..شادیە گەورەکان و خەمە گەورەکان ناشاردرێنەوە.. لەویاندا قاقا دەتریقێتەوەو لەمیاندا نرکە نرکی ئازار.. لەویاندا گەش گەش دەچیتەوەو لەمیاندا ڕەش ڕەش...)

تاکو کاتژمێر حەوتی ئێوارە لەوێدا دانیشتین و لە بارەی چۆنێتی دەرچوونەوە قسەمان دەکرد.سەرەتای مانگی نۆڤەمبەر بوو...(...ئەو ئێوارەیە بایەکی تووندی دەهات و کەفی بە دەریا دەچڕاند،گڤەگڤی باو شڵپەشڵپی شەپۆلەکان کە خۆیان بە کەنارا دەدا،لە گڕەگڕو هاواری کەمانێکی تووڕەو زامدار دەچوو خوێن لە گەرووی نۆتەکانیەوە دەرچێت..کەمانێک بە دەستی ئەو مرۆڤەوە لە دنیا بە ژان هاتبێت...)

دوایی ئەو برادەرەی کە لە گەڵ قاچاخچییەکان بوو هات بۆ لامان،ئەوان باسی ئەوەشیان کرد کە قاچاخچییە ئەفغانییەکان لە گەڵ کۆمەڵێک خەڵکی ئەلبانییدا شەڕیان کردووەو دوای کاتژمێر هەشتی ئێوارە ناتوانن بڕۆنە دەرەوە،ئەوەش شتێکی باش بوو بۆ ئێمەو کێشەی ئەوانمان لە کۆڵ دەبووەوە.بەو برادەرەمان وت بچێت سەیری دەوروبەری بەندەرو کەشتییەکە بکات تاکو بزانین قاچاخچییەکان لەوێ ماون یان نا،بۆ ئەو ئاسایی بوو چوونکە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەردەچوو،وەکو ئەڵێن"نەفەری خۆیان بوو"،ئەو ڕۆیشت و دوای ماوەێک هاتەوەو وتی کەسی لێنییە، ئێمەش یەکسەر خۆمان کۆکردەوەو بەرەو لای بەندەرو کەشتییەکە بە ڕێکەوتین،بەو برادەرەشمان وت تۆش وەرە لە گەڵمان بەڵکو بە یەکەوە دەرچووین،بەڵام ئەو وتی نایێم دەزانم ئێستا دەگەڕینەوە،ئیتر ماڵئاواییمان لەو کردو ڕۆیشتین،ئێمە بووین بە چوار کەس.

سێ لای بەندەرەکە بە درێژایی دوو سەد مەترێک کەوتبووە نێو دەریاکەوە،ئەو لایەی کە دەبوا ئێمە پێیدا بچووینایە دیوارێکی پان و بەرزی سێ مەتریی بوو،کە بۆ بەربەستی شەپۆلەکان دروست کرابوو،هەروەها بە پاڵ دیوارەکەداو لە ڕووی دەریاکەوە بەردی گەورە گەورە بە سەر یەکدا کەڵەک کرابوون،لە زۆر شوێندا دەگەیشتە ئاستی دیوارەکە،سەرتاسەری ڕووی دەریای دیوارەکە بەو بەردانە چنرابوون.برادەرە عەرەبەکە کەوتە پێشمان و ئێمەش بە دوایداو بە پاڵ دیوارو سەر بەردەکاندا بە ڕێکەوتین.

ماوەێک بە پاڵ دیوارەکەدا ڕۆیشتین،ئەو برادەرە کە لە پێشەوە دەڕۆیشت چووە سەر دیوارەکەو وتی ئێوەش لێرەوە وەرن! من پێم سەیر بوو بەو جۆرەو بە ئاشکرا بە سەر دیوارەکەدا بڕۆین و بمانەوێت بچینە نێو کەشتییەکەوە،چوونکە دەبینراین و کەشتیوانەکان دەکەوتنە گومان و چاودێریی کردنمان.کەشتییەکە کەمێک ئەملاتری ئەوسەری بەندەرەکە لەنگەری گرتبوو،کە گەیشتینە نزیکی کەشتییەکە یەکێک لە کەشتیوانەکان کە لە بەردەم دەرگای کەشتییەکەدا وەستابوو،بانگی لێکردین بگەڕێینەوە،ئێمە بە ئاماژە وتمان بۆ لای ئێوە نایەین و گوایە بۆ ئەو سەری بەندەرەکە دەچین..دەچین پیاسە دەکەین،پیاسە بەو سەرماو ڕەشەبایە مرۆڤی بە ئاسماندا دەبرد! بەڵام ئەوان دەیانزانی هەر کەسێک بەو ناوەدا بێت مەبەستی چییە.

کەشتییەکان کاتێک لەنگەر دەگرن بە گوریسی ئەستوور دەبەسترێنە ئەو مێخانەوە کە بە کەناری بەندەرەکەوە بۆ ئەو مەبەستە داکوتراون،گوریسەکان لە نهۆمی سەرەوەی کەشتییەکەوە شۆڕ دەکرێنەوەو بەو مێخانەوە دەبەسترێن،گوریسەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە سی مەترو هەندێجار زیاترو کەمتر دەبن.ئێمە دەمانویست بەو گوریسانەدا سەرکەوینە نێو کەشتییەکەوە.چوونکە کەشتییەکە باری بار کردبوو تەنها شوێنی چەند شاحینە مابوو،دەرگای کەشتییەکە هێشتا کراوە بوو ئێمە دەمانبینی،لە بەر ئەوە ئەگەری چوونە نێو شاحینەکان و پاشان لە شاحینەکانەوە بۆ نێو کەشتیەکە کەم بوو،بۆیە ئێمە بە نیاز بووین ڕاستەوخۆ بچینە نێو کەشتییەکەوە.

لاێکی کەشتییەکە نیوە تاریک بوو،ئێمە دەمانویست لەو لایەوەو بە گوریسەکاندا سەربکەوین.لە بەر ئەوە بە ئاشکرا ڕۆیشتین کەشتیوانەکە هەر چاودێری دەکردین،ئێمە هەر یەکێکمان لە شوێنێکداو لە پاڵ دیوارەکەدا دانیشتبووین،ماوەێک بوو کەشتییوانەکە نەهاتبووە دەرەوە،برادەرە عەرەبەکە وتی من دەچم بەڵکو بە گوریسەکەدا سەرکەوم،ڕۆیشت و بە گوریسەکەدا هەڵزناو بەرەو سەرەوە دەکشا،لەوانە بوو دە مەترێک بە گوریسەکەدا ڕۆیشتبێت،هێندەمان زانی بەربووەوەو کەوتە نێو ئاوەکەوە. ئێمە یەکسەر لە سەری کۆبووینەوە وتمان نەوەک مەلەوانی نەزانێ و بخنکێت،باش بوو مەلەی دەزانی هاتە کەنار ئاوەکەو دەستمان گرت و هێنامانە دەرەوە.

شەوێکی سارد بوو..وەک شەوە ساردەکانی مرۆڤە بەدبەختەکان،ئەو لە سەرماندا هەڵدەلەرزی و چەقە چەقی ددانەکانی دەهات،یەکێک لە کەشتییوانەکانیش هاتبووە دەرەوە سەیری دەکرد.

لە گەڕانەوەمان بە نێو بەندەرەکەدا هێشتا هەر لە نزیکی کەشتییەکەدا بووین،یەکێکیتر کە لەوە دەچوو کرێکاری نێو کەشتییەکە یان یەکێکیتر لە کەشتیوانەکان بێت،لەو کاتەدا بە سەیارەیێک بەرەو ئەویێ دەگەڕایەوە،کە ئێمەی بینی لە لامانا ڕاوەستا،سەیرێکی ئەو برادەرەی کرد هەموو گیانی تەڕبووەو لە سەرماندا هەڵدەلەرزێت،وتی ها حەسەن..و چەند قسەی تری لە گەڵ حەسەن کرد.من پێم سەیر بوو ئەو حەسەن دەناسێت،دوایی بۆیان باس کردم کە حەسەن دوو جاریتر هەر بەو کەشتییە سەرکەوتووەو گیراوە،تەنانەت جارێک گەیشتبووە خاڵی پشکنینی ئیتالیاو لەویێ گیرابوو هەر بەو کەشتیە دیپۆرتی یۆنانیان کردبۆوە.

حەسەن کە هەموو جلەکانی تەڕبیوو لە سەرماندا هەڵدەلەرزی،لە سەیارەی ئەو کورە نزیک بووەوەو سەری بردبووە نێو سەیارەکەوەو تکای لێدەکرد ڕێگەی بدەن بچێتە نێو کەشتییەکەوە!زۆر تکاو داوای کۆمەکی کرد..تەنانەت چەندجار دەم و چاوی شۆفێرەکەی ماچ کرد.. دەیویست بە قیمەتی ئەو پاڕانەوەیە لەو تراژیدیایە ڕزگاری بێت.من هەستم کرد شۆفێرەکە دڵی نەرم بووەو ئەو دۆخە دڵتەزێنەی حەسەن کاری تێکردبوو،ئەگەر ئەویش ترسی نەبوایە لە گەڵ خۆیدا دەیبردە نێو کەشتییەکەوە.لە گەڵ ئەوەشدا بێدەنگ مایەوەو لە سەرخۆ سەیارەکەی بەرەو نێو کەشتیەکە لێدەخوڕی،حەسەنیش دەستی بە سەیارەکەوە گرتبوو هاوشانی سەیارەکە خۆی چەماندبووەوەو بەرەو نێو کەشتییەکە دەڕۆیشت، بەڵام کەشتیوانەکەیتر بینی و نەیهێشت بچێتە ژوورەوە...(...حەسەنیش نائومێدو وەک پەیکەرێکی تەڕی ستەم لێچووی بەر باران ڕاوەستابوو ئاو لە جەستەی ڕچیوی دەچۆڕا..پەیکەری جەستەیێک داوای کۆمەکی لە مرۆڤ دەکردو کۆمەک نەدەکراو بە تەنها دەمایەوە..پەیکەرێک هاواری دەکردو دەیوت هێیی..دنیا.. ئەمە چی مرۆڤایەتییەکە...) من زۆر حەزم دەکرد حەسەنیان سەرخستایەو لەو دۆخە پرژانە دەریانکردایە،ئێوارە هەندێک ژیانی خۆی بۆم گێڕایەوە بە بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بمێنێ و زاڵبم بە سەر خۆمدا ،بۆی دەگریام و فرمێسک بە چاومدا دەهات.حەسەن تەمەنی سی و شەش سال بوو،دەیوت دە ساڵە لە عێراق دەرچووم و ئێستاش ئەوە ژیانمە.هاوسەرو دوو منداڵی بە جێهێشتبوو، پێموت قسەیان لە گەڵ دەکەیت؟ئەو دەیوت نامەوێت قسەیان لە گەڵ بکەم،دەیوت چیان پێبڵێم و باسی چیان لابکەم! وتی جارێک دوان قسەم لە گەڵ کردوون..بەڵام بێجگە گریان شتێکیترم نەبووە بۆیان...! هەموو ئەمانەی بە گریانەوە دەگێڕایەوەو ئاگری لە دڵ بەردەداو بەردی بە زمان دەهێنا...! من نەدەویست ئەو هێندە باسی خۆیم بۆ بکات..بەڵام پێشم نەدەوت بێدەنگ بێت..بە جۆرێک دەگریا هەستم دەکرد لە گەڵ خۆیدا دەمخنکێنێت..ئەویش برینێکی گەورە دیار بوو...ئێوارە ئەوەشی وت ئەگەر لێرەش دەربچێت لە ئیتالیاوە پارەی نییە بۆ وڵاتێکیتر بچێت،من پێموت ئەگەر بە یەکەوە دەرچووین لە ئیتالیا سەد دۆلارت دەدەمێ..بەڵام قەدەر جۆرێکیتر بوو...!

ئێوارە پێش ئەوەی بێینە نێو بەندەرەکەوە هەندێک جل و جانتامان پێبوو لە دەرەوەی بەندەرەکە شاردمانەوە،گەڕاینەوە بۆ ئەویێ و حەسەن جلە تەڕەکانی داکەندو جلی وشکی لە بەرکرد.پاشان هەندێک خواردنمان کڕی و خواردمان،من یەک دوو پارووم خوارد.بە نیازبووین جارێکیتر بگەڕێینەوەو هەوڵی سەرکەوتن بدەین.من پێموتن ئەمجارە نابێت وەکو جارەکەی پێشوو بە ئاشکراو بە سەر دیوارەکەدا بڕۆین،بەڵکو دەبێت بە دزی و بە سەر بەردو رووی دەرەوەی دەریاکەدا بڕۆین تاکو دەگەینە بەرامبەر کەشتییەکە،ئەگەرچی ئەوە زۆر زەحمەت و نارەحەت بوو،بەڵام چارەسەریترنەبوو.ئەمجارە ئاوامانکرد،بە سەر بەردو دیوی دەرەوەی دەریاکەدا دەڕۆیشتین.ڕۆیشتن بەسەر بەردەکاندا ناخۆش بوو،بەردەکان لوس و خزو قەوزاویی بوون،تاریک بوو بە باشی بەر پێی خۆمان نەدەبینی،هەروەها بایێکی توندو تورەی دەهات و دەریای شێت کردبوو،هەندێجار شەپۆلەکان تا ئاستی دیوارەکە دەهات،سەرباری ئەوەی خۆمان لە شەپۆلەکان دەپاراست جلەکانمان نیوە تەڕ ببوون و لە سەرماندا لەرزمان لێهاتبوو.دەموت ئەم بایە بۆچی لەم شەوەدا هەڵی کردووەو ڕق و نەفرەتی دەریامان بە گژدا دەکات!..

درێژایی دیوارەکە دووسەد مەترێک دەبوو،تاکو گەیشتینە بەرامبەر کەشتییەکە نزیکەی سعاتێکی خایان.چوونکە جیا لەوەی بە شوێنێکی دژواردا دەڕۆیشتین،زۆر بە وریایی و وردبینیەوە دەڕۆیشتین و نەماندەهێشت کەس بمانبینێت،لە دیوارەکەوە سەیری نێو بەندەرەکەمان دەکرد،ئەگەر کەسێک لەوە نزیکانە بوایە دەوەستاین تاکو دەڕۆیشت،ئیتر بەو جۆرە گەیشتینە بەرامبەر کەشتییەکەو کەس نەمانیبینی،چل مەترێک لە کەشتییەکەوە دوور بووین.ئەو کرێکارو کەشتیوانەی لە نێو کەشتییەکەدا بوون،جار جار دەهاتنە دەرەوەو سەیری دەوروبەری کەشتییەکەیان دەکرد. ئێمە نیازمان وایە جارێکیتر بە گوریسەکەدا سەرکەوین و بچینە نێو کەشتییەکەوە،دەبێت هەرجارە یەکێکمان سەرکەوێت و ئەوانیتر چاوەڕێبن.

حەسەن دیسان وتی من لە پێشدا دەڕۆم ئەگەر سەرکەوتم ئێوەش یەک یەک وەرن.حەسەن ڕۆیشت و بە گوریسەکەدا هەڵزنا،ئێمە لە پشتی دیوارەکەو لە کەلێنی بەردەکانەوە سەیر دەکەین..لەوێدا دوو گوریس جووت کرابوون و بە مێخەکەوە بەسترابوون،من هەمیشە یەک گوریسم بینیبوو،ئەو جووتە گوریسە بە یەکەوە باشتر بوو لە یەک گوریس، چوونکە ئاسودەتر دەتوانرا بە سەریدا ڕاکشێیت و بەرەو سەرەوە بخشێیت.

حەسەن خۆی بە سەر گوریسەکاندا تەخت کردبوو وەکو ماری سڕ بەرەو سەرەوە دەخشا،ئێمە چاوێکمان لە حەسەنەو چاوێکمان لە دەرگای کەشتییەکەیە،نازانم چەند کاتی برد حەسەن سەرکەوتە نێو کەشتییەکەوە. هەموومان زۆرمان پێخۆشبوو،لەوانەیە من لە هەموویان زیاتر...!

بەو برادەرانەم وت من بڕۆم یان یەکێک لە ئێوە؟ ئەو برادەرەی کە لەوێ لە گەڵ حەسەندا بوو وتی من دەڕۆم.ئەویش ڕۆیشت و بە گوریسەکەدا هەڵزنا،گەیشتبووە نیوەی گوریسەکە یەکێک لە کاشتییەکە هاتە دەرەوە،سەیرێکی نێو بەندەرەکەی کردو پاشان بە لۆژە لۆژ بەرەو ئەو لایەی کەشتییەکە ڕۆیشت کە ئەو برادەرەی لێبوو،سەیری هەموو شوێنی کەشتییەکەی کردو دوایی سەری بەرز کردەوەو ئەو برادەرەی بە گوریسەکەوە بینی، وەک گا بۆڕاندی و چوو لای مێخەکەوە ڕاوەستاو بانگی لێدەکرد بێتە خوارەوە،ئیتر ئەو برادەرە ناچاربوو بەرەو خوار بێتەوە.

ئەو شوێنەی کە مێخەکەی لێبوو گوریسەکەی پێوە بەسترابوو،بە هۆی پێچێکی دیوارەکەوە لە ئێمەوە دیار نەبوو،لەو کاتەدا کەشتیوانەکە سەرقاڵی ئەو برادەرە بوو،من هەستم کرد هەلێکی باشتر بۆ ئێمە ڕەخساوە بەوەی کە کەشتییوانەکە سەرقاڵی ئەو برادەرەیەو پێشم وابوو لەو کاتەدا بێجگە لەو کەشتییوان_کرێکار یان پاسەوانە کەسیتری لێنەبێت.بەڵام من ئەوەم نەدەزانی کە بۆچی تاکو ئەو کاتە کەشتییەکە دەرنەچووبوو،چوونکە دیار بوو باری خۆی بار کردبوو،لە بەر ئەوەش بوو هەم نێو کەشتییەکەو هەم نێو بەندەرەکە خەڵکی کەم لێبوو،ئەو دوو کەسەش کە لەوێ بوون لەوانەبوو هەر کرێکاری نێو کەشتیەکە بووبێتن،هەروەها لەوەش دەچوو ئەویتریان لەوێ نەمابێت یاخود خەوتبێت.

من پێم وابوو ئەگەر ئێمە ڕاستەوخۆ بۆ نێو کەشتیەکە بچین،تاکو بەردەم دەرگای کەشتیەکە لەوانەوە دیار نابین،گوتم لەوانەیە دەرگاکە هەر لەوانەوە دیار نەبێت،یان ئەگەر دیاریش بێت لەوانەیە کابرا لەو کاتەدا ڕووی بە لایەکیترەوە بێت و ئێمە نەبینێت،یان ئەگەر بینیشمانی ئەوا ئێمە هەر خۆمان بە نێو کەشتیەکەدا دەکەین و خۆمانی تێدا دەشارینەوە، دەکرێت دوایی بۆمان بگەڕێ و بماندۆزێتەوە..یاخود لەوانەیە هەر نەماندۆزێتەوە...و لەم ئەگەرانە زیاتر هیچیتر نەبوو،دیوێکیان ئیجابی و ئەویتریان سلبی.

هەڵبەتە بە کورتیی و بە پەلە ئەمانەم بۆ هاڕێکەم دەوت،من هاتبوومە سەر دیوارەکەو بە هاوڕیکەم دەوت وەرە با بڕۆین،بەڵام ئەو دەترساو نەدەهات،دەیوت تۆ بڕۆ من نایەم..یان دەیوت دوایی دێم،بەڵام من وازم لێنەدەهێناو

دەموت وەرە،کاتیشمان کەم بوو وەختی دیالۆگ و حیکایەتی درێژ نەبوو،لەوانە بوو چەند خولەکیتر کابرا بگەڕایەتەوەو هەلەکەمان لە کیس چووبایە.بەڵام ئەو هەر جورئەتی نەدەکرد..! منیش لەوە بە باشترم نەزانی..دەستیم گرت و خۆم لە دیوارەکە کردە خوارەوەو ئەویشم لە گەڵ خۆما ڕاکێشایە خوارەوەو وتم ڕاکە...! ئیتر هیچ چارێکی نەما،من ڕامکردو ئەویش بە دوامدا..چوار هەنگاومان مابوو خۆمان بە دەرگای کەشتییەکەدا بکەین، پاسەوانەکە بینیمانی و هاواری لێهەستاو بە ڕاکردن بە دوامانادا هات،ئێمە نەوەستاین و بە ڕاکردن خۆمان بە نێو کەشتییەکەدا کرد...

کەشتیی پڕ بوو لە شاحینەی گەورە،بە ڕاکردن بەرەو ئەو سەری کەشتییەکە ڕۆیشتین،بە پەلە سەرمان بە ژێر چەند شاحینەدا کرد تاکو شوێنێک لە سەر ئەکسلەکان بدۆزینەوەو لە سەری دانیشین.کابراش بە دوامانەوە بوو وەکو شێری بریندار دەیبۆڕاندو هاواری دەکرد...

## - بەشی هەشتەم -

کەشتییەکە گەورە بوو،ئەو نەیدەزانی ئێمە لە کوێداین تاکو یەکسەر بۆ ئەو شوێنە بێت،هەموو شوێنێک بۆ ئەو جێی گومان بوو دەبوا هەموو شوێنێک بگەڕێت.ئێمە لەو تەنگەتاویەدا نەماندەتوانی چادری یەکێک لە شاحینەکان بکەینەوەو بچینە ناوێوەو خۆمان حەشار بدەین.هەندێک شاحینەش هەبوو باری تێدا نەبوو،ئەو شاحینانە لە دواوە سووچێکی چادرەکەی دانەدەخراو وەکو کونێک-دەرگایێک کراوە بوو.بە هاوڕێکەم وت وەرە با خۆمان بەم شاحینە بەتاڵەدا بکەین!ئەو دەیوت بەتاڵەو چۆن خۆمانی تێدا حەشار بدەین؟بەڵام من ئەوەم بۆ ڕوون کردەوە کە سەرکەوتین ناچین بۆ بنەوەی شاحینەکە،بەڵکو لە پاڵ دەرگاکەدا دادەنیشین،نیوەی خوارەوەی دەرگاکە ئاسن بوو،نیوەی سەرەوەشی چادر بوو کونەکەش دەکەوتە چادرەکەوە،وتم لە بەر ئەوەی شاحینەکە بەتاڵە گومانی ئەوە ناکات لەوێدا دابنیشتبێتین،پێم وابوو کابرا لە کونەکەوە سەیرێک دەکات و دادەبەزێت،ئیتر هاوڕێکەم قایل بوو،سەرکەوتین و بێجووڵە دانیشتین.

کابراش بە نێو کەشتییەکەدا دەگەڕاو هاواری دەکرد،هاوارەکانی وەک هۆبها وابوو..دەیویست بمانترسێنێ و خۆمان بێینە دەرەوە،بەڵام ئەوە بۆ ئەو خەیاڵ بوو.من کە ئەو هەموو بەدبەختیی و تفتیی و تاڵییەم چەشتبێت تاکو بە (کەشتیی) گەیشتبێتم،چما بە ئاسانی دەردەچم...! مەگەر باڵیان بگرتایەم و فڕێیانداماایە دەرەوە.

ئەو لە نەڕەنەڕی خۆی بەردەوام بوو،پێم وابوو شیش ئاسنێکی بە دەستەوە بوو،چونکە دانە دانە بە شاحینەکاندا دەگەڕاو دەیپشکنی و بە گۆپاڵەکەی دەستی شریخەیکی بەهێزی لێهەڵدەساندن.

من بەو بەزمە ڕاوە بەرازم بە بیر دەهاتەوە،چوونکە هەر لە بەزمی ڕاوە بەراز دەچوو.بەراز هەمیشە لە نێو قەڕەم و قامیشی چڕوپڕو بێشەڵاندا خۆی حەشار دەدات،کاتێک ڕاوچییەکان دەیاندۆزنەوەو دەچنە سەریان،بۆ ئەوەی دەریان پەڕێنن دەیکەنە هات و هاوارو تەقە لێکردن و بەرد هاویشتن،تاک بیانترسێنن و بێنە

دەرەوە.بەراز ئەگەر لە سەختی و چڕوپڕی شوێنەکەی دڵنیا بێت،ئەوا بە ئاسانی دەرناچێتە دەرەوە،یاخود هەر دەرناچێت.بەراز ملهوڕەو مان دەگرێت هەروەها ترسنۆکەو لە شوێنە ڕووتەنییەکاندا لە مرۆڤ هەڵدێت،بەڵام لە هەندێک کات و شوێندا مەترسی هەیە لە مرۆڤ بدات.لە شوێنێکی تەنگەبەردا کاتێک ڕووبەڕوت بێتەوەو بواری نەبێت بە لایەکیتردا بچێت،لە نێو قامیشەڵاندا بچیتە سەری و لێی نزیک بیتەوە،هەروەها لە کاتی برینداربووندا شاڵاوت بۆ دێنێ و دەیەوێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە...

ڕۆژێک لە گەڵ دوو برادەریتردا ڕۆیشتین بۆ ڕاوە بەراز،کات کاتی گرانیی و قوربەسەرییەکەیەو کار نییەو پارە نییەو کیلۆی گۆشت حەفتا دینارەو سەرووتر.ماوەیکی زۆر گەڕاین لە شوێنێکدا چەند بەرازمان بینی ڕادەکەن، ئێمەش یەکسەر بۆیان دانیشتین و گرم..یەکێکمان پێکا،بەرازەکان بەرەو بەرزایی و هەورازێک دەرۆیشتن،ئەوەی کە پێکرا نەیتوانی زیاتر بەرەو سەرەوە بڕوات،بۆیە ناچار بەرەو خوارو لای ئێمە گەڕایەوە.ئێمە لە خوارەوە لە نێو دۆڵەکەدا بووین،بەراز بە شەلە شەل و پرمەپرم ڕووەو ئێمە دەهات،من سەیرم دەکرد دەموت ئێستا دەکەوێت،بەڵام ئەو نەدەکەوت و لێمان نزیک دەبووەوو نیازخراپ دیار بوو...! وتم بدەنە قەد پاڵەکەدا ئەو بەراز بابە نیازی خراپە،دواتریلێدانیتری بەرکەوت و بە لادا هات.دوایی سی چل کیلۆ گۆشتمان لێکردەوەو هاتینەوە بۆ ماڵ. دایک و باوکم گۆشتی بەرازیان بینی چاویان چووە پشتی سەریان،پێموتم ئێوە مەخۆن..خۆتان دەزانن من بۆ ئێوەم نەهێناوە..بۆ ئەو کەسانەیە دەتوانن بەرازیش بخۆن..دایکم هەفتەیەک نانی نەخوارد.

دوایی چەند برادەرم داوەتکرد،پێموتن گۆشتی بەرازتان بۆ دەکەم،وتیان شتی لەوە باشتر هەر نابێت.دوایی هاتن و چەند کەسیتریان لە گەڵ خۆیان هێنابوو کە من نەمدەناسین،یەکێک لەو برادەرانە هەمیشە گاڵتەو قسەی خۆشی دەکرد.گۆشت زۆر بوو هەموو کەسێک بە ئارەزووی خۆی دەیخوارد، دوای ئەوەی نانمان خوارد من و ئەو برادەرەی وتم قسەی خۆشی دەکرد، بەیەکەوە هەستاین دەستمان بشۆین،وتم"پێشڕەو"ئەو برادەرانەیتر کە لە گەڵتانن دەزانن گۆشتەکە هی بەراز بوو؟وتم ئایا ئەوانیش"کۆمونیستن"؟ پێشڕەو سەیرێکی کردم و وتی کۆمونیستی چی....! ئەوانە هەر خواگیان خواگیانیانە...!

ئێمەش وەکو بەرازێکی چاو قایم و کۆنەساڵ و ملهوڕ مانمان گرتبوو،بە هات و هاواری هەموو ڕاوچییەکانی دونیاش دەرنەدەچووین.کرێکار-کەشتیوان-نازانم بڵێم چی..ڕاوە بەرازچی هەر هات و هاواری بوو..بۆ یەک خولەکیش بێدەنگ نەدەبوو،ئەو نەڕەنەڕەم زۆر بە لاوە ناخۆش بوو چوونکە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبوو.

پرمەپرمی ئەو بەراز بابە نێو کاتژمێری خایاند،یەکبەیەکی شاحینەکانی دەپشکنی و دارکاریی دەکرد.بە تەقەی پێی و نزیکبوونەوەی دەنگی هەستمان کرد گەیشتە شاحینەکەی ئێمە،ئێمە لە پشتی دەرگاکەوە خۆمان لوول و گرمۆڵە کردبوو هەناسەشمان نەدەدا...! هۆبهایکی کردو بە گۆپاڵەکەی دەستی شریخەیکی بەهێزی لە شاحینەکە هەستاند..وەک شریخەی هەورە برووسکە دەنگی دەدایەوە..خۆی بە دەرگاکەدا هەڵواسیی..لە کونەکەوە لایتێکی لێداو سەیرێکی نێو شاحینەکەی کردو دابەزییە خوارەوە..سەری نەهێنایە ژوورەوە سەیری پشتی دەرگاکەش بکات،لەوە دەچوو ڕاوە بەراز چییەکی غەشیم بووبێت..نەیدەزانی بەرازی هێندە فێڵبازیش هەیە ...

دابەزییە خوارەوەو بە هۆیها کێشان دوا ڕیزی شاحینەکانی بەرەو دەرەوە تێلا باران دەکردو قەزاوبەلای لە ئێمە دوور دەکەوتەوە.چەند جارێک بە چپە بە هاوڕێکەمم دەوت ئەو بەرازباوکە دەڵێی ڕاوە بەراز دەکات.. هاوڕێکەم دەترساو دەیوت..وسس..وس....

بێدەنگ دانیشتین و جگەرەمان دەکێشا،سێ پاکەت جگەرەکان پێبوو.ئەوەی سێ پاکەت جگەرەمان هەبوو بۆ من مایەی ئۆقرەو پشوودرێژیی دەبوو،بەلام هیچ خواردنمان پێنەبوو.ئەو کاتەی هاتینە نێو کەشتییەکەوە پارچەیێک پسکیتی گەورەم پێبوو خستبوومە باخەلم،هەر کە دەجوولامەوە خشەوپشەیێکی زۆری دەنایەوە(مرۆڤ لە ئاستەنگدا بێت لە خشەی پسکیت و نایلۆنیش دەترسێت)لە بەر ئەوە پسکیتەکەم خستە سەر ئەکسلی یەکێک لە شاحینەکان،وتم ئەگەر نەگیراین دوایی بۆی دەگەڕێمەوە،دوو دەبەی بچووکی ئاویشمان پێبوو.

ماوەیێکی زۆر لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بووین کەشتییەکە بەڕێبکەوێت،بەلام بە ڕێنەکەوت،لەوەی کەشتییەکە بەڕێنەکەوت نیگەران و بێحەوسەلە ببووین. جلەکانمان نیوە تەڕ بوو لە سەرماندا چەقەچەقی ددانەکانمان دەهات! ئێمە هەم جلەکانمان تەڕ بوو هەم شاحینەکە بەتاڵ بوو،هەروەها دونیای ڕۆح و ئەندێشەشمان ساردو بەستەلۆک بوو..بۆیە هەستمان بە ساردیی و تۆفانێکی بێ ئامان دەکرد لە جەستەماندا.وەستانی کەشتییەکە زۆری خایاندو لە بەر ئەوەی هیچ جووڵەیێکمان نەبوو بە شەختە دەبووین...!خەویش سەری لێدابووین..ڕاکشابووین و پشتمان لە یەکتر تووند کردبوو تاکو کەمێک پشتمان گەرم دابێت.چەندینجار خەومان لێدەکەوت و بە ئاگا دەهاتینەوە. کاتژمێرمان پێنەبوو نەماندەزانی چەند لە کات لە نێو کەشتییەکەداین و کات چەندە.من هەستم دەکرد کەشتییەکە لە ڕۆیشتن زۆر دوا کەوت و دەمێکە لە نێو کەشتییەکەداین ! بەلام هاوڕێکەم ئەو ڕایەی نەبوو..ئەو هەمیشە دەیوت چەند کاتژمێرێکە لە نێو لە کەشتییەکەداین...

(...دوای نیگەرانیی و چاوەڕوانیی و دڵەڕاوکێی زۆر..دوای ئەوەی وەکو سەهۆڵمان لێهاتبوو..پیرە کەشتیی کەوتە جم و جۆڵ و نرکە نرک..وەک ئەوەی ئازارێکی قووڵ ..لە قووڵایی ڕۆحی کەشتییدا بێت..وەک هەست بکات چی برینێکی لە هەناودا هەڵگرتووە..چی هاوارێکی بێدەنگ و چی خەمێکی ڕەشی لە هەناودایە..وەک پیرە ئاشنایێکی بە ئەزموون و کۆنەساڵێکی بەندەرەکان..ئەو ڕۆژە دەیزانی چەند پارچەی شکاوی..چەند ڕۆحی شکاوی تێدایە..ئەو دەیزانی..کەشتی دەیزانی...)

(...کەشتیی دەریای دەبڕی و لرفە لرفی دەهات..وەک ئامانەتێکی لە سەردەست بێت..وەک چەند نەوڕەسی باڵ شکاوی لە چاودا بێت..بیابانات و بە چڵی داری خۆرنەوەزانێک بیانسپێرێت ...) زۆر پڕ تاسە بووم بچوومایە نهۆمی سەرەوەی کەشتییەکەو بە ئارەزووی تاسەی بیینم بۆ دەریا..سەیری دەریام بکردایە،ئەمە ئەو کەشتییە پیرو ماندوانە نەبوو سەرنشینەکانی بە چاوی ئەبلەق و تۆقییەنەوە،تێیدا لە دەریا بڕوانن..ئەو کەشتییانەی لە سەرهەڵگرتووەکانی ماندوترن..ئەم کەشتییە..کەشتیی وڵاتی دەریا بوو..لە دەریاوە دەهات و بەرەو نێو دڵی ئۆقیانوسەکان ئاوی دەدا.سەیرکردنی دەریا لە سەر پشتی ئەو ئەفسانە دەریاییەوە جۆش و خرۆش لە مرۆڤدا دروست دەکات،تاکو چاو دەبینێت ئاوەو شین دەکاتەوە، مرۆڤ لە دەریادا هەست دەکات وشکانی نییەو هەموو سەرزەمین ئاوە..

.

(...من ئەگەرچی لە قەفەسێکدا بووم لە نێو قەفەسێکیتردا..بەلام بە خەیاڵ دەچوومە سەر پشتی پیرە کەشتیی و چاوم لە دەریا دەکرد،گوێم لە هەناسەو ترپەی دڵی شەپۆل دەگرت..چاوم پڕ دەکرد لە عیشق و ئەفسوونی دەریا..ماچی هەورەکانی بان سەری ئاوم دەکرد..گوێم دەنایە دەمی گۆرانییە بێکۆتاکانی شینایییەوە..ڕۆحمم پڕ لە ئاوازی جیهانێک دەکرد لە گەرووی شەپۆلەکانی زەریاوە دەهات...) سات لە دوای سات هەستمان بە سەرمای زیاتر دەکرد،وەکو سەرمای هەموو دونیا لەوێدا کۆبووبێتەوە،هەمیشە ددانە چۆقێمان بوو خۆمان گرژ دەکردەوە.هەروەها هەستمان بە برسێتییەکی زۆر دەکرد.دووجار لە کەشتییەکە دابەزیمە خوارەوەو بۆ پسکیتەکە دەگەڕام بەلام نەمدەدۆزیەوە.وتم دیارە کاتێک کابرا بۆ ئێمە گەڕاوە پسکیتەکەی بەرچاو کەوتووەو بردوویێتی.دواتر دووجاریتر بە یەکەوە دابەزین و هەم بۆ پسکیتەکە دەگەڕاین و هەم چادری چەند شاحینەمان

کردەوەو بۆ خواردنیتر دەگەڕاین، بەڵام خواردنمان دەست نەکەوت.سەرماو برسێتی تەواو بێحەوسەڵەی کردبووین،سیمامان وشکو ڕەش داگەڕابوو،هێندە لە سەر ئاسنی نێو شاحینەکە ڕاکشابووین جلەکانمان پیس و ژەنگاویی ببوو،ڕۆخسارێکی تەواوی ئەو دۆخە بووین.لە بەر ئەوەی کاتژمێرمان پێنەبوو نەماندەزانی چەند کاتژمێرو ڕۆژە لە نێو کەشتییەکەداین.هاوڕێکەم هێندە بێمەزەنە بوو هەمیشە دەیوت چەند کاتژمێرێکە بە ڕێگاوەین..ئەو وای دەوت من خەفەتم دەخواد،بەڵام هیچم نەدەگوت.من بە هۆی هیلاکیی و برسێتی و کەم بوونەوەی جگەرەکەمانەوە،دەمزانی کاتێکی زۆرە لەناو کەشتییەکەداین،کاتێکیش جگەرەکەمان کەم بووەوە بە هەردووکمان یەک جگەرەمان دەکێشا.

دوایی لە بارەی ئەوەوە کە لە کۆنترۆڵی ئیتالیا چی بکەین و لە کوێدا خۆمان حەشار بدەین،کەوتینە گفتوگۆوە.گرتن تێکشاکانێکی دەروونی سەخت دەبوو بۆمان،دەبوا کارێکمان بکردایە نەگیرابایەین.هاوڕێکەم پێی وابوو دابەزین و بچینە نێو شاحینەیێکەوە باری تێدا بێ و لە نێو بارەکاندا خۆمان حەشار بدەین.زۆربەی کۆچبەران هەر بەو جۆرە دەردەچن،بەڵام ئەوەش نزیکەی کاتێکی شێنەیی دەویست،تاکو کەس نەمانبینێ و هەستمان پێنەکەن.چوونکە وەک دەڵێن کرێکارانی نێو کەشتییەکە هەر ماوەی جارێک دێن و بە نێو کەشتییەکەدا دەگەڕێن و سەیری شاحینەکان دەکەن.چوونکە شاحینەکان لە نێو کەشتییەکدا بە زنجیر دەبەسترێن تاکو پاڵ بە یەکترەوە نەدەن و ئەوانیش دێن کۆنترۆڵی دەکەن، لە بەر ئەوە ئەو ترسەشمان هەبوو.

من دەمویست هەر لەم شوێنەی خۆماندا بمێنینەوە،بیرم لەوە کردبووەوە کاتێک گەیشتینە کۆنترۆڵی ئیتالیا،خۆمان بە بنمیچوو سووچی سەرەوەی دەرگاکەدا هەڵواسین.زۆر بیرم لەو شوێنە کردەوەو زۆریش باوەڕم بە دڵنیایی شوێنەکە هەبوو،هەرچەند لێکم دەدایەوە هیچ گومانێکم لە ا دروست نەدەبوو لەوێدا بماندۆزنەوە،هەروەها لە بەر ئەوەی شاحینەکە باری تێدا نەبوو هێندە گومانی لێنەدەکرا.بۆچوونم وابوو ئەوانیش وەک کابرا خۆیان بە دەرگاکەدا هەڵدەواسن و تەویلەیێکی بەتاڵ دەبینن کە هیچ بەرازێکی تێدا نییە...! باوەڕیشم وابوو تولەو تانجی کەم ئەزموون لە هەموو شوێنێک هەن.هاوڕێکەم دەیوت نا..ئەوێ باش نییە،ئەو هەر ئەوەی دەزانی دەبێت لە نێو باردا خۆت حەشار بدەیت.دەیوت با دابەزین و شوێنێک لە نێو بارەکاندا بدۆزینەوە،من ئەگەرچی لە دڵەوە قایل نەبووم"ئەگەر بشفڕایە هەر بزن بوو"لە گەڵ ئەوەشدا وتم دەی باشە،با دابەزین و بەڵکو شوێنێکی باشترمان دۆزییەوە،هەروەها وتم با دڵی نەشکێنم و ئەگەر گیراین نەڵێت خەتای تۆ بوو.دابەزین و چادری چەندین شاحینەمان کردەوەو دەچووینە نێویەوەو بۆ شوێنێکی باش دەگەڕاین،بەڵام هیچیان بە کەڵکی ئەوە نەدەهات حەشارمان بدات، دواجار گەڕاینەوە کۆنە هەوار.

هاوڕێکەم بڕیک قەڵەوو قورس بوو،پێم وابوو نەتوانێت بە دەست خۆی بە بنمیچەکەدا هەڵواسێت،لە بەر ئەوە تەختەدارێکی کورتم لە لاکانی شاحینەکە کردەوەو لە سووچێکی سەرەوەی دەرگاکەدا ڕەفەیێکی سێگۆشەم دروست کرد،وتم کاتێک کەشتییەکە لەنگەری گرت و گەیشتینە بەندەرەکە وەک کۆتر بچۆ سەر ڕەفەکە دانیشەو بە دەستەکانیشت شیشی بنمیچەکە بگرە،ئەوە بیرۆکەیێکی دروست بوو.

بۆ خۆیشم بیرم لەوە کردبووەوە لە سووچی سەرەوەی دەرگاکەدا خۆم هەڵواسم..دوای ڕەنج و ستەمێکی زۆر کە لە چاومان دەهات..دوای ئەوەی بە شەختەو زوقم ببووین..دوای ئەو هەموو نائارامی و جەنجاڵییە کە ڕۆحمانی سڕ کردبوو..دوای ئەو هەموو کاتە کە قسەیکمان بۆ شادیی و پێکەنین بۆ یەکتر پێنەبوو...! کەشتی..وەک هەناسەیێکی ماندوو هەڵکێشێت..هەناسەیێک دوای سەفەرو تەقەلایێکی بێپەروا بە زەریاکاندا کەناری لێدەرکەوتبێت..ئارام ئارام دەرۆیشت و دەیوت مرۆڤە ماندووەکانی نێو هەناوم واگەیشتین..گەیشتین و کەشتیی لەنگەری گرت. نیگەران و دەروورن ئاڵۆز بووین،ئاستانەی پێشهاتێکی تاڵ و ..جێهێشینی پەیژەیێکی سەختیەکان

بوو.هاوڕێکەم چووبوە سەر ڕەفەکەو دانیشتبوو"شتێک کە پێویستە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە ئەم کەشتییەی ئێمە پێی هاتبووین،وەک کۆچبەران دەیانوت تەنها گلابە-عارەبانەی شاحینەکانی بار دەکرد،واتە کەلەو مەکینەکەی پێوە نەبوو،لەو وڵاتەوە کە بار دەکرا بە کەلەو مەکینەیەک دەیانبردە نێو کەشتیەکەوەو کەلەو مەکینەکەی لە گەڵدا نەدەرۆیشت،هەروەها کە دەگاتە وڵاتی دووەم،کەلەو مەکینەیتر دێت و دەیبات،کۆچبەران کەلە جۆکەریان پێدەوت".هەڵبەتە ئەمە بۆ ئێمە کێشەی دەبوو،چوونکە زۆرێک لەو گلابە شاحینانە بە تایبەت ئەوانەی باری تێدا نییە،دوای ئەوەی لە کەشتیەکە دایدەگرن لە نێو گۆڕەپانی بەندەرەکەدا دەکیەنەوەو بە جێیدێڵن،لەوانەیە چەند کاتژمێرو و چەند ڕۆژو مانگیش بخایەنێت،کێشەیەکیتریش لەم نێوەدا ئەوەیە هەرچەندە لە کۆنترۆڵی بەر دەرگای کەشتیەکە ڕزگارت بێت،ئەگەر پۆلیس لەو نزیکانە بتبینێت دەتگرێت،چوونکە دەزانن تازە هاتوویتە ئەو وڵاتەوە،ئەمە دواتر ڕوون دەبێتەوە...

هاوڕێکەم لە سەر ڕەفەکە دانیشتبوو منیش لە پشتی دەرگاکەوە وەستابووم و چاوەڕێی بە ڕێکەوتنی شاحینەکەم دەکرد،تاکو یەکسەر خۆم هەڵواسمە سووچی سەرەوەی دەرگاکەدا.هەستمانکرد کەلە جۆکەرەکە هات و خۆی چەسپاندە گلابەکەوە،من هێشتا خۆم هەڵنەواسیبوو پێم وابوو چەند خولەک دەخایەنێت تاکو بە خۆیەوە ببەستێت،کەچی ئەو بە چەند چرکە کاری خۆی تەواو کردو پەتیکردین،تەواو شپرزە بووم تاکو خۆم هەڵواسیی.
شاحینەکە گەیشتە کۆنترۆڵەکەو وەستا،ئێمە وەکو دوو کۆتری تەرەو لانەواز داڵاش سەری لێشێواندبێت،خۆمان مات و لوول کردبوو..! من چوونکە تەنها بە دەستم خۆم هەڵواسیبوو،هەردوو باڵم خەریک بوو دەشکا.

لە بەر ئەوە من بە سەر دەرگاکەوە بووم و سەرم خوار کردبووەوە،مەترێک دەرەوەی دەرگاکەم دەبینی.جەندرمەکانم لێوە دیاربوون..دوو کەس بوون.. یەکێکیان خۆی هەڵواسیە دەرگاکەداو سەیرێکی نێو شاحینەکەی کردو دابەزیە خوارەوە،تەنانەت سەیری پشتی دەرگاکەشی کرد بەڵام سەری بەرز نەکردەوە سەیری بنمیچەکە بکات.

شاحینە بە ڕێکەوت چەند خولەک ڕۆیشت و لە شوێنێکدا وەستاو گلابەکەی کردەوەو بە جێیهێشتین! ئەوەی لێیدەترساین ڕوویدا.زۆرێک لە شاحینەکان لەوێ نایکەنەوە یان ناوەستن و یەکسەر دەڕۆن بۆ شارو یان وڵاتانیتر، ئەوانەی کە یەکسەر دەڕۆن مەترسی گرتنیان نامێنێت،کۆچبەران دوای یەک دوو سعات ڕێکردن،ئیتر دەزانن ترسی پۆلیسیان نەماوە لە شاحینەکە دەدەن و شۆفێرەکە شاحینەکە ڕادەگرێ و ئەوانیش دادەبەزن.

لە درزێکی چادرەکەوە سەیرێکی دەرەوەمان کرد،بە سەدان شاحینە وەستابوو،بەندەرێکی زۆر گەورە بوو،بەڵام نەمانزانی ئەوێ کوێیەو بەندەرەکە ناوی چییە.

دیار بوو کات پێشی نیوەڕۆ بوو،بە هۆی نزمیی خۆرەکەوە دەمانزانی. بە نیگەرانییەوە کاتمان بە ڕێدەکرد،هیلاک و برسیی و بێحەوسەڵە ببووین. هێشتا نەماندەزانی چەند کاتژمێرو ڕۆژە نانمان نەخواردووە،دەمێک بوو تەنها جگەرەمان دەکێشا.جگەرە بۆ من دەرمانێکی دەروونی و ڕۆحیی بوو، من -مرۆڤی جگەرەکێش کاتێک ڕووت دەکرێتەوە..دووکەڵ ئەو گەرماییە ڕۆحیی و دەروونییەیە لە سەرماو تۆفانی خەمە گەورەکان دایدەپۆشێت..! هەمیشە وەک دووکەڵ زەدەیێک مژم لێدەداو بە بامدا دەکرد،وەک ئەو مرۆڤە داخ لە دڵانەی لە کاتی خەم و ئازارەکانیاندا، پەنا بۆ مەیی و جگەرە دەبەن و وەک بیانەوێت خەم و ژانەکانیان لە گەڵ بە باکردنی دووکەڵدا بە با بکەن.بەڵام بۆ من دیسان دەرمانێکی کاتی دەبوو..چێژو ئارامییەکی کاتی چەشنی ڕاهاتن و خوی دووکوڵ زەدەیێک کە دواجار تەنها چێژ وەردەگرێت،چێژێک وەک بروسکە دێت و وەک بروسکەش دەڕوات..دواجار- کاتێک- دیسان- دەرگای خەمەکان واڵا دەبێت..هاوارە گەورەکان دەست پێدەکات...! دواجار..خەمەکانی من قرچەی زام و نرکەی دەم ستەمێکی قووڵ بوون و لە قووڵاییەکانی دەروون و ئەندێشەمەوە دەهاتن و لەتی دەکردم.خەمەکانی من

خەمی مرۆڤێک نەبوون چەند رۆژ نانی نەخواردبێ و ماندووو بوویێت و رۆژانێک لە سەر جادەو خەرابەکاندا خەوتبێت و ماڵی نییەو پۆلیس ئازاری دەداو ئازاری داوە.هەرگیز خەمێک نەبوو لە دوا مەنزڵی ئەم کۆچ و شەوارەبوونەدا کۆتایی بێ و بتوانم کۆتایی پێبێنم، من زادەی ژانگەلێک بووم کە ژانی هەموو مرۆڤ و ستەمەکانی بوو لە یەکتر، ژانی ئەو هەموو پروپووچپەرستییەی مرۆڤ کە مرۆڤایەتی خۆی پێدیل و نابوت کردووە،من خەمەکانم تێکەل بە خەم و ئازارە گەرەکان دەبوون، من لە دەست بێدادیەکان بە ژان هاتبووم..بۆیە نە ئۆقرەم دەگرت و نە ئارام دەبوومەوە...

دونیا هێشتا تاریک و روون بوو،لە شاحینەکە هاتینە خوارەوەو وەک هەر بوونەوەرێک کە لە هەموو بوونێک بە ترس و گومان بێت،بە ترس و نیگەرانییەوە بە نێو شاحینەکاندا رێمان دەکردو بە چاو هەموو شتێکمان دەپشکنی و دەخستە ژێر نیگای گومانەوە،هیچ شتێک لەو دوروبەرە نەبوو ئێمە گومانی لێنەکەین..! دارو بەردو خانوو سەیارەو مرۆڤ!..

دەمانویست رێگەی دەرچوون لە بەندەرەکە بەرەو دەرەوە بدۆزینەوە،بەندەرەکە زۆر گەورە بوو نەماندەزانی کامە رێگە بەرەو دەرەوەمان دەبات. ماوەیک گەراین رێگەمان نەدۆزیەوە،دیسان گەراینەوە نێو شاحینەکە،وروکاس ببووین،هیلاک و رەش هەڵگەراوو ژەنگاویی،لە جۆرێک بوونەوەر دەچووین تەنها لە مرۆڤ بترسێت..ئاوا لە مرۆڤ دەترساین! دەبوا کەس نەمانبینێ و هەموو کەسێکیش وەک پۆلیس وابوو لە چاوی ئێمەدا..پۆلیس ئەو تارماییە مرۆییە ناحەزو ناشیرینە بوو لە هەموو شوێنێکدا ئامادەگیی هەبوو،یانیش ئێمە لە زەینی خۆماندا دروستمان دەکرد .

دیسان دابەزین و وتمان ئەمجارە ملی پێوە دەنێین،هیچ حەوسەڵەمان نەمابوو..وتمان ئەوپەری دەگیرێین !شەوارەی شەوانەی کۆچ هیچ دڵنیاییەکی تێدا نییە..هەموو قەدەرێک لە دەستی رێکەوتدایەو کۆچبەر دەبێت ئەو حەقیقەتە قەبوڵ بکات!

رێگەیێکیتر هەبوو کە جاری پێشوو بینیمان پێمان وابوو ئەوە رێی دەرچوونە بەرەو دەرەوە،بەڵام ئێمە ترساین و بەوێدا نەرۆیشتین چوونکە سەیارەیێک وەستابوو وتمان لەوانەیە پۆلیس بێت! ئەمجارە دابەزین و بەوێدا رۆیشتین،رێگاکە بەرەو دەرەوە بردمانی.چارەکێک رێمانکردبوو هیچمان تووش نەهات..لە پرێکدا سەیایکی پۆلیسمان بینی لە شوێنێکدا وەستابوو..لەوکاتەدا کەوتەرێ و رێکوراست بەرەو لای ئێمە هات،هیچ گومانمان نەبوو کە بۆ گرتنی ئێمە دێن،هات بە تەنیشتماندا تێپەری و رۆیشت،رێکەوتێکی ناخۆس بوو دڵ و دەروونمانی هێنایە لەرزین...!

کەمێکیتر رۆیشتین تاکسیەکمان بینی،یەکسەر دەستمان لێراگرت و وەستا،بە ئاماژەو یەکدوو وشەبڵمەبڵمی ئینگلیزی وتمان بۆ رۆما دەچین. ئێمە دەمانویست ئەو بمانبات بۆ رۆما،هێشتا نازانین چەند پارەی دەوێت،ئەویش بەو جۆرە تێگەیشت کە وێسگەی قیتاری رۆمامان دەوێت،بۆیە وتی وێسگەی قیتاری رۆما؟ئێمەش یەکسەر وتمان یەس یەس..! وتی سەرکەون.

کە چووینە نێو تاکسیەکەوە ترسی گرتنمان نەما،شۆفێرەکە یەک پرسیاری لێکردین:خەڵکی کوێن؟ وتمان ئیراک..دوای پانزە خولەک لە نێو شارێکداو لە وێسگەی قیتار دایبەزاندین،نامانزانی ناوی شارەکە چییە.لەو وڵاتانە خەڵکی هێندە سەرنجی کەس نادات،بەڵام چوونکە ئێمە پیس و ژەنگاویی بووین و روناکیی بە رۆخسارمانەوە نەمابوو،خەڵکی سەرنجی دەداین.

لەوێ پرسیاری قیتاری ڕۆمامان کرد،وتیان یازدەی شەو دەردەچێت.ئەگەر چی ترسی گرتن لە گۆڕێ نەبوو،بەڵام ئێمە هەر دەترساین !

هەندێک خواردنمان کڕی و خواردمان،من نێو گەرووم وەکو زامی لێهاتبوو،کە پارووەکانم قووت دەدا وەک بە سەر برینەدا بچێت وابوو. هەروەها یەکی دوو پاکەت جگەرەشمان کڕی.دوایی چووینە قاوەخانەیێک دانیشتین و قاوەمان خواردەوە تاکو کاتی دەرچوونی قیتارەکە.

کاتژمێر یازدە قیتار هات و سەرکەوتین،هەر لە نێو قیتارەکەدا تیکتمان بڕی. ماوەیێک بوو سەرما ڕچاندبوومانی،نێو قیتارەکە ئەو گەرماییە بوو شەختەکانی جەستەمانی دەتواندەوە،زۆرجار لە نێو قیتارەکەدا خەومان لێدەکەوت و بە ئاگا دەهاتینەوە.

سبەینێ ڕۆژ بووەوە گەیشتینە ڕۆما،لەوێ کە دابەزین پرسیارمان لە خەڵک و خاوەن تاکسییەکان دەکرد بەڵکو شوێنی عێراقیەکانمان پێبڵێن،بەڵام دەیانوت نازانین،شۆفێری تاکسییەکان داوای ئەدرەسیان دەکرد ئێمەش ئەدرەسی شوێنەکەمان پێنەبوو.ئێمە بیستبوومان کوردەکان لە پارکێکدان بە ناوی پارکی پەپوولەکان،بەڵام ئەوە ناوی ڕەسمی پارکەکە نەبوو،بەڵکو ناوێکی خوازراو بوو،دیاربوو کۆچبەران ئەو ناوەیان لێنابوو! ناوێکی جوان و پڕ ماناو شاعیرانە بوو."پەپوولەکان"مەبەست لە کۆچبەران بوو کە ئەو پارکەیان کردبووە مەنزڵگەو ئۆقرەی بێئۆقرەییان تێدا گرتبوو. پەپوولەکان لە مەوداو سەرزەمینێکی زۆر دوورەوە کۆچیان کردبوو.. لەوێدا بە یەکدا دەهاتن و بۆ بەهاروگوڵ و سەوزایی دەگەڕان..بەڵام سەوزایی نەبوو..گوڵ نەبوو..بەهار نەدەهات..پەپوولەکان سەدان هەناسەو باڵی هەڵقرچاو بوون و لە جوگرافیای بێگوڵ و بەهارەوە کۆچیان کردبوو بۆ ئارامی دەگەڕان..بەڵام ئارامی نەبوو...

دوایی تەلەفۆنمان بۆ برادەرێک کردو ئەدرەسی شوێنەکەمان لێوەرگرت و نووسیمان،ئینجا چوومە لای شۆفێری تاکسیەک و ناونیشانەکەم بۆ خوێندەوە،من هێندە بە سەقەتی خوێندمەوە ئەو نەیتوانی تێبگات.. کاغەزەکەی لە دەستم وەرگرت گوایە خۆی بیخوێنێتەوە،یەکسەر دایەوە دەستم"وەکو ئەوە وابوو نارنجۆکم دابێتە دەستی"من بە ئەلفوبێی خۆماڵی نووسیبووم ! دووبارە بۆم خوێندەوە..کەمێک وەستاو بیری کردەوە،وەک هەوڵ بدا چی ناوێک لەو ڕستە عاجباتییەی منەوە نزیکە،ئینجا ئەویش ئەدرەسەکەی بە شێوەی خۆی خوێندەوە،وتم بەڵێ بەڵێ ئەوەیە بە! بردمانی و لە" پارکی پەپوولەکان" دایبەزاندین! ئێمە هیلاک و سەرما بردوو تۆقیو بووین،وەک هەر نێچیرێک لە ژێر دەم و دان و چنگ و چەپۆکی ڕاوچیی ڕزگاری بووبێت و لە نزیکەی مەرگ گەڕابێتەوە،وەها ڕۆخسارو جەستەیێکی کەنەفت بووین.

لە شوێنێکدا بێ ترس و دوور لە هاتن و چاوەڕوانی لێدان و گرتن و پێلەقەی پۆلیس ڕاکشاین.چاوم لێکدەناو بە بێویستی خۆم بیرم لە خۆمان دەکردەوە! هەندێجار-چرکە-دەکەوتمە وەها دۆخێکی بیرکردنەوەو ڕامان و خەیاڵ و گومانەوە وەک ئەوەی خەون ببینم یان خەونم بینیبێت! چۆن گەیشتینە ئێرە.. خەریک بوو باوەڕ نەکەم!

چەند کەس لە کوردەکان کە دیار بوون لەوێ دەژیان،لە چەند شوێنی ناو پارکەکەدا خواردن و چایان دەفرۆشت،ئاگریان دەکردەوەو گۆشتیان لە سەری دەبرژاندو هەروەها چاشیان لە سەر تەباخ و ئاگرەکەش دەکوڵان. ئێمەی سەرما بردوو تینووی ئاگر بووین،چووین لە لای کوانووەکەوە دانیشتین و خواردن و چامان داواکرد.من تاسەی چام دەکرد..چەند چای گەرمم خواردەوە..چەند جگەرەی پڕ حەسرەتم کێشا!..

## - بەشی نۆیەم -

دوایی وەک هەر بوونەوەرێکی بێهێلانەو ماڵ بەو ناوەداو نە شەقامەکاندا دەسووڕاینەوە،کە شەویش داهات هەر یەکێک چەند پارچە کارتۆنمان هێناو لە پەنا دیوارێکداو لە نێو پارکەکەدا ڕامانخست و لە سەری هەڵکورماین.سێ بەشی کات لە سەرماندا بە ئاگە بووین،تاکو ڕۆژ بووەوە هەر خۆمان دەگوشی و خۆمان لوول دەدا...

سبەینێ دوای نیوەڕۆکەی بوو لە پڕێکدا لە گەڵ ئەو برادەرە ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە،کە لە یۆنان لە پارکی لای بەندەرەکە هات بۆ لامان و پێمان وت،بچێت دەوروبەری بەندەرەکە تاقیبکاتەوە تاکو بزانین قاچاخچییەکان لەوێ ماون یان نا! باوەشمان بە یەکدا کردو یەکترمان ماچ کرد.دوایی پرسیارمان لە بارەی دەرچوونی یەکترەوە لە یەک کرد.وتم چۆن دەرچوویت و کەشتییەکەی ئێمە کەی دەرچوو؟ئەو وتی کەشتییەکە ئەو ئێوارەیە دەرنەچوو،بەڵکو سعات دوازدەی شەوی دواتر دەرچوو! ئەو کاتە زانیم ئێمە چەند دواکەوتینە کە دەکاتە سێ شەوو سێ ڕۆژ! سێ شەوو ڕۆژ هیچمان نەخواردبوو...

پاشان باسی خۆی بۆ کردم کە چۆن چۆتە ناو کەشتییەکەوەو لە ناو شاحینەیێکدا خۆی شاردۆتەوە بارەکەی شتێک بووە وەکو(ناوکە لۆکە!)کاتێکیش گەیشتۆتە کۆنترۆڵی ئیتالیا،چاڵێکی تێدا کردووەو چووەتە ناوێوەو بەو کەرەستەیە خۆی داپۆشیوە.وەک باسی دەکرد زیاتر لە مەترێک کەوتبووە ژێر ئەو شتەوە،دەیوت چەند جار هەستم بە خنکان دەکردو پێم وابوو ئیتر دەمرم! هەروەها دەیوت نەمدەتوانی هیچ جووڵەیێکیش بکەم!

دوایی پرسیاری ئەو دوو برادەرەیترم لێکرد،بە تایبەت حەسەن،چوونکە حەسەن چووە ناو کەشتییەکەوە،وتی هەردووکیان گیراون،ئێمە ئاگەداری یەکێکیان بووین کە گیرا،بەڵام حەسەن کە چووە ناو کەشتییەکەوە ئیتر ئاگەمان لێنەما.دیارە دوایی بۆی گەڕاون و ئەویشیان دۆزییەتەوە.من بەو هەواڵە زۆر دڵگران بووم،حەسەن تەقەلایێکی بێپەرواو شێتانەی دەدا تاکو ئەو دۆخە پڕژان و ژارەی تێپەڕێنێت. ئەوە بوو ئەو ئێوارەیە عەرەقێکی زۆری خواردبوووەوو دەیویست مەستانە سەوڵی هیواو ئومێدە بە دینەدەهاتووەکانی لێبدات،خۆی مەست کردبوو تا هەست و تواناکانی ئازاد بکاو لە مەرگی خۆیشی نەترسێت"شەرم لە پاڕانەوەش نەکات".ئەو مەستانە بە جلی تەڕەوە لە بەر هاژوهوژی باو تۆفاندا ڕاوەستابوو داوای کۆمەکی دەکردو کەس لای لێنەدەکردوە،دەپاڕایەوە کە نەدەبوو ناچار بە پارانەوە بکرێت..دەمرد کەس حەقی ئەوەی نەبوو بیکوژێت.ئەو ڕۆخسارێکی ماندوو هەگبەیێکی پڕ ژانە ڕازی نەدرکاو بوو،مرۆڤێکی داخ لە دڵ و هەلاتووی دەستی ستەم و زۆرداری بوو،وەک هەزارانیتر تەڕەو دابڕاو بوو لە ئازیزانی،لە مندڵەکانی کە وەک ڕەهێڵەی باران فرمێسکی بۆ دەڕشتن.دونیایێکی سەیرو پووچە..کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی پڕە لە زەلکاوو زۆرترین ئارامی و لەزەت مێش و مەگەسەکان دەیبەن.

کەنیسەیێک هەبوو ئێواران خواردنی دروست دەکرد،ئەو کەسانەی کە بێ جێگەو ماڵ بوون دەیانتوانی بچن لەوێ نان بخۆن و هەروەها خۆیان و جلەکانیشیان بشۆن،ئێمەش ئەو ئێوارەیە ڕۆیشتین بۆ ئەوێ هەم خۆمان و جلەکانمان شت و هەم نانیشمان خوارد.

هەفتەیێک لە ئیتالیا مامەوە،شەوانە وەکو ئەوانیتر لە پەنا دیوارەکاندا دەخەوتم.هەموو ئێوارەیێک دونیایەک کارتۆنمان دەهێناو سبەینێ شارەوانیی دەهاتن و کۆیان دەکردنەوەو فڕێیان دەدان،ئەوە بەرنامایێک بوو هەموو ئێوارەو بەیانییەک دووبارە دەبووەوە.

لە ئیتالیا پۆلیس ئازاری کۆچبەرانی نەدەدا،یاخود من نەمبینی،بەڵام وەک کۆچبەران باسیان دەکرد هەر کاتێک بیانویستایەو بۆیان ڕێککەوتایە کۆچبەرانیان دەگرت و بە زۆر پەنجە مۆریان پێدەکردن،ئەوەش بە لای کۆچبەرانەوە کارێکی خراپ بوو،چوونکە کاتێک بۆ وڵاتێکیتر دەچون و ئەگەر پەنجە مۆری ئیتالیایان هەبوایەو ئاشکرا بوایێن،ئەوا داواکەیان ڕەتدەکرایەوە یان دەیانناردنەوە بۆ ئیتالیا یانیش بە خراپیی لە سەر کەیسەکەیان دەکەوتەوە.

ئێوارەی  ڕۆژی هەفتە لە گەڵ پێنج کەسیتردا تیکتی شارێکی فەڕەنسامان بڕی بە ناوی"دیژۆن"،ئێمە خۆمان تیکتەکانمان نەبڕیی،چوونکە دەیانوت لەوانەیە داوای پاسەپۆرت بکەن و ئێمەش ئەو کاغەزە هیچ و پووچەمان نەبوو.چەند کەس لە کوردەکان کە ئیقامەی ئەوێیان هەبوو هەمیشە لە ناو کۆچبەراندا بوون و جۆرێک لە قاچاخچیی بوون کە بە پارە هەندێک کاریان بۆ کۆچبەران دەکرد،لەوانە:تیکت کڕیین کە بۆ هەر کەسێک بیست سی ئۆیرۆو زیاتریان لە کۆچبەران وەردەگرت و تیکتەکانیان بۆ دەبڕین،ئەوەش جۆرێک بوو لە قاچاخچێتی،ئێمەش هەر یەکێ و سی ئۆیرۆماندا‌و تیکتەکانیان بۆمان وەرگرت.

کاتژمێر حەوتی ئێوارە چووینە ناو قیتاری شاری دیژۆنەوە،ئێمە شەش کەس بووین هەر دوانمان چووینە ناو فارگۆنێکەوە.هێشتا قیتارەکە بە ڕێنەکەوتبوو،کارمەندانی ناو قیتارەکە-ئەوانەی داوای تیکت و پاسپۆرت دەکەن،هاتن و داوای تیکت و پاسیان لێکردین،من و هاوڕێکەم تیکتەکانمان دایە دەستیان.وتیان پاسپۆرت؟نۆ پاسپۆرت..!هەندێک قسەیانکرد هیچ تێنەگەیشتین،وتیان ئینگلیزیی دەزانن؟نۆ..ئیتالیی فەڕەنسیی؟نۆ..قسەکانی دواتریان ئەوە بوو کە لە ڕێگە پۆلیس هەیەو دەتانگرن.من بە وشەکانی پۆلیس و کۆنترۆل لە مەبەستیان تێگەیشتم.ئێمە بێدەنگ ماینەوەو ئەوانیش ڕۆیشتن.من دەمویست ئەوان لە کۆڵمان ببنەوەو بڕۆن،ئیتر لە ڕێگە چ دەبێت و چی ڕوو دەدات گرنگ نییەو بە دۆزەخ.من بە ناو تونێلی مەرگ و پەیژەی ئازارا هاتبووم،پاسپۆرت و ئەو کاغەزە بێبەهاو هیچووپوچەم نەبوو ئەوان داوایان دەکرد.ئەگەر گێلیی و گەمژەیی یاساوڕێسا پووچەکانی مرۆڤ و سیستەمە خورافییەکەی نەبێت،ئازادیی چ پەیوەندییەکی بەو کاغەزە بێنرخەوە هەیەو دەبێت! ئازادیی چی پەیوەندییەکی بە یاساو ڕێساو چوارچێوە دانانەوە هەیە؟دەبێت کاغەزێکت هەبێت تاکو بزانن کێیت خەڵکی کوێ و بۆ کوێ دەچیت!! ئەم سیستەمە چی کۆمیدیایەکە..ئەوە نابینێت تۆ مرۆڤیت،مرۆڤیت و ئیتر هیچ ناسنامەیێکیتر پێویست نییە..بەڵکو شەرمە بۆ مرۆڤ ئەگەر ناسنامەیێکیتری هەبێت...!

هەر ئاواشیان بەو برادەرانەیتر وتبوو،ئەوان یەکسەر دابەزیبوون و هاتنە بەردەم پەنجەرەی ئەو فارگۆنەی ئێمە تێیدا بووین،لە خوارەوە ئاماژەیان بۆمان دەکرد ئێمەش دابەزین.هەستام و پەنجەرەکەم کردەوەو وتم چ بووە؟وتیان پێیان وتوین لە ڕێگە پۆلیس هەیەو دەتانگرن بۆیە دەبێت دابەزین.منیش وتم ئێمە تیکتمان بڕیوەو بەو هۆیەوە کە زمان نازانین ناتوانین پارەی تیکتەکانمان وەرگرینەوە،هەروەها لە هەر کوێ بین و هەر کاتێک بڕۆین هەر دەبێت بەم شێوەیەو بە قاچاخ بڕۆین،کەواتە باشتر ئەوەیە بڕۆین،ئەگەر بشمانگرن دەمانگێڕنەوە بۆ

ئیتالیا،ئیتر ئەوانیش دووبارە سەرکەوتن،ئەوان بهاتنایە یان نا من هەر دەڕۆیشتم،بەڵام هاتنی ئەوان بووە هۆی کێشەیکی گەورە بۆ من،ئەمە دواتر ڕوون دەبێتەوە.

پێم وابێت ماوەی چوار پێنج مانگێک دەبوو کۆنترۆڵی نێوان ئیتالیاو فەرەنسا توندوتۆڵ کرابوو،ئەوەش بەو هۆیەوە بوو کە ئەو کامپەی لە کالاس بوو"کالاس شارێکی فەرەنسایەو کامپی لێبوو"داخرابوو چیتر کۆچبەری عێراقیی وەرنەدەگرت،هەرکۆچبەرێکیش بڕۆیشتایە بۆ ئەو شارە وەریان نەدەگرت و دەبوا لە دەرەوەو لە سەر جادەو پەناو پەسێوو خەرابەکاندا بخەوتایە.لە بەر ئەوە زۆرجار کۆچبەران لە نێوان ئیتالیاو فەرەنسادا لە لایەن پۆلیسەوە دەگیران و دیپۆرتی ئیتالیا دەکرانەوە،هەنێجار لە شوێنێکی دوور لە وێسگەو هێڵی قیتار بەرەڵایان دەکردن و دەبوا چەندین کاتژمێر بە پێ بڕۆیشتنایە تا دەگەیشتنە وێسگەی قیتار...!

گەیشتینە شاری دیژۆن و چرو چارەی پۆلیسمان نەبینی،هەرکەسەو ڕۆیشت بۆ خۆی تیکتی شاری پاریس ببڕێت.من تیکتی خۆمم بڕیی و گەڕامەوە سەرئەو شۆشتەیەی کە قیتاری پاریسی لێوە دەڕۆیشت،یەک تیکت بە چلوپێنج ئۆیرۆ بوو.دوایی سەیرمکرد ئەو برادەرانە شپرزەبوونەو بەرەو لای من دێن،من پێشتر ئەوانم نەدەناسیی و ئەوان دۆست و ناسیاوی یەک بوون.هاتن و وتیان پارەکەمان بەشی سێ تیکت دەکاو دوانمان بێ تیکت دەمێنینەوە،بەڵکو تۆ پارەی ئەو دوو تیکتەمان بۆ بدەیت و هەر کە گەیشتینە پاریس یەکسەر پارەکەت دەدەینەوە،وتیان برادەرمان لەوێ هەیە! بەڵێنی دانەوەی پارەکە لە پاریس و چەند ڕۆژیتر بەڵێنێکی بێواتا بوو! مرۆڤی ئەو کات و سات و ڕۆژگارانە قایل ناکات! بەڵام ئەوەی منی نیگەران دەکردو قایلی بکردایەم، سیمای پەشۆکاوو نیگەرانییەکانی ئەوان بوون،کە دەکرا بە هۆی دەرنەچوونیان لەو شارە پۆلیس بیانگرتایەو دیپۆرتی ئیتالیایان بکردنایە.هەروەها لایەنێکیتریش کە بیرم لێدەکردەوە بێپارە مانەوەی خۆم بوو.ڕووبەڕوی هەڵوێستێکی دژوار ببوومەوە،هەروا بیرم دەکردەوە پارەیان بدەمێ یان نەیدەم! ئەگەر نەیدەم حەقی خۆمەو خۆیشم بێپارە دەمێنمەوە،وەک ئەو ڕۆژانەم لێدێت نەتوانم جگەرەیک بکڕم.هیچ کێشەیکم لە گەڵ ناندا نەبوو..دەتوانم هەفتەیەکیش نەیخۆم..ملیۆنان برسی لە دنیادا هەن و بە درێژایی ژیانیان برسین و بە برسێتیش دەمرن! بەڵام بێجگەرەیی شێتی دەکردم،جگەرە ئەو میکرۆبە پیسە،نەبوونی لە شەوە ساردەکانی شەوارە بووندا کوێرم دەکات.من دەمزانی شەوگەلی شەوانەکانی سەفەر دوایی نایێت،ئەو شەوانەی تێیدا هیچم نابێت بێجگە جگەرە... !

حەقیش بوو پارەیان بدەمێ چوونکە پێویستیان بە کۆمەک بوو،هیچ نەبێت لە ژانەکانی شوێنێک دووریان دەخاتەوەو دەیانباتە شوێنێکیتر.من لە نێو ئەو هەموو حەق و ناحەقەدا گیرم خواردبوو نەمدەزانی چیبکەم.پێم دەوتن خۆیشم بێپارە دەبم و کەسیش نییەو نابێت پارەی جگەرەیکم بداتێ،لە بارەی ئەو پێشهاتانەوە کە لە بێپارەییدا تووشم دەبێت زۆرم لە گەڵیان وت،دەموت بەڵکو قایلیان بکەم و وازم لێبێنن و ڕێگەیکیتر بۆ خۆیان بدۆزنەوە! بەڵام ئەوان هەر ئەوەیان دەوت کە پارەیان بدەمێ.دەیانوت پیاوەتیەکی گەورەمان لە گەڵ دەکەیت.من ڕقم لەو وشە "پیاوەتییە" بوو کەچی ئەوان دەیانویست لەو وشە ناشیرینەدا،مرۆڤدۆستیی من بەرجەستەبکەن...بە هەرحاڵ..پارەم پێدان و تیکتەکانیان کڕیی..من هەر لە سەرەتاوە دەمزانیی پارەکەیان دەدەمێ..! سەدوچل ئۆیرۆم پێبوو نەوەدیم بەواندا‌و پەنجاشی لای خۆم مایەوە.

چووینە ناو قیتارەوەو بەرەو پاریس بە ڕێکەوتین.کۆچبەری کورد لە ناو قیتارەکاندا غەمگین و نامۆ دیارە! یەکێک لەو هۆکارانەی کۆچبەر لە نێو قیتارا غەمگین و نامۆ دەکات،ئەوەیە ئەو نازانێت بۆ کوێ دەڕوات! ئایا ناگیرێت..ئایا بە ڕاستیی دەگاتە ئەو شوێنە خەیاڵییە کە بۆی دەڕوات؟ ئەو هەزارو یەک بیرۆکەو خەیاڵات بە مێشکیدا دێت و دەچێت،هەرگیز لەو شوێنە نییە کە تێیدایە.."ئێرە" شوێنێکە ئەو تێیدا نامۆیە،زمان نازانێت،ناتوانێت لە گەڵ خەڵکیدا قسە بکات،شارەزای هیچ شوێنێک نییەو شوێنەکان بۆ ئەو تازەو نەدیتراوو

ئەزموون نەکراوون! "ئەوێ"ش کە ئەو بیری لێدەکاتەوە بە خەیاڵ تێیدایە،هیچی لە بارەوە نازانێت،شوێنێکە هیچ زانیارییەکی لە سەری نییە،ئەو دەڕوات و لە هەموو "شوێنێک" نامۆیە...! من-ئێمەش غەمگین بووین،من هەمیشە جگەرەم دەکێشا...!

کاتژمێر نۆی بەیانی گەیشتینە پاریس،لە وێسگەکە هاتینە دەرەوەو تەلەفۆنیان بۆ برادەرەکەیان کرد،ئەویش ناونیشانی شوێنێکیداو وتی وەرن بۆ ئەوێ و دێم بۆ لاتان.هەڵبەتە بۆ کەسێک زمان نەزانێ و شارەزا نەبێت دۆزینەوەی شوێنەکان ئاسان نییە،هەروەها لە شارێکی گەورەو جەنجاڵی وەک پاریسیشدا.

هێشتا هەر لە نزیکی وێسگەکەدا بووین کوڕێک هات بۆ لامان و بە عەرەبیی وتی بۆ کالاس دەڕۆن؟وتی ئەگەر بۆ ئەوێ دەڕۆن من پارەمەتیتان دەدەم ئێوەش پارمەتیم بدەن؟کالاس ئەو شارە بوو کە کامپەکەی لێبوو دەکەوتە سەر دەریاوە،عێراقییەکان دەچوونە ئەو شارەو لەوێوە لە ڕێگەی شاحینەو کەشتییەکانەوە دەچوون بۆ بەریتانیا.

ئەم کوڕە بێماڵ و حاڵ بوو،هەروەها ئاشنای عێراقییەکان ببوو کە دێنە پاریس و لەوێوە بۆ کالاس دەڕۆن،بە هۆی ناشارەزایی کۆچبەرانەوە دەچێتە لایان و ئەڵێت یارمەتیم بدەن منیش یارمەتیتان دەدەم،مەبەستی ئەو ئەوە بوو کەمێک پارەی بدەنێ ئەویش ڕێنماییان دەکات.ئەوخەڵکی جەزائیر بوو. کۆچبەر کاتێک دەگەیشتە پاریس لە وێسگەیەک دادەبەزین ناوی "گار دی نۆرد"بوو،هەروەها ئەو وێسگەیەش کە قیتاری کالاسی لێبوو ناوی"گار دی لیۆن"بوو،نێوان ئەم دوو وێسگەیە بڕێک دوور بوو،بۆ کەسێک ئەگەر شارەزا نەبێت لەوانەیە دۆزینەوەی کەمێک دژوار بێت،وەک وتم بۆ مرۆڤی ناشارەزا لەوانەیە کێشەی دۆزینەوەی تووش بێت،بۆیە بە لای ئەو کۆچبەرانەوە کە دەیانەوێت بە کالاس بگەن،دە ئۆیرۆو بیست ئۆیرۆ هێندە بایخی نەدەبوو پێی بگەنە شوێنی مەبەست .

ئێمەش وتمان بۆ کالاس دەڕۆین بەڵام لە پێشدا دەبێت بۆ ئەم شوێنە بڕۆین،کێشەکەمان بۆ باسکرد وتی باشە من لە گەڵتان دێم و دەتانبەم.

گەیشتینە شوێنەکەو تەلەفۆنیان بۆ هاوڕێکەیان کردو بەڵام وتی نایێم و کارم هەیە! وتیان بەیانی،دوو بەیانی..وتی ناتوانم!ئەوەی لێی دەترسام هاتەدی.ئەو کەمە پارەیەش کە پێم مابوو بەشی هیچی نەدەکردو بە هیچ کوێی نەدەگەیاندم،ئیتر بە ناچاریی بوومە هاوڕێی سەر جادەو شەوە ساردەکانیان...!

تا دوا نیوەڕۆیێکی درەنگ بە جادەکاندا دەسووڕاینەوەو پیاسەی بێمەرام و مەبەست و بێلەزەت و سەرگەردانییمان دەکرد!شەوە ساردەکان و شەوارە سەختەکان لێرەوە کوێرترو پر ئێشتر دەستی پێکرد!شەوارەبوون دەکرێت سەختترو سەختترین،کوێربوون و کوێرتر،ونبوون و ونتر بێت.وەک ئەو سوێسکانەی کە لە شەوەکانی ساماڵدا ڕاویان دەکەیت و شەوارەیان پێدەکەیت..ئەوانە دەکرێت لێیان بفڕن و هەندێکیان لێدەربازبن.بەڵام ئەوانەی لە بەر باو بۆران و شەوەزەنگدا ڕاوو شەوارە دەکرێن کوێر دەبن..هێندە کوێر دەبن وەک ئەوەی چاویان نەبێت..هێندە وون دەبن وەک ئەوەی لە بیریان چووبێتەوە" شوێن" هەیە...!

تا ئەوپەڕی بێحەوسەڵەیی بێحەوسەڵە بووین و سەرماش وەک چەقۆی جەلاد جەستەو هەناومانی دەبڕی.ئازارێکی تاڵە پارەو ماڵت نەبێت و سەرگەردان و بە سکی برسیی بە شەقامەکاندا بسووڕێیتەوە.سەرمای پاریس شتێک نەبوو بێنەواکان بتوانن لە سەر جادەکاندا بەربەرەکانێی لە گەڵدا بکەن،سەرما لوولی دەکردین و دەیکردینە بەشێک لە خۆی...!

کات درەنگ بوو هیچمان نەخواردبوو،دەمزانیی خۆم و ئەوانیش برسین،بە هاوڕێ تازەکەمان وت با بڕۆین کەمێک خواردن بکڕین.باخەڵی ئەویش باخەڵێکی هەمیشە سارد بوو،جگەرەشی نەبوو ئێمە جگەرەمان دەدایە،هەر ئەوەش بوو ئێمەی ئەمسەری دونیای کردە هاوڕێی ئەوی شەقامە ساردەکانی ئەو سەری دونیا!

ڕۆیشتین و ئەو برە پارەیە کە پێم مابوو هەندێکیم بە خواردندا،خواردنەکە بریتی بوو لە نان و تەماتەو چەند قووتوی گۆشتی ئامادەکراو.ئەو برادەرە بۆ "لحم حلال"دەگەڕا..و دەیوت ئەوانە لحملحلالە..! وتم من لحملحەرامیش دەخۆم..! گەڕاینەوە لە شوێنێکدا دانیشتین و بە یەکەوە خواردنەکەمان خوارد.

ئەو برادەرانە دەیانوت پارە حەواڵە دەکەین،کەی حەواڵەیان بۆ دەکرێت کەس نازانێت؟ بە برادەرە تازەکەشمان وت هەر کاتێک پارەمان بۆ حەواڵە کرا یارمەتی تۆش دەدەین.تاکو درەنگێک بە شەقامەکاندا دەسووڕاینەوەو ئەمسەروئەوسەرمان دەکرد،سەرما دەیرچاندین و ئارامی لێبڕیبووین،ئەو برە پارەیە کە پێم مابوو بە کەڵکی ئەوە نەدەهات هەموومان بچووینایە ڕیستۆرانتێکەوە و سەرو قاوەمان بخواردایەتەوەو کەمێک گەرم داهاتایەین.

وتم مەگەر تەنها جگەرە لە باخەڵم دەربیکات! بەڵام دواتر کە ئیتر لە سەرماندا ئارامم لێبڕابوو،بە دزیی ئەوانەوە خۆم بە قاوەخانەیێکدا کردو قاوەیێکم خواردەوە،نەمدەتوانی بە ئەوانیش بڵێم چوونکە ئەو کاتە نزیکەی بیست ئۆیرۆی دەکرد.چەند ڕۆژ نان نەخواردن ئاسایی تیدەپەڕێت،بەڵام چەند کاتژمێر بێجگەرەیی مرۆڤ کاس دەکات!

ئەگەر ئەو کاغەزە هیچووپوچەی پێی ئەڵێن"پارە"نەتبێت،ئەوا ئەگەر لە سەرماندا ڕەق بیتەوەو لە برساندا بمری و بێجگەرەییش شێتت بکات،ناتوانیت دەرگەی ماڵێک بکەیتەوەو سکت تێر بکەیت و جگەرەیێکیش بکێشیت! سیستەمی سەرمایەو موڵکایەتیی تایبەت ئاوایە..دەبێت هەموو مرۆڤێک پارەو ماڵ و موڵکی تایبەتیی خۆی هەبێت،ئەگەر هەر کەسێکیش بەهەر هۆیەکەوە ئەوانەی نەبێت،ئەوا دەبێت ڕووت و ڕەجاڵ و بێماڵ و حاڵ و برسیی بێت! بەوەش دەڵێن یاساو عەدالەت و سرووشتی هەمیشەیی ژیان! چی دەبوو ئەگەر مرۆڤەکان لە هەر کوێ بوونایەو هەر کوێ بڕۆیشتنایە ماڵیان بوایەو خواردن و سەر زەمینەکان خواردن و سەرزەمینی هەموان بوایە؟! بۆ هەر شوێن و گۆشەیێکی ئەم دونیایە بڕۆیشتنایە هەستی بە نامۆبوون نەکردایە! نامۆبوونی مرۆڤ لە مرۆڤ و لە شوێن دیاردەو هەستێکی سرووشتیی نییە،بەڵکو دیاردەو هەست و بیرو ڕەوشێکی سەپێنراوو دروست کراوە.بارگاویە بە کولتورو فەرهەنگ و دیدی سیستەمی زاڵ بۆ ژیان و ماف و جۆرێکی تایبەت لە پەیوەندیی کردن.مرۆڤ لە شوێنێک هەستی کرد یاخود ئەو هەستەیان بە سەریا سەپاند کە ئەو خەڵکی ئەوێ نییەو مافەکانی لێرە نییەو کولتورو پەیوەندییەکانی جۆرێکیترە،ئیتر لەوێوە نامۆبوون دەست پێدەکات.ڕیشەی نامۆبوونی مرۆڤ لە مرۆڤ و لەشوێن و لەناو سروشتدا،بەرهەمی  سیستەمی چینایەتیی و خاوەنداریی تایبەتییە.پیسترین و خوان و خەون و پەیوەندیی مێژووی مرۆڤایەتیی،خوانی پیسی خاوەندارێتیی تایبەتە...

من لە هەموو شوێنێک هەستم بە نامۆبوون دەکرد.نامۆبوون ئازاری دەدام و تاک و تەنهای دەکردم..! بەڵام نامۆیی من نامۆیی مرۆڤێک نەبوو بێ "وڵات" و"نیشتیمان"و غەریبیی ئەفسانەی نیشتیمانێک بکات،ئەگەر بۆ زۆرێک لە کۆچبەران-کۆچبەرانی-هەر وڵاتێک،"ئەوانەی هێشتا نەیانتوانیوە پەی بە خورافەی نیشتمان و شوێن و سنوورو نامۆیی مرۆڤ بەرن"،لە "غوربەتدا"مەیل و هەستی نیشتیمانیان تێدا زیندو بێتەوە،بەڵام بۆ من زیاتر لە هەر کاتێک بێواتایی و پووچیی و گەوجێتیی بیروهەستی وڵات و نیشتیمان پەرستی و خورافاتەکانی سنوور زەقترو بەرجەستەتر دەبوون...

ئێوارەیێکی درەنگ بوو لە گەڵ یەکێک لەو برادەرانەدا وەستابووم و قسەمان دەکرد،برادەرەکە وتی ئەو پۆلیسانە بەرەو لای خۆمان دێن،من پشتم لە پۆلیسەکان بوو،وتم نزیکن؟وتی بەڵێ نزیکن و وەک بۆ لای خۆمان بێن وایە.من بە بێ ئەوەی لا بکەمەوەو سەیری پۆلیسەکان بکەم،ئاسایی و لە سەرخۆ لە برادەرەکە جیا بوومەوەو ڕۆیشتم،بەو مەبەستەی تووشی گرتن و ڕووبەڕووی پۆلیس نەبمەوە،چوونکە هەندێجار هەر کۆچبەرێکیان بگرتایە چەند ڕۆژو هەفتەیێک و تاک دە ڕۆژ زیندانییان دەکرد.

هێشتا دە مەتر نەڕۆیشتبووم دەستێک لە دواوە سەر شانی گرتم! من کە هێشتا لام نەکردبووەوە،هەستم کرد ئەو دەستانە دەستی پۆلیسن ! ئەگەرچی بە نەرمی شانی گرتم،بەڵام من هەستم بە قورسایی و نامۆبوونی ئەو گرتنە دەکرد،لە پشتی ئەو نەرم و نیانییەوە هەستم بە زەبرو زۆرداری دەکرد! یەکەم قسەیان پاسپۆرت؟ نۆ!لە کوێوە هاتووی؟ ئیراک! هەردوو باڵیان پێفشکردم و پشکنیمیان،وەک بۆمباکانی ئەتۆم من دروستم کردبێ و لە باخەڵما بێت..هیچیان پێنەگرتم..!! کیسەیێکی نایلۆنم بە دەستەوە بوو پانتۆڵێکی کابۆی تەڕی تێدابوو،لە ئیتالیا شتبووم هێشتا ووشک نەببووەوە،دەریان هێناو گیرفانەکانیان دەپشکنی،داوای ئەو کاغەزەیان لێکردم کە لە کاتی کڕینی هەر شتێکدا لە مارکێتەکاندا دەتدەنێ و ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو شتە نەدزراوە،پاشان زانیان پانتۆڵەکە کۆنەو زووتر کڕراوە وازیان هێنا،هەر باش بوو بە دزیشیان نەکردم!

دوایی وتیان بۆ کالاس دەڕۆیت؟وتم نا لێرە دەمێنمەوە،ئەگەر بموتایە بۆ کالاس دەڕۆم لەوانە بوو بیانگرتایەم،چوونکە کامپەکە داخرابوو نەیاندەهێست کۆچبەرانی عێراقیی بۆ کالاس بڕۆن.لە وێسگەی گار دی لیۆنیش کە ڤیتاری کالاسی لێوە دەڕۆیشت،پۆلیس بە تەواوی کۆنترۆڵی کردبوو نەیاندەهێشت هیچ کۆچبەرێک بچێتە نێو ڤیتارەکانەوە! پۆلیس لە بەردەم دەرگەی ڤیتارەکاندا دەوەستا تا ڤیتارەکە بە ڕێدەکەوت.لە بەر ئەوە کۆچبەران بە تاکسی بۆ کالاس دەڕۆیشتن،بەڵام تاکسی پارەی زیاتری دەویست.

پۆلیسەکان بەریاندام و ڕۆیشتن،لەو لایەنەوە هیچیان پێنەوتم،ئایە پارەم هەیەو برسیمەو لە کوێ دەخەوم و کێشەم چییە؟ دیار بوو ئەوانە کێشەی ئەوان نەبوون!

خەمی ئەوەی شەو چۆن و لە کوێدا بخەوین دایگرتبووین،هێشتا شەو نەهاتبوو سەرما ڕچاندبوومانی و ژانی پێدەکردین و وەکو ماری بریندار لوولمان دەخوارد،ئاخۆ دەبێت شەو ساردەکانی پاریسی گەورەو جەنجاڵ چی حیکایەتێکمان تیا بنووسێتەوە! شەوانێک کە هەموو دونیا زوقمبەندەو ئێمە تێیدا ڕووتین...!

برادەرە تازەکەمان وتی لە شوێنێک خانەیێک هەیە ئەو کەسانە لە خۆ دەگرێت کە جێگەی شەویان بۆ خەوتن نییە.وتی لەکاتژمێر دەی شەوەوە تا هەشتی بەیانی دەتوانن لەوێ بمێننەوە،هەوەها وتی دوو ژەم خواردنیش دەدەن.بەڵام دەبوایە لە کاتژمێر نۆی بەیانی تەلەفۆنیان بۆ بەکەیت و ناوت بنووسن و شوێنت بۆ دابنێن.برادەرەکەمان دەیوت من دوو ساڵە لێرەم و شەوانە لەوێ دەخەوم،هەروەها چەند شوێنێکی دیاریکراویش هەبوو تیمی خانەکە شەوانە کاتژمێر دەی شەو بە پاس دەهاتنە ئەوێ و ناوەکانیان دەخوێندەوەو لانەوازانیان دەبردن.ئەوە بوو لە سەر پێشنیاری ئەو برادەرە هەموومان چووینە شوێنی چاوەڕوانیی و چاوەڕێمان کرد تا پاسەکە هات.ئێمە ناویشمان نەنووسیبوو،ئەو برادەرە پێیوتین ئەوانەی ناوەکانیان نووسیوە ئەگەر ئامادە نەبن کەسیتر لە جێی ئەوان دەبەن.ئەوەبوو ئەوانەی کە ناویان نووسیبوو هەموویان ئامادە نەبوون،لە بەر ئەوە ئێمەشیان برد.ئێمە لە بەیانییەوە یاخود ڕۆژانێک بوو سەرما دەیتەزاندین،نێو پاسەکە گەرم و خۆش و ئارامیی بەخش بوو،حەزم دەکرد تا هاوین دەهات تێیدا بوایەم!

خانەكە لە ناو نەخۆشخانەیكی گەورەدا بوو،پەنجا قەرەوێڵەی تێدا بوو،هەروەها پاك و خاوێنیش بوو.كە گەیشتینە ئەوێ خواردن و شیرو قاوەیان پێداین،گەرماوو ئاوی گەرمی تێدا بوو هەموومان خۆمان شت.دوایی هەر كەسەو چووە شوێنی خۆی،جیگاكانمان گەرم و نەرم و خۆش بوون.بەڵام سەرما لەو دیو دیوارەكانەوە خۆی چڕ دەكردەوەو چاوەڕوانی دەكردین،ئەو دەیزانی ئێرە ماڵی هەمیشەییمان نییەو بێنەواكان ماڵی بێماڵییان سەر جادەو پەنا دیوارەكانە.

كاتێك لە سەر جێگاكە ڕاكشابووم بە خۆمم دەوت ئارام بخەوە! شەوێكیش بایخی خۆی هەیە تا گەرم دابێیت و شەختەبەندەكانی جەستەت بتوێتەوە.ئەگەرچی ئەوەی بە خۆمم دەوت برێك ڕاستیی تێدابوو،بەڵام من نەمدەتوانی باوەڕ بە خۆم بێنم و ئارام بۆ باوەشی خەو بچم،من لە نائارامییدا داوای ئارامییم لە خۆم دەكردو دەمویست ئەگەر بۆ چەند ساتێكی كورتیش بێت،خەو لە هەڵقەی گەمارۆی ئەو هەموو پووچیی و دڵڕەقییە دەرم بێنێت كە دەوریاندابووم.من حەقیقەتی تاڵترم لێوە دیاربوو،بێهیچ ئەگەرێكی دەربازبوون ڕووبەڕوی دەبوومەوە.من دەبێت بەیانی كاتژمێر هەشت بڕۆمە دەرەوە،بۆ كوێ..هیچ شوێنێكم نییەو دەبێت بۆ هەموو شوێنێكیش بڕۆم! چی شەوارەبوونێكە.. هچ كوێ و هیچ شوێنێكت نەبێ و لە هەموو كوێ و هەموو شوێنێكیش بیت..! لەوەش دڵنیا نیم سبەی جێم دەكەنەوە یان نا،كەنگێ پارە حەواڵە دەكرێ و ئەم دۆخە چەند دەخایەنێت؟

ئەنجام بە نائارامیی و جەنجاڵییەوە تەقەلام بۆ خەو دەداو نازانم بە چ ئەندێشەیكی ژەهراوییەوە خەوم لێدەكەوت...!

## - بەشی دەیەم -

سبەی لە خەو هەستاین و قاوەو شیرمان تێكەڵ كردو خواردمانەوە،خواردنەوەی قاوەو شیرێكیتر نادیار بوو.پاشان ملی ڕێگەی هیچ شوێنێك و هەموو شوێنێكمان گرتەبەر.لە كوێوە دێین و بۆ كوێ دەڕۆین،نازانیین! نە ئەوە شوێنی ئێمەیە لێیەوە دێین و نە ئەوەی بۆی دەڕۆین! برادەرەكەشمان لە گەڵ بوو.ئەو وتی چەند جادەیێك پێشترمان گەڕەكی عەرەب نشییەنو دەتوانن لەو دەوروبەرە بمێننەوە تاكو پارەتان بۆ حەواڵە دەكریت.وتیشی لە خانەكەوە نزیكن دەتوانن شەوانە سەردانیان بكەن بەڵكو جێتان بكەنەوە.ئیتر بە ناچاریی لەوێ ماینەوە.ناو پارك و بەردەم سەنتەرێكی تەلەفۆنمان كردە قەرارگەو خۆرنەوەزان! خاوەن سەنتەرەكە عەرەب بوو،وەك وتم ئەو گەرەك و دەوروبەرە زۆربەی دانیشتوانەكەی عەرەب نشین بوون،هەروەها زۆریشیان شێوەی جلپۆشین و كرداریان شێوە كولتوری عەرەبیی و ئیسلام و ئیسلامیی بوون.هەندێجار ژنانێكم دەبینی كە لە گەڵ"پیاوە"كانیاندا بوون،دەموت ئەوانە خێزانی بنلادن و ئاخوندو مەلاكانی تالیبان و ئێران و شێخەكانی سعودیەیە.جلەكانیان سەرتاداملێن پۆش و دەمامك و دەستكێشیان دەپۆشیی و هیچ شوێنێكی جەستەیان بە دەرەوە نەبوو.هەندێجار هەستم دەكرد لە ئێرانی ئاخوندو ئەفغانستانی تالیبان و سعودیەی شێخەكاندام.بەڵام فریا دەكەوتم و ئاوڕێكم بەمڵاو ئەو لای خۆما دەدایەوەو دەمبینی كچ و كوڕیك دەستیان لە دەست و ملی یەكدایەو لێوی یەكتر دەخۆنەوە،ئیتر پەشیمان دەبوومەوەو دەموت" چەمەكان هێشتا بێچەقەڵ نین!

ئەو ڕۆژە لە ناو پارک و جادەکاندا دەسووڕاینەوەو سەرما ژانی پێدەکردین،سەرما ژانی سەختی سەرباری ژانەکان بوو.لەوانەیە مرۆڤ تا نەکەوێتە وەها دۆخێکی زوقم بەندەوە،لە واتاو مەرگی سەرما نەگات.سەرما مرۆڤ سڕ دەکات،ئومێدەکان دەکاتە بەستەڵۆک.مرۆڤ لە بیرکردنەوە دەخاو نازانێت چی لە گەڵ بکات!

ئەو ڕۆژە ئەو برادەرانە چەندینجار تەلەفۆنیان بۆ کەس و کاریان کرد تا پارەیان بۆ حەواڵە بکەن،دەیانوت پارەمان لە یۆنانە و دەبوایە لەوێوە بۆیان حەوالە کرایە،ئەوانیش دەیانوت دەبێت چەند ڕۆژێتر جاوەڕێ بکەن،گوایە بواریان نییە!

ئێوارەیێکی درەنگ چووم یەک دوو سەمونم کڕی و کرمەکرم بە وشکیی خواردمان.کاتژمێر دەو نیوی شەو دیسان گەڕاینەوە بۆ خانەکە،وتمان بەڵکو جێگە هەبێ و ئەمشەویش لەوێ بخەوین.ئەو شەوەش کەمتر لە پەنجا کەس هاتبوو بۆیە جێمانیان کردەوە.سبەی کاتژمێرهەشت هاتینە دەرەوە،پێیەکمان هێشتا لە ژوورەوە بوو سەرما چزەی لێهەستاندین،ئێمە چوونکە دونیای بیرو ئەندێشەمان زوقم بەند بوو،هەموو بەرگرییەکی ڕۆحیی و جەستەییمان لە بەرامبەر سەرمادا لە دەست دابوو.

گەڕاینەوە ناو پارکەکە،پارکی ساردو ڕچیو.ناو پارکەکان کات و وەرزی خۆی هەیە بۆپیاسەکردن و کات بەسەر بردن،واتە ئەو کات و وەرزانەی سەرما نەماوەو کەش و هەوا خۆش بووە،نەک لەم وەرزی زوقم بەندەدا کە هەموو بوونێک بووەتە شەختە.ناو پارکەکان ڕازو چیرۆکی زۆری بێنەوایان و کۆچبەرانی تێدایە،ئەگەر دارو بەردو گەڵاو گوڵی درەختەکان بدوێنیت و بە قسە هاتبان،ڕازو چیرۆک گەلێکی تاڵ و پڕ ژانی نەدرکاوو نهێنی دەدرکێنن کە تا ئەو کاتە هیچ کەس پەی پێنەبردووە.هەموو کۆچبەرێک ڕۆژانێک لە بێپەناییدا پەنای بۆ پارکەکان بردووە،لەوێدا پیاسەی کردووە،لەوێدا دانیشتووەو نانی خواردووەو بیری کردۆتەوە،لەوێدا حەسرەت و داخی هەڵکێشاوەو دەیانجار گریاوە،لەوێدا جگەرەی کێشاوەو مەست بووەو بە مەستی خەوی لێکەوتووە،لەوێدا سەرما ڕچاندوویتی..تەزاندوویتی و گینگڵی پێداوە...

ئەو ڕۆژەشمان بە ئازارەوە بە ڕێکرد،ئازارێک بەشی ڕۆژانێکی زۆری دەکرد،ئەگەر کەم کەم و دڵۆپ دڵۆپ و بە شێنەیی بە گەروماندا بکرایە.

شەو دیسان گەڕاینەوە بۆ خانەکە،ئێمە کە هیچ شوێن و کارێکمان نەبوو هەر دەبوایە سەرێکی ئەوێمان بدایە.ڕۆیشتین و وتمان بەڵکو جێتان هەبێت؟بەڵام وتیان جێگەمان نییە! وتمان دەرەوە ساردەو ڕەق دەبینەوە ئەگەر ڕێگە دەدەن لە ڕیڕەوەکاندا دەخەوین؟ "ڕێڕەوەکان زۆر بوون و جێگەی سەدان کەسی وەک ئێمەی تیا دەبووەوە تێیدا بخەوێ و سەرمای نەبێت"،کەچی وتیان خەوتن لەوێدا قەدەغەیە!بە دیوی دەرەوەمدا نا ..بەڵام بە دیوی ناوەوەمدا قاقای گاڵتەجاریم لێدەدا!قاقایێک بوو خەریک بوو گەرووی دەدڕاندم!خەوتنی ئێمە لە سەر جادەو پەنا دیوارو بەر سەرماو باوبۆرانەکاندا قەدەغە نەبوو،کەچی قەدەغە بوو لەوێدا بخەوین و سەرمامان نەبێت! وتیان ببوورن...! دەبێت بڕۆنە دەرەوە.ئەوەش یاسایەو یاسا بوو ! یاسایێکی کوێر..ئایا ئەو یاسایە چی پەیوەندییەکی بە سۆزو ویژدان و ئەخلاقی مرۆییەوە هەیە؟!

ئیتر بە ناچاریی و لۆژە لۆژ هاتینە دەرەوە،وەک بەرەو مەرگ و دۆزەخ بڕۆین وابوو.لە کوێوە دێن و بۆ کوێ دەڕۆن؟دیسان ڤیکتۆر هوگۆم هاتەوە یاد..ڕۆژانێک بوو لە بیرمدا بوو دەڕۆیشتم و لە بەر خۆمەوە ڕستەکەی ئەوم دەوتەوە:"بۆ کوێ بڕۆم..نە شوێنێکم هەیە لێیەوە بێم و نە شووێنێکم هەیە بۆی بچم"! دیارە لە سەردەمێکی زووەوە شەقامە ساردەکانی پاریس مەنزڵ و خۆرنەوەزانی ئاپۆرەی بێنەوایان و لانەوازان بووە،هەر ئەوەشە شاکاری بێنەوایانی هێناوەتە بوون.

شەوارەی شەوەکانی کۆچ..کۆتایی نەدەهات،لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر شەوارەکان کوێرترو شەوەکان شەوەزەنگترو کۆچەکان..بێحەوسەڵەتر دەبوون.ڕۆخسارەکان ڕەشترو نرکە نرکی دەم ئازارەکان بە سوێتر..ئاسمان و خۆرنەوەزانەکان ڕچیوترو..باڵەکانی فڕین سرتر..هەنگاوە خامۆشەکانی ئومید خامۆشترو چاوە ئەبڵەق و ماندووەکان ترسناکتر..! نوزە نوزی گۆرانییەکان دڵتەنگترو..سەرزەمینی غوربەتەکان غوربەتترین..

هەموومان خۆمان پێچابووەوەو دەستمان خستبووە گیرفانمان،بێ ئامانج دەڕۆیشتین و نەماندەزانی بۆ کوێ دەڕۆین؟لەو شەوە ساردو ڕچیوەدا پەیکەرگەلێکی بێنەوایی و ئاوارەیی بووین،بێسەمەرترین هەنگاوێکمان دەهاویشت نە هیچ واتایێکی تیا بوو نە هەنگاوی ئێمە بوو نە بە هیچ شوێنێکی دەگەیاندین. هەنگاوەکان بەرەو ناو پارکەکەی دەبردین،پارکی ڕچیوو زوقمبەند.بارانیش نەرم نەرم دایکردبوو،ترپەی باران،وەک ئاوازی مۆسیقایێکی غەمگیین دەچوو،وەک ئێمە بلاوێنێتەوە.باران وەک ئاوازێکی هێدیی و وەک بۆ ڕۆح بدوێ..وەک دەست و پەنجەی خۆشەویستیی بۆ لاوانەوە بە سەر سەری منالێک پشیلەیێک سەگێکدا بێنیت،بە سەر سەری کاس و جەستەی شەکەتی ئێمەدا دەباریی و.. دەیرچپاند...!

هەر یەکێک بۆ سیپەو پەنا دیوارێک دەگەڕاین تێیدا هەڵکورمێین و ئەگەر توانیشمان تێیدا بخەوین!من پارچە کارتۆنێکم دۆزییەوەو لە پەنا دیوارێکدا ڕامخست و لە سەری دانیشتم،ئەوانیش هەر یەکەو بە لایەکدا تەرە بوون و ڕۆیشتن.حەقیقەتی شەوارەبوون کوێربوون تەرەبوون و ونبوونە.

باران بە نەرمی دەباریی و کزەیێکی ساردیش لوولی دەدام،تەنها دانیشتبووم و جگەرەم دەکێشا،دووکەڵ پڕ بوو لە کزەی ساردی شەوو ڕۆح،کزەی ساردی ڕۆح و دەروونی مرۆڤێک هەست دەکات لە بیابانێکدایەو بەتاڵ لە بوونەوەر..بەتاڵ لە مرۆڤ.خەڵکی بە لامدا تێپەڕدەبوون و سەیریان دەکردم،لە دڵی خۆمدا دەموت:ئەی مرۆڤ وەرە با بە یەکەوە بچین بۆ ماڵتان..! دەوەرە بانگم بکە هەردووکمان هەر مرۆڤین! بە دەنگی بەرز بە ناوەوەی خۆمدا بانگم دەکرد،دەموت ئەگەر من تۆ بومایە" منم" دەبردەوە ماڵ..تۆم دەبردەوە ماڵ..! دەمبردیتەوە ماڵ و چای گەرم و جگەرەم دەدایتێ،وەرە هاوڕێم مرۆڤ،ئەو نامۆبوونە لە یەکتر بۆچی؟!

دەمێک بوو تەنها دانیشتبووم و جگەرم دەکێشا،ئیتر کەسێک بە دەرەوە نەمابوو،لە شێوەی دانیشتن و هەڵکورماندا بەرجەستەببووم،خەوم دەهات و وەنەوزم دەدا.چەندینجار خەوم لێدەکەوت و بە ئاگە دەهاتمەوە،هەر کاتێک بە ئاگە دەهاتمەوە ڕچیوترو سرتر دەبووم.هەموو لایێک کۆشک و ماڵ و باڵەخانەی بەرزی چەند نهۆمیی بوون،لە خوارەوە سەیری ڕۆشنایی پەنجەرەکانم دەکردو بە حەسرەتەوە بووم ئەگەر بۆ چەند ساتێکی کورتیش بوایە،لە باوەشی گەرماییدا بخەوتبایەم،بیرم دەکردەوەو دەموت ماڵێک چی پەناو قەرارگەیێکە بۆ مرۆڤ،ماڵێک داتدەپۆشێ و سەرمات نابێت...!

ئەو شەوە دەیانجار هەڵدەستامە سەر پێ و هەڵبەزودابەزم دەکرد.دەمویست کەمێک گەرم دابێم..دەست و قاچم ڕادەوەشاند..سەمام دەکرد..سەما لە ساردترین شەوەکانی شەوارەدا.شەوێک بوو ئەگەر نیگار بکرابایە دەتوانم بڵێم جوانترین تابلۆ دەبوو،تابلۆیێک پڕ لە شەوو باران و سەماو زوقمبەند..تارمایی لە مرۆڤێک دەچێ و سەما دەکات..سەمایێک پڕ لە جووڵەو هەر جووڵەیێک نمایشی چیرۆکێک،ژانێک و هەزاران هاوار...!

ئەو شەوە بەشی تەمەنێک ڕچام و سەرمام بوو تەزیم.کات لەوەها دۆخێکدا تێناپەڕێت،لەوێدا دەبێت بە دیار چرکەوە دانیشیت و شەوی یەلدای شەوارەش کەی بە چرکە تەواو دەبێت! لە خۆشیی و شادییەکاندا کات وەک بروسکە دەڕوات..لەو شەوانەشدا کاتێک سەرما دەتکا بە بەرد...دوای ئەوەی بە بەرد ببووم ڕۆژ بووەوە،شەوو ڕۆژەکان لە رووی ساردو گەرمییەوە هێندە جیاوازییان نەبوو،ئێمە هەمیشە جەستەیێکی ساردو سڕ بووین.

دوای چەند ڕۆژ،کاتێک هیچ پارەمان پێنەمابوو،هاوڕێ تازەکەمان پێی وتین لەم نزیکانە مزگەوتێک هەیە،بە هۆی مانگی ڕەمەزانەوە ئێواران خواردن دروست دەکەن و هەموو کەسێک بۆ هەیە بچێت نان بخوات،ئەو خۆیشی دەڕۆیشت.لەو ڕۆژە بە دوا ئێواران دەڕۆیشتین لەوێ نانمان دەخوارد.خواردنی باشیان دروست دەکرد،مریشک و برنج و شیرینی و خورماو زۆر شتیتر،خواردنەکان لە شێوەو نەریتی عەرەبییدا دەکران و پێشکەش دەکران،قاپ و تەشتی گەورەیان دەهێناو پڕیان لە برنج و گۆشت وهەندێجار ساوەر دەکردو لە ناوەڕاستی خەڵکەکەدا دادەنراو بە کەوچک و بە دەست دەیانخوارد.

لەوێ جەند پرسیاریان لێکردین،خەڵکی کوێن و چی دەکەن لێرەو کێشەتان چییە؟ئێمەش هەندێک شتمان بۆ باس کردن.هەروەها ئەو پرسیارەشیان کرد کە ئایا نوێژ دەکەن یان نا؟ من وتم نوێژ ناکەم و ئەو برادەرانەش وتیان گیانمان خاوێن نییەو بەو حاڵەشەوە هەندێکیان لە بەر خاتری ئەوان کەوتنە نوێژەوە! برادەرە تازەکەشمان لە دەرەوە نە نوێژی دەکردو نە ڕۆژوی دەگرت و لە نێو پارکەکانیشدا بە" پێوە" میزی دەکرد،کەچی لەوێ دەستنوێژی دەگرت و لە گەڵیاندا نوێژی جەماعەتی دەکرد.

لەوێ پێمان وتن شوێنی خەوتنمان نییەو شەوانە لە دەرەوەو لە بەر ئەو سەرمایەدا دەخەوین،بەڵکو لێرەو لە مزگەوتەکەدا ڕێگەمان بدەن شەوانە تێیدا بخەوین؟ یەکێکیان کە جلی سپی پۆشیبوو ڕیشێکی درێژی دانابوو،وتی ناتوانین جێگەتان بکەینەوە.بە قسەکانیاندا دیار بوو چاودێریان لە سەر بوو! ئەوان دیاربوون ئیسلامیی بوون و سەر بە گروپە ئیسلامییەکان بوون...

لە بەر ئەوەی زۆربەی کاتەکان لە نێو ئەو پارکەدا بووین و هەر لە وێداو لە شوێنێکدا کە باران نەیدەگرت دەخەوتین،هەندێک خەڵکی ئەو ماڵانە ئاشنامان ببوون و دەیانزانی کێشەی پارەمان هەیەو بەو هۆیەوە لێرە گیرمان خواردووە.خاوەن سەنتەری تەلەفۆنەکەش دەیزانی،کاتێک پارەمان پێنەما بە قەرز تەلەفۆنمان دەکرد،وتمان هەر کاتێک پارەمان بۆ حەواڵە کرا پارەکەت دەدەینەوە،ئەویش قایل ببوو.

هەروەها ژنێکیتر کە عەرەب بوو ماڵی لەو نزیکانە بوو،دوو بەتانی بۆ هێناین وتی شەوانە بیدەن بە خۆتانا،سێ منداڵی تەمەن هەشت بۆ چواردە ساڵی هەبوو،دەیوت حەزم دەکرد شەوانە بتانبەمە ماڵەوە بەڵام لە قسەی خەڵکی دەترسم،وتی چوونکە هاوسەرم نییە...

چەند ڕۆژ بوو پارەم پێنەمابوو دەردە بێجگەرەیی سەری لێدابووم،ڕۆژانە چەند جگەرەێکم دەکێشا ئەویش لە خەڵکم داوا دەکرد،داوای جگەرە کردن ئاسایی بوو،بەڵام هەموو کەسێکیش نەیدەبەخشی.من زۆر هەستم بە شەرم دەکرد کاتێک داوای جگەرەێکم لە کەسێک بکردایە،بەڵام ناچاریش بووم،دەردی بێجگەرەیی پەردەی هەموو شەرمێکی دەدڕاند.یەکەم جارم بوو فلتەرو نیوە جگەرەی سەر جادەکان هەڵگرم و بیکێشم.هەوڵمدەدا برێک بە دزییەوە هەڵیان گرم و کەس هەستم پێنەکات،کێشانی فلتەرو نیوە جگەرەی فڕێدراوی سەر جادەکان،بەشێکە لە ژیانی کۆچبەران.

ڕۆژێک جگەرەێم لە خەڵک وەرگرتبوو هێشتا یەک دوو مژم لێدابوو،لە پڕێکدا یەکێک وەک لە ئاسمانەوە دابەزیبێت لە بەردەممدا قووت بووەوەو وتی سیگارێک!سەیرێکیم کردو وتم لە من رووت و ڕەجاڵتر لەم شارەدا ئەمەیە..بە پەلە دوو مژی باشم لە جگەرەکەداو باقیەکەیم دایە دەستیەوە،ئەویش سوپاسێکی کردو ڕۆیشت،بە ڕاستی من حەزم نەدەکرد ئەو جگەرەیە بە هیچ کەس بدەم،بەڵام نەشمتوانی نەیدەمێ.

هەفتەێک بوو هەر لە دەرەوە دەخەوتین و سەرما ڕەنگ و ڕۆخسارمانی گۆڕیبوو.شەوێک کوڕێکی گەنج ڕەشپێستێکی فەڕەنسیی بوو،هاتە لامان و کەوتە قسەکردن لە گەڵماندا،ئێمە نەماندەتوانی لە مەبەستی تێبگەین،دوایی وتی

لە گەڵمدا وەرن،دوان لەو برادەرانە لە گەڵیدا ڕۆیشتن. شوقەیکی چوار نهۆمیی لە پاڵماندا هەبوو نهۆمەکانی سەرەوەی ماڵی تێدا بوو،لە گەڵ خۆیدا بردیانیە ژوورەوە،لەوێ لە مەبەستی تێگەیشتبوون،وتبووی شەو کاتی خەوتن من دێم و بە دزییەوە دەتانبەمە ژوورەوەو شەو لەوێدا بخەون.ڕێڕەوو سەر پلیکانەکانی دیاری کردبوو تێیدا بخەوین.خەڵکەکە بەوێدا هات و چۆیان نەدەکرد،بەڵکو بە سەرخەر-مەسعەدەکاندا هات و چۆیان دەکرد.ئێمەش وتمان باشە،دوو شەو لەوێدا خەوتین هێندە سەرمامان نەبوو.پاشان بە باشمان نەزانی بە دزییەوەو بە بێ ئاگەداری ماڵەکان لەوێدا بخەوین،ئیتر نەچووینەوە بۆ ئەوێ و دوایی ئەو برادەرەمان بینی سوپاسمان کرد.

ڕۆژێک لە نێو پارکەکەدا بێپارەو جگەرەو وڕوکاس دانیشتبووم و بە بیرم نایە ژانە خەیاڵ بۆ کوێی بردبووم،لە نزیکمدا دەنگێک بە ئاگەی هێنامەوەو بە دەست ئاماژەی بۆ سەر جادەکە کرد کە یەکێک بانگم دەکات.دیاربوو زۆر بانگی لێکردبووم من ئاگەم لێنەبووە،منیش سەیری لای جادەکەم کردو بینیم سەیارەیێک ڕاوەستاوەو شۆفێرەکەی بە دەست ئاماژەم بۆ دەکات بۆ لای بچم.وتم دەبێت کێ بێت؟من لەم شارە نە کەس دەناسم و نە کەس دەمناسێت! هەستام و چووم بۆ لای،کە نزیکی بوومەوە سەیرم کرد کوڕە فەڕەنسیەکەیەو دەستی بۆم درێژ کردو پاکەتێکی جگەرەی مارلبۆرۆی دایە دەستمەوەو وتی ئەوە بۆ تۆ!من ئەگەرچی تاسەی جگەرەم دەکردو نزیکەی کوێرابیم بۆ جگەرە داهاتبوو،بەڵام ئەوەی زۆر خۆشحاڵی دەکردم و ئارامیی پێدەبەخشیم میهرەبانیی و مرۆڤدۆستیی ئەو لاوە بوو.وەک هەست بە ئازارو سەرماو شەوە ساردەکانی ئێمە بکات،شوێنی خەوتنی بۆ دەدۆزینەوە،وەک ئاگەی لە دەردو سەر ژان و خەمی گەورەی بێجگەرەیی من بێت،دەهات و پاکەتی جگەرەی بۆم دەهێنا.مرۆڤێکی خۆشەویست و مەزن بوو بە لامەوە.مەزنیی مرۆڤ لەوەدا نییە کاری مەزن بکات،بەڵکو مەزنیی مرۆڤ لە مرۆڤدۆستییدایە، ئەگەرچی مرۆڤدۆستییەکەی لە کارێکی بچووکیشدا بەرجەستە بکات.

ئەو کوڕە لەوە نەدەچوو پارەداریش بێت،هەروەها پێشم وابوو سەیارەکە هیخۆی نەبێت،چوونکە پێشتر هەمیشە بە پاسکیلەوە دەمانبینی و دەهات بۆ لامان.ڕۆژێک کە پارەی پاکەتێک جگەرەم پێمابوو،ئەویش بە پاسکیلەکەیەوە لە لامدا وەستابوو،پێم وت دەتوانیت جگەرەم بۆ بکڕیت؟ لە بەر ئەوە بە ئەوم وت چوونکە ئەو ڕۆژە یەک شەمە بوو،چەند دووکانێک لەو نزیکانە جگەرەیان دەفرۆشت داخرابوون، دووکانێکیتر هەبوو بە پێ دوور بوو.ئەو یەکەمجار واتێگەشت داوای جگەرەی لێدەکەم،دەستی لە گیرفانەکانی دەداو دەیوت جگەرەم پێنییە.دوایی بە ئاماژەو وشەی سیگارەو مارکێت وتم بڕۆ بۆم بکڕە، ئەو جارەش بە هەڵە تێگەیشت و وایدەزانی پێی ئەڵێم بڕۆ بە پارەی خۆت بۆم بکڕە..! دەستی لە گیرفانوکانی دەداو لە حاڵێکی نیوە پەشۆکاندا دەیوت نۆ مۆنی..نۆ مۆنی،پارە نییە،یاخود پارەم نییە.من پارەکەم بە دەستەوە بوو دیار بوو نەیبینیبوو،دواجار دەستیم گرت و پارەکەم خستە دەستیەوەو وتم بڕۆ سیگارەم بۆ بکڕە..! ئینجا تێگەیشت و پارەکەی وەرگرت و وەک با بۆی دەرچوو،دوای ماوەیێک هاتەوەو پاکەتێکی بۆ هێنام،منیش سوپاسیم کردو دوو جگەرەشم دایە،دوایی جگرەکانی دابوو بەو برادەرانەیتر...!

دوای دە ڕۆژ لەو نەخۆشخانەیەوە کە خانەکەی تێدابوو،بە سەیارە شەش کیسە خەویان بۆ هێناین،زانیبوویان لە دەرەوە دەخەوین و شەوانە هیچمان نییە بیدەن بە خۆماندا.

پێنج ڕۆژیتر ماینەوە تا پارەمان بۆ حەواڵە کرا.ئەو پێنج ڕۆژە بە هۆی کیسە خەوەکانەوە هێندە سەرمامان نەبوو،بەڵام ڕۆژەکانی تا شەو دادەهات ڕچابووین.

دوای ئەوەی من پارەکەی خۆمم لێوەرگرتن،لەو برادەرانە جیابوومەوە.ئەوان وتیان چەند ڕۆژیتر دەمێنینەوەو دوایی دەڕۆین بۆ کالاس.من بە تەنها چووم بۆ وێسگەی قیتاری کالاس،لەوێ کوردی تریش هەموون دەیانویست بۆ

کالاس برۆن.ئەو ڕۆژە لە ناو ویسگەکەدا بووم و دەمویست بزانم بواری دەرچوون هەیە یان نا.بەلام پۆلیس هیچ بوارێکی نەهێشتبوو.پۆلیس لە بەردەم دەرگەی قیتارەکاندا دەوەستان و شکیان لە هەر کەسێک بوایە عێراقیی یان بیانییە،داوای پاسپۆرتیان لێدەکردن و نەیاندەهێشت سەرکەون.ئیتر زانیم ناتوانم بە قیتار دەربچم.

ئەو شەوەش لەوێ مامەوەو لە پەناێکدا خەوتم.سبەینێ لە گەڵ سێ کەسیتردا کەوتینە گەڕان بۆ پەیداکردنی تاکسی.هەموو تاکسییەک ئەو کارەیان نەدەکرد،چوونکە کارێکی نایاسایی بوو دەترسان بگیرێن و سزا بدرێن.ئەوانەش کە ئەو کارەیان دەکرد زۆربەیان عەرەب بوون.کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ تاکسییەکمان پەیدا کرد،بە 260ئۆیرۆ ڕێککەوتین بمانبات،شۆفێرەکە وتی خەڵکی فەلەستینم.

ئەو ڕۆژە هەر لە بەیانییەوە کەش و هەوا تەم و مژو باران بوو،هەموو بوون شەلاَلی تەڕیی و ئاو ببوو،ئاو لە پرچی ژیان دەچۆڕا،ئاونگ لە هەناسەی زەمین دەهات،کزەیکی سارد لە گەرووی ساردی سروشتەوە هەڵیدەکردو چیرۆکەکانی کۆچی بە ژان دەکرد،باڵەکانی کۆچی سڕدەکردو نەوڕەسەکانی نائومێد..گەرووی تەنگی غەریبانی زام دەکردو هاوارەکانیان خنکاو...

نازانم بە چەند کاتژمێر گەیشتین،سێ یان چوار کاتژمێر گەیشتینە کالاس.گەیشتینە خۆرنەوەزانی باڵندەکان،خۆرنەوەزان مەنزڵ و قەرارگەی کۆچ و فڕینەکان،باڵندە کۆچەرییەکان لەوێ بۆ ماوەیک قەرار دەگرن و پاشان کۆچ دەکەن..شەوارەی شەوانەی کۆچی باڵندەکان لەم خۆرنەوەزانەدا لە شەوارەی هەموو خۆرنەوەزانەکانیتر کوێرترو تەرەو پەرتەوازەتر بوون.لێرە سەرما ژیانی ڕەق دەکردەوەو کزەی با وەک چەقۆ بە نێو جەستەدا ڕۆدەچوو...!

لە تاکسیەکە دابەزین باران دەباریی.بۆ کوێ برۆین؟ باڵندەکان شەوارەو بێهێلانە بوون..وەک لە بیابانێکدا دابەزم وابوو،بیابانێک پەلکی سەوزاییەکی تیا نەبێت وەک نیشانەیێک بۆ ژیان...!

ماوەێک بە ژێر باراندا پیاسەمان کرد..ماوەێک بە باراندا ڕۆیشتین و دەڕۆیشتین و نەماندەزانی بۆ کوێ دەڕۆین! لە گەڵ دوو کەسیتردا شوێنێکمان دەست نیشانکرد شەو تێیدا بخەوین،ژێر پردێک بوو باران نەیدەگرت.دوای سووڕان و گەڕانێکی کوێرانە،دوای گەڕانێکی ئاوارەیی،درەنگە شەوێک هاتینەوە بۆ ژێر پردەکە.باڵندەکان شەوارەو تەرەبوون،حەقیقەتی شەوارەو تەرەبوونیش کوێربوونە،بۆیە هەر یەکەو دوانەیێک کوێرانەو نەخوازراوانە بە لایکدا دەفڕن و کوێرانەش لە شوێنێکدا دەنیشنەوە کە شوێنی نیشتنی ئەوان نییە.هەرسێکمان لە تەنیشت یەکدا ڕاکشاین،من کیسە خەوەکەم لە پاریسەوە لە گەڵ خۆمدا هێنابوو،ئەوانیش هەر یەکەو چەند قەمسەڵەی گەورەی زیادەیان پێبوو،ختسیانە ژێرو بانیان و منیش چوومە ناو کیسە خەوەکەوە.بە هۆی کیسە خەوەکەوە منیان ختسە لای باکەوەو لە پاڵ یەکدا گورمیلە بووین.کزەبایێکی ناحەزانەی دەهات،تەقەلا بۆ خەو مەحاڵ بوو،کات تێدەپەڕی و ئێمە بە شەختە دەبووین.بە هۆی کیسە خەوەکەوە من کەمێک لەوان باشتر بووم،دیارە لەوان باشتر بووم،ئەگینا منیش ڕەقم بردبووەوە.کەم کەم خەومان لێدەکەوت و بە ئاگە دەهاتینەوە،هەرچەند کات تێدەپەڕی ئێمە زیاتر لوول دەبووین.درەنگە شەوێک بە ئاگە هاتم سەیرم کرد یەکێک لەو برادەرانە لە سەرماندا تەرە بووەو ڕۆیشتووە.دەبێت بۆ کوێ ڕۆیشتبێت؟!شەوارەی بەر تۆفان و زوقمبەند لە هەر شەوارەیێک پڕ دەردو ئێشترە.سەرما ئیرادەی مرۆڤ سڕ دەکات و دەیکاتە شەختەبەند،بە جۆرێک مرۆڤ تەنگاوو وێران دەکات، بێجگەی شوێنێکی گەرم بیر لە هیچیتر نەکاتەوە...!

ماوەێکیتر بە سەر چوبوو ئەو برادەرەش هەستاو وتی با برۆین،وتی خەریکە ڕەق دەبمەوە! وتم بۆ هەر کوێ برۆین هەر وەک ئێرە وایە،ئیتر بۆ کوێ و بۆچی برۆین!ئەو وتی من ئارامم نەماوەو دەڕۆم،من وتم جارێ

نایم،ئەو ڕۆیشت و بە تەنها مامەوە.خۆم خزاندە ناو کیسە خەوەکەوەو زنجیرەکەشم داخست،هێندە لوول ببووم وەکو تۆپم لێهاتبوو،دەست و قاچ و خۆمم بە خۆمدا ئالاندبوو! دەمویست ئەگەر بۆ یەک چرکەش بووە گەرم دابێم،بەڵام هیچ گەرم دانەهاتم،ئیتر منیش لە سەرماندا خەوم لێنەدەکەوت،لە ناو ئەو هەموو جلەی لە بەرمدا بوو،وەک لە نێو شەختەدابم وابوو. تاریکو ڕوون بوو منیش هەستام و کیسە خەوەکەم پێچایەوەو دام بە کۆڵمداو بە دارە دار ملی شوێنێکم گرتەبەرو ڕۆیشتم،هەرگیز نەمدەزانی بۆ چی و بۆ کوێ دەڕۆم..!شوێنێک کە نەمدەزانی کوێیەو بۆ من هیچ ماناو بایەخێکی نەبوو.هەمیشە دەموت هەی لەم شەوارەبوونە! ئەم ڕستەیەم قەت لە بیر نەدەچوو! هەمیشەش شەوارەی سوێسکەکان و ئاسکەکانم لە بیرو خەیاڵدا بوو! خۆم-خۆمانم وەک ئەوان وێنا دەکرد.دەمویست داوای لێبووردن لە سوێسک و ئاسکەکان بکەم و ئیتر ڕاویان نەکەم،کوێریان نەکەم و بەچکەکانیان نەدزم ! دەمویست پەشیمان ببمەوە.کەچی نەمدەتوانی...!

دەترسام بەڵێنەکەم بشکێنم..دەترسام! دەمویست و دەترسام،دەترسام و دەمویست..! دەمویست داوای لێبووردن لەو مامزانە بکەم،کە وەک فێڵبازترین و تەڵەکەبازترین دزی دونیا،بەچکەکانیانم دەڕفاندو شێت و کوێرو شەوارەم دەکردن.من بەچکەکانیانم دەگرت و ئازاریشم دەچەشت، دەمویست نەیانگرم و دەبوا بمگرتایەن! ئاسکەکان بۆ بەچکەکانیان شینیان دەگێڕاو بە کێو دەکەوتن،مەترێکی ئەو دەوروبەرە نەدەما کە بەچکەکانیان تێدا دزراون ،دەیانجار ئەمسەرو ئەو سەریان نەکردبێ و نەگەڕابێتن! بۆنی باو دارو بەرد دەکەن..بەڵکو بۆنی بەچکەکەیانی لێبێت..! بەڵکو بۆنی ئەوی بۆ بێنن..دایکە ئاسک لە دوای گەڕان و سووڕانێکی شێتانەو بێپەروا بۆ بێچووەکەی..دوای ئەوەی لە دۆزینەوەی نائومێد دەبێت،لە شوێنێکدا،ئەو شوێن و دەوروبەرەی بەچکەکەی تێدا دزراوە،وەک پەیکەر دەوەستێت..! ئەگەر سەیری بکەیت هەرگیز باوەڕ ناکەیت ئەوە بوونەوەرێکەو گیانی تێدایە! زۆرجار بینیومە"لەو کات و شوێنەدا بەچکەکەی تێدا گیراوە" یەک کاتژمێر بێجووڵە وەتاوە..ماوەیێک سەیری ئەملاوئەولا دەکات..گوێ قووت دەکاتەوە بۆ چرپەیێک..لووت بە باوە دەنێت بۆ هەناسەیێک،کاتێک هیچ سۆراغێک هەست پێناکات..بە بەرد دەبێت..! ئەو وەستانەی هیچی لە وەستانی ئاسایی ناچێت،وەستانێک نییە کلک و گوێیەکانی بەرزو قووت بکاتەوەو وەک کێوییەکی یاخی و بە کەیف ڕاوەستابێت.وەستانێکە لە جۆری هەڵکوورمانە غەمگیین و خەماویەکانی مرۆڤ،مرۆڤی ناو کارەساتەکان،ئەو مرۆڤەی دەستەو ئەژنۆ دانیشتووەو سەری بە ئێشی بە ناو کۆشیدا بەرداوەتەوە،ئەویش کلک و گوێیەکانی دەخەوێنێ و سەر کزانە سەری بەردەداتەوە...!

من و برادەرێک بۆ ڕاو ڕۆیشتین،ئێمە ڕاوی بەچکەکانمان دەکرد.بەچکەکان گەورە بوون و بە ڕۆژ نەدەگیران،دەبوا لە شەوداو بە شەوارە بمانگرتاێن.

بە ماتۆڕ ڕۆیشتین و دەمانویست لەشەوداو بە تیشک شەوارەیان پێبکەین و بیانگرین.من دەمزانی ئاسکێک لە شوێنێکدا هەیەو دوو بەچکەی هەیە.ڕۆیشتین دوای گەڕانێکی کەم دۆزیانمانەوە،هەر لەوێدا یەکێک لە بەچکەکانمان گرت،بەچکەکە بە دەستمانەوە بوو دەیباڕاند،دەمانویست دەست و قاچی ببەستین و بیخەینە باخەڵمان.هەستمان بە خشەخشیک کردو لە ئێمە نزیک دەبێتەوە،لایت_چراکەمان لێدا بینیمان دایکی بەچکەکەیەو بەرەو لای ئێمەو بە دەنگی باڕەی بەچکەکەیەوە دێت..!هێندە لێمان نزیک ببووەوە یەک مەتر نێوانمان بوو! ئەگەر بمانویستایە دەمانتوانی ئەویش بگرین،بەڵام ئێمە بەو ڕووداوە ئەبڵەق بووین،شتێک بوو قابیلی وێناکردن نەبوو.حاڵەتێکی پڕ ئازار بوو بۆمان.هاوڕێکەم کە بێڕەحمترین ڕاوچی دونیا بوو،هێندە سەرسام و پەرێشان ببوو،وتی با بەچکەکەی بەربدەین !من وتم ئەمە بەر نادەین،بەڵام ئەویتریان ناگرین،بە بێ ئەوەی ڕاویتر بکەین،یەکسەر گەڕاینەوە بۆ ماڵ...!

تاریکوڕوون بوو لە شوێنێکدا دانیشتم،جلوبەرگێکی زۆرم لە بەردا بوو،دوو قەمسەڵەو کڵاوو ملپێچ و چەند بلوزو هتد..هەموو مانا تاڵەکانی شەوارەو تەرەبوونم پێوە دیار بوو.ئارەزووی جگەرەم دەکردو لە نیوە شەوەوە لێم

ڕابوو،شەست ئۆیرۆی پارەکەم بە تاکسیەکە دابوو،باقیەکەشیم ئەو دوو ڕۆژە بە خواردن و جگەرە دابوو.جانتاو کیسە خەوەکەم دانابوو غەمگیین لە سەری دانیشتبووم.دەمێک بوو شەووڕۆژەکانم بەو جۆرە بوون،هەم جەستەم ماندوو بە ئازار بوو،هەم بیرو ئەندێشەم ئاڵۆزو جەنجاڵ.

هەر لەوێدا دانیشتبووم تا تەواو ڕۆژ بووەوە،کەم کەم خەڵک دەهاتنە دەرەوە.کەسێک بە لامدا تێپەڕ دەبوو،هەستام و کەمێک لە دوورەوە وتم سیگارێک...!پیاوێک بوو،ئەویش زۆر بە میهرەبانیی و ڕووخۆشییەوە هات بۆ لام،دەستی بە گیرفانیدا کردو پاکەتی جگەرەکەی دەرهێناو جگەرێکی دایە دەستمەوە،پاکەتەکەشی نیشاندام هەر ئەو جگەرەیەی تێدا بوو،دوایی چەرخەکەشی دەرهێناو جگەرەکەی بۆ داگیرساندم.پاشان بە بزەێکی زۆر شیرینەوە بە جێیهێشتم.زۆر سەیرم بە بزە پێکەنینەکەی دەهات!بزەێکی سەیر بوو..شیرین و پڕ مەغزا بوو،پڕ بوو لە میهرو ڕوونیی ڕۆخساری مرۆڤێک جوانییەکانت پیبلێت،خۆشەویستیی مرۆڤ بۆ مرۆڤت پیبلێت،ئێمە قسەێکمان لەگەڵ یەکدا نەکرد،بەڵام ڕۆخساری ئەو کە پێدەکەنی و دەست و پەنجەی کە پڕ بوو لە سۆزو خۆشەویستیی و جگەرەی بۆ دادەگیرساندم،منی پڕ شادیی دەکرد.من دڵنیام ئەوم هەڵە نەخوێندەوە،ئەو خۆی وابوو،ئەو مرۆڤێکی گەورە دیار بوو.لەو بەیانییە ساردو غەمگیینەی مندا،من سیماو ڕەفتارێکی جوانم بینی و پڕ عەشقی دەکردم و دەموت ئەی مرۆڤ خۆشم دەوێن،ئەی بەیانییە غەمگیینەکانم،تێتدا مرۆڤەکان چەند جوان پێدەکەنن...!

دانیشتم و دەستم بە مژلێدانی جگەرەکە کرد،هەست و سۆزو میهرەبانیی ئەو مرۆڤەو لەزەت و نەشئەی بێپایانی جگەرەکەو خەم و ژان و هەژانەکانی خۆم و خەیاڵ ئەندێشەکانم..هەمووی ئاوێتەو مووتوربەی یەکتر بوون و چەند دڵۆپ فرمێسکی گەرم گەرمیان پێرشتم..دڵۆپەکان هێدی هێدی خوار دەبوونەوە.نەشئەو جۆش و خرۆشێکی سەیرو دەروێشانە دایگرتبووم،چێژێکی بێ سنوورم لە جگەرەکە دەبردو مەستی کردبووم.وروژابووم و هەستم بە توانەوەی شەختەکانی ڕۆح و جەستەم دەکرد، وروژانێک وەک حاڵی شێتانەی دەروێش..گۆرانیم دەوت..ئەم گۆرانییەی بەهجەت یەحیام دەوت:

خەڵکی ئەڵێن بۆچی هێندە گۆرانی بۆ عەشق ئەڵێی
لێم ئەپرسن شەیدای چی بووی ئاوا بە کووڵ بۆی ئەسووتێی...
...
گۆرانی پەیامی ڕۆحەو ئاوێنەی ناخی ئینسانە
تەنها ڕێگای دەربڕینی داخی دەروونی عاشقانە
شیعر هاواری ویژدانە..شیعر هاواری ویژدانە
کڵپەی سۆزگرتنی گیانە....
مۆسیقا بوورکانی سینەو لێزمەی بارانی چاوانە...
...
...

# - بەشی یازدەم -

دوایی هەستام و چووم بۆ ئەو شوێنەی کۆچبەرانی لێکۆدەبوونەوە،بەردەم کەنیسەیێک بوو،لەوێ هەمیشە خواردن و جلوبەرگیان بە سەر کۆچبەراندا دەبەخشییەوە.هەندێک لە خەڵکی شارەکە بە سەیارەی خۆیان خواردن وچاو قاوەیان دەهێناو دەیاندا بە کۆچبەران.

کۆمەڵێکیتر هەبوون هەمیشە خواردنیان بە کۆچبەران دەدا،من نەمدەزانی ئەوانە سەر بە کەنیسە بوون یان ڕێکخراوی مرۆیی بوون.کۆچبەران لە هەر کوێ بوایەن،ئەو کۆمەڵەیە خواردنیان بۆ دەبردن و هەمیشە بە دەوریانەوە بوون.ئەوان وەک سێبەری کۆچبەران وابوون،مرۆڤی زۆر باش و دڵسۆزو بە تەنگەوە هاتووی زۆر تیا بوو.لە بەر ئەو سەرماو تۆفانە ڕۆژ تا ئێوارە لە ناو کۆچبەرانا بوون و وەک ئەوان سەرمایان دەبوون و دەرچان.ژنێکی بە تەمەنی تێدا بوو،کۆچبەران پێیان دەوت دایکی کوردان..ئەو هەر وەک دایکێک وابوو!..

کۆچبەران شەوانە لە زۆر شوێندا دەخەوتن،لە پەناو پەسێوو سیپەکانی ناو شارەوە تا دەگەیشتە دەرەوەی شارو ئەو خانووە کۆن و خەرابانەی دەرەوەی شار.ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە سەرمانداو لە ترسی پۆلیس هەر ئەمسەرو ئەوسەری جادەو ناو شارمان دەکرد.پۆلیس ئەگەر بۆی بلوایە دەیگرتین و لە شار دووری دەخستینەوە.بە ناو شاردا نیمچە ڕوبارێک هەبوو،هەموو کەنارەکانی دارو قەرەم و بژوێناویی بوو،ئێمە وەک سۆنەو مراویی بە کەناری ئەو ڕوبارەوە بووین و ئاگرمان دەکردەوە،بەڵام سۆنەو مراوییەکی ڕووت و بێپەڕوباڵ.

ئێوارە برادەرێک وتی کەلاوەیێک لە دەرەوەی شار هەیە،شەوانە کۆچبەرێکی زۆری تێدا دەخەوێت،وتی ئەگەر حەز دەکەیت دەرۆین سەرێکی ئەوێ دەدەین بەڵکو جێگەمان بێتەوە.منیش کە هیچ شوێنێکم نەبوو وتم باشە.شەو ڕۆیشتین،چل خولەک لە شارەوە دوور بوو،لە چۆلایی و دەشتاییەکدا بوو،کە گەیشتینە ئەوێ سەیرم کرد لە چەندین لاوە کۆچبەران ئاگری گەورەیان کردۆتەوەو دەوریان داوەو خۆیان گەرم دەکەنەوە.کە لە دوورەوە سەیری ئاگرەکەت دەکرد تابلۆیێکی پڕ فانتاسیات دەبینی،تابلۆیێکی گەورەی ئاگرین لە شەوداو تارمایی مرۆڤگەلێک سەرمایانەو خۆیان گەرم دەکەنەوە.

ئێمە چووین بۆ لای خانووەکە،خانوویێکی درێژی بیست مەتریی دەبوو،ئەگەرچی سەقفەکەی کۆنکریت بوو،بەڵام بە هۆی کۆن بوونیەوە لە زۆر شوێنەوە دڵۆپەی کردبوو.ناوەوەی شێدار بوو،هەروەها هیچ دەرگەو پەنجەرەیێکی پێوە نەبوو.لە ناوەوە وەک زبڵدانا وابوو،پڕ بوو لە دەبەی کۆن و شکاوی کۆلا بیرەو خواردن و کارتۆن و کیسە خەوو بەتانی و جانتاو سەدان شتیتر،هەموو شتێکی تێدا بوو،دەتوت زریان کۆی کردۆتەوە.ئێمەش شوێنێکمان بە لەقەو نووکە شەق"خاوێن" کردەوەو کیسە خەوەکانمان تێدا ڕاخست.هەرچۆنێک بێت خەوی زبڵدانا لە خەوی بەر سەرماو تۆفان باشترە...!

گروپەکە کارژمێر نۆو دەی هەموو شەوێک خواردنیان بۆ ئەوێش دەهێنا،خواردنەکان بریتی بوون لە نان و پەنیرو هێلکەی کوڵاوو شیرو هەندێک شتیتر.دوای ئەوەی منیش هەندێک خواردنم وەرگرت،گەڕامەوە بۆ ماڵەکەی زبڵدانا.هیلاک و سەرما بردوو بووم،بۆ قوومێک خەو تێیدا سەرمام نەبێت کوێراییم داهاتبوو،زنجیری کیسە خەوەکەم کردەوەو خۆم تێخزاند،هێدیی هێدیی گەرم دەبوومەوە،شوێنەکەم بە لاوە گرنگ بوو،ئەوەی سەرمابردە

نەبێت،ڕێزی خەوی گەرمی نێو زبڵخانە نازانێت!ئەگەرچی هەموومان ترسی پۆلیسمان هەبوو،بەیانان زوو بێنە سەرمان و بمانگرن،لە گەڵ ئەوەشدا من کاتژمێر دەی بەیانی لە خەو هەستام.

لە خەو هەستام و هاتم سەیرێکی دەرەوەم کرد،هەموو شوێنێک سپی دەکردەوە وەک بەفر باریبێت وابوو،دارو بەردو زەوی و ئاسمان بەستبووی.بایکی توونددو تیژی دەهات و کزەی لە جەستە هەڵدەستاند.ئەو شوێنە دەشتایی بوو،جۆگەی ئاوو چاڵاوی گەورە گەورەی تێدا بوو بەستبووی.بە دەیان سۆنەو مراویم دەبینی ببوون بە شەختەو بە سەر ئاوەکەوە ڕەق ببوونەوە...!

هەروەها زۆر ڕاوچیشم دەبینی کە بە ساچمە-تاپڕ ڕاویان دەکردو تەقەیان دەکرد.منیش لە دوورەوە سەیرم دەکردن و بە بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ و بیری لێبکەمەوە،دەگەڕامەوە بۆ ڕۆژانی دوورو ڕاوکردنەکان!..

(...من نازانم بۆ؟ هەر لە منداڵییەوە خولیای ڕاوکردن بووم و تاکو ئێستاش ئەو خولیایەم لە گەڵدا هات.تا تەمەنی پازدە ساڵیی لە ئاوایی ژیام و منداڵێکی پێپەتی بووم.منداڵییم پڕ بوو لە ژان و بێ بەریبوون،هیچ شتێکم نییە وەک منداڵێک تێیدا ژیابێتم.لە ساڵێکدا من چەند مانگ بێ پێڵاو دەبووم و پارە نەبوو جوتێک پێڵاوی لاستیکم بۆ بکرن.هەمیشە دارلاستیکم پێبوو،ڕاوی پاساری و کلاوکوڕەو دارو بەردم دەکرد،لە بیرمە زۆر باشیش ئامانجم دەپێکا.کاتژمێرێک دوور لە ئاواییەوە تەپکەم بۆ سوێسکە دەنایەوە،ڕۆژێ دووجار بەیانی و ئێوارە بە سواری کەر دەڕۆیشتم سەیرم دەکرد،هەر لە دوورەوە تەپکەیکم ببینایە تەپییە،لە کەرەکە خۆم هەڵدەدایە خوارەوەو بە ڕاکردن دەچووم بۆ لای،لە پێشدا درزێکی بچووکم لە بانە تەپەکە دەکردو چاوم پێوە دەنا،تا بزانم چی تێدایە.ئەگەر سوێسکی تیا بوایە دەرم دەهێناو یەکسەر شاباڵەکانیم دەکرد،دەموت نەکا فرتە فرت بکاو لە دەستم بەربێت.شەوانی زستانیش کاتێک کوڕانی گەورەی ئاوایی بۆ ڕاوە شەوارە دەچوون ،من خەریک بوو شێت دەبووم ، چوونکە باوکم نەیدەهێشت من لە گەڵیان بچم.زۆر لێی دەپاڕاماوەو توخوا باوەگیانم دەکرد،بەڵام بێ سوود دەبوو.بە دایکمم دەوت ئەو پێی بڵێت بەڵام هەر قایل نەدەبوو..ئیتر منیش لە دڵتەنگیی و حەسرەتدا گەرووم خەریک بوو دەدڕا...!)

(...هەندێجاریش بە بێ پرسی باوکم دەڕۆیشتم،ئەگەرچی لێدانیش لە پێشمەوە بوو...)

شەوێکی زستان لە گەڵ پێنج شەش منداڵی هاوتەمەنی خۆمدا کۆ بووینەوەو وتمان ئەمشەو بۆ ڕاوە شەوارەی سوێسکە دەچین.بۆ ئێمە ئەگەر کەسێکی گەورەمان لە گەڵدا نەبوایە سەخت بوو،چوونکە شەوارەمان دەکردو نەک سوێسکەمان نەدەگرت،بەڵکو خۆشمان شەوارەمان دەکردو نەدەگەڕاینەوە.هەموو گەورەیەکیش بۆ ڕاوە شەوارە هاوڕێیەتی منداڵانی نەدەکرد،پیاوێک هەبوو ئەو هاوڕێیەتی منداڵانیشی دەکرد!وتمان دەچین پێیئەڵێین بەڵکو لە گەڵماندا هات.چووین بۆ لای و پێمان وت،وتی باشە من لە گەڵتان دێم،هەموومان خۆشحاڵ بووین.

ڕۆیشتین و هەر کەسەو لایتی خۆی پێیە،ماوەیکی زۆر گەڕاین بە ڕێککەوت هەشت سوێسکمان لە شوێنێکدا دۆزییەوە،سوێسکەکان هەموو لە پاڵ یەکدا خەوتبوون.هەموومان لە سەری کۆ بووینەوەو تیشکی لایتەکانمان ئاراستەی چاویان کردبوو.بە چپە چپ قسەمان دەکرد کە ئایا کێ دەست بە گرتنیان بکات؟چوونکە دەبێت تەنها یەک کەس بۆیان بچێ و دەست بە گرتنیان بکات.بەڵام ئێمە کەسمان قایل نەدەبووین ئەویتر بچێت!هەر کەسەو دەیویست خۆی دەست بە گرتن بکاو ئەویتری قەبوڵ نەبوو.هەر ڕاوچییەکیش چ گەورەو چ بچووک،ئەگەر سوێسکی بگرتایە ئەوا لە لایەن خەڵکەوە باس دەکراو بە ئازاو ڕاوچی دەناسرا،بۆیە ئێمەش هەر کەسەو دەیویست ئەو ناوبانگ و شکۆدارییە بۆ خۆی بێت! دواجار هیچ کەس بەویتر قایل نەبوو،لە بەر ئەوە گەڕاینە دواوەو لە سوێسکەکان دوور کەوتینەوە تا قەراری لە سەر بدەین کێ دەست بە گرتنیان بکات! ئەنجام هەر کەس قایل

نەبوو"يارييەكى منالانەى خۆش بوو".لە بەر ئەوە سەرۆك بريارێكيترى دەركردو وتى:كاكە هەموومان هجوميان بۆ دەكەين..! ئێمەش وتمان زۆر باشە..ئەوەمان بە دلمان بوو..! دووبارە گەراينەوە لاى سوێسكەكان و بەرامبەريان راوەستاين،هەمووممان سازو ئامادەى هێرش بردنين!يەك و دوو سێ و هەر كەسەو لە ئاستى خۆيەوە وەك هەلۆى كوێر خۆى بە ناو سوێسكەكاندا كرد،لە يەك چركەدا هەمووممان چنگمان لە زەوى و پووش و پەلاشەكە گير بوو،بە بێ ئەوەى پەنجەى يەكێكمان بەر پەرى سوێسكێك بەكەوێت هەموويان فرين! دوايى كە گەورە بووين لە ناو خۆماندا باسمان دەكردو پێدەكەنين.

شەوانى دواتر دەهاتمەوە لەو خەرابەيدا دەخەوتم.ئەو رۆژانە هيچ دەرفەتى ئەوە نەبوو هەولى دەرچوون بدەين،لە لايەكەوە سەرما سرى كردبووين،لە لايەكيتريشەوە پۆليس كۆنترۆلى ناو بەندەرەكەى كردبوو نەياندەهێشت كۆچبەران نزيكى كەشتييەكان بكەونەوە.بە هۆى داخستنى كامپەكەوە پۆليس هەميشە بە دواى كۆچبەرانەوە بوون و دەيانگرتن و دووريان دەخستنەوە.پۆليس پێشتر چووبونە بەردەم ئەو خەرابەيەو هەر كۆچبەرێك لەوێدا بووە گرتبوويانن،ئەوەشى رايكردبوو گەلە سەگيان تێبەردابوون و بە گەلە سەگ گرتبوويانننەوە.هەروەها وەك كۆچبەران دەيانگێرايەوە،جارێك پۆليس بەيانييەكى زوو دەچنە سەر ئەو كەلاوەيە و بانگى كۆچبەران دەكەن بێنە دەرەوە،بەلام ئەوان نەهاتبوونە دەرەوە،بۆيە غازى فرمێسك رێژيان پياكردبوون و ناچاريان كردبوون بێنە دەرەوە.دوايى هەموويانيان گرتبوو دووريانيان خستبوونەوە.

شەوێك كاتژمێر نۆ لە ناو شارەوە بۆ خەرابەكە دەگەراينەوە،لە رێگا چەند كەسێتر بە دوامانەوە بوون،هاتن گەيشتنە ئێمەو وتيان هەر ئێستا چەند پۆليسمان بينى و پێيان وتين بچن بۆ كامپەكە هەمووتان وەردەگرن! ئەمە هەوالێكى خەيالى و جێى باوەر نەبوو.ئەگەر بريارى حكومەت و كامپەكە بوايە،دەبوا لە رۆژداو بە شێوەيێكيتر پێيان وتباين،بۆيە نەماندەتوانى بە ئاسانى باوەر بكەين.بەلام ئێمە دەبوا وەك گورگ بوايەين و بە هەموو خشەيێكەوە بچين! گورگ لە بەر ئەوەى ناترسێت لە خشە هەلنايێت،بەلكو دەچێتە خشەوە،دەبوا ئێمەش لەمەدا گورگ ئاسا بوايەين،ئەگەرچى لەوانەش بوو لە دوايیدا وەك رێويمان لێهاتبا بە دەم سەگەوە!لەوانە بوو پۆليس بۆ رابواردن ئەو قسەيەى كردبێت" پۆليسەو هەموو شتێكى لێدەوەشێتەوە".بەلام بە لاى منەوەو-لەوانەيە بە لاى كۆچبەرانيتريشەوە،ئەو هەوالە گرنگيى خۆى هەبوو.گرنگيەكەشى لەوەدا بوو بەو هۆيەوە دەمانتوانى كۆچبەران كۆ بكەينەوەو هەلێانخرێنين و وەك خۆپيشاندانێك بەردەم كامپەكە بگرين و فشاريان بۆ بێنين بەلكو وەرمان بگرن.چوونكە دوو هەفتە پێشتر لە وەها نارەزايەتيەكدا پەنجا كەسيان وەرگرتبوو.ئيتر بەو مەبەستەوە هەر كەسێكمان دەبينى و ئەويش هەركەسێكيترى دەبينى،هەوالەكەمان رادەگەياندو دەمانوت هەر ئێستاو بەم شەوە دەچينە بەردەم كامپەكەو مان دەگرين.دواى ماوەيێكى كەم ئەوانەى لەو دەوروبەرە بوون ئاگەدار بوونەوەو كۆبوونەوە.هەر چەند كەس و لە كون و قوژبنێكەوە دەهاتن.كامپەكە دوور لە شارو لە دەشتاييەكدا بوو،لە ناو شارەوە بە پێ كاتژمێرێك زياتر دەبوو.

بەو شەوە بە ناو ئەو پووش و پەلاش و قورو ليتاوەدا وەك رەوە بەراز دواى يەكتر كەوتبووين و رێمان دەكرد.كاتژمێر دەو نيوى شەو گەيشتينە بەردەم كامپەكە.هەمووممان دەترساين ئاخۆ پۆليس چ رەفتارێكمان لە گەل دەكەن؟! زۆر كەس ترسان و لە نيوەى رێ گەرانەوە،تا گەيشتينە بەردەم كامپەكە لە كۆى نزيكەى هەشتا كەس سى و سێ كەسمان لێمايەوە.

پۆليسەكان كە ئێمەيان بينى يەكسەر دەرگەى كامپەكەيان داخست و هاتنە بەردەممان،وتيان بۆچى هاتوون بۆ ئێرە؟ئێمەش مەسەلەكەمان بۆ گێرانەوە،چەند كەس هەبوون كەمێك زمانى فەرەنسيى و ئينگليزيیان دەزانى. پۆليس وتيان ئاگەمان لە شتى وانييە.دوايى وتيان جارێ لێرەدا دانيشن.

هەمووممان لە سەر ئەو زەویە ساردەو لە پاڵ یەکدا دانیشتین،پۆلیس تەلەفۆنیان کردو لە گەڵ شوێنێکیتر قسەیان کرد.ئێمە دانیشتبووین و ژانی سەرماو ئەو هەموو دڵڕەقییەمان دەچەشت کە گەمارۆی دابووین،ئێمە لە بەرامبەر دوو شتی ناحەزو ڕەزا تاڵا قەرارمان گرتبوو،ئەویش سەرماو پۆلیس بوون،دوو دیاردە هەردووکیان ئێمەیان وێران دەکرد.

دوای نیو کاتژمێر وتیان شتی وانییەو دەبێت بڕۆن! بەڵام ئێمە وتمان ناڕۆین! بڕیارمان دابوو بە ئاسانی ئەویَ بە جێنەهێڵین.هەموومان دانیشتبووین و قۆڵمان کردبوو بە یەکدا.پۆلیس وەک پەیکەری بێ گیان بە دیارمانەوە ڕاوەستابوون و چاوەڕێی ڕۆیشتنی ئێمەو شتیتریان دەکرد!

(..ئێمە وەک کۆمەڵە پەیکەرێکی شکاوو دارۆخاو بە سەر یەکدا کەوتبووین،بەڵام لە پارچە ووردوخاشبووەکانی ئەو پەیکەرانە،تۆپەڵە پەیکەرێکی شێواوو پڕ هاوارمان لێخوڵقابوو! تۆپەڵە پەیکەرێکی ڕاکشاوو وێران لە ساردترین شەوەکانی شەوارەدا خەریک بوو بە بەرد دەبوو،بێجگەی دڵی پۆلیس و یاساو ڕێسا گەوج و کوێرەکان،دڵی هەموو مرۆڤێکی بە ویژدانی پڕ ئێشوو نەفرەت دەکرد...)

دوایی گروپەکەش هاتن بۆ لامان،ژنێکیش بە سەیارەی خۆی هاتبوو،پێم وابوو ڕۆژنامەنووس و شتی لەو بابەتە بوو! کامێراکەی دەرهێنابوو وێنەی دەگرت.سەرما تەواو بێحاڵی کردبووین،کزەی ساردی بایەکە لە کزەی هەر برین و ئازارێک بە ژانترو بڕندەتر بوو،لە سەرماندا هێندە لە ناو یەکدا دانیشتبووین..ببووین بە تۆپەڵە مرۆڤ! تابلۆیێک لە شەوداو مرۆڤەکان لە سەرمانا تێیدا دەبن بە یەک...

تاک کاتژمێر دوازدەی شەو لە بەر ئەو سەرمایەو لە سەر ئەو زەوییە ساردو زوقمبەندەدا دانیشتبووین و درێژەمان بە سەر سەختیی و چاو قاییمی دەدا. پۆلیس بە دیارمانەوە وەستابوون و چاوەڕێ بوون،وەک بە دیار پلانێکەوە چاوەڕێ بن و لە کاتی خۆیدا ئەنجامی بدەن! چەند کەسیتر بەرگەی سەرماکەیان نەگرت و گەڕانەوە.یەکێک لە ئامانج و پلانی پۆلیسەکان ئەوە بوو بە دیارمانەوە ڕاوەستن،تا خۆمان هیلاک و وەڕەس بین و بڕۆین.بەڵام تۆپەڵە پەکەری پڕ ژان و شەختەبەند بۆ کوێ و بۆچی بڕوات! ئەو جۆرە ڕاکشان و سەرسەختیی و بەرجەستە بوونەی ئێمە لە بەرامبەر پۆلیس و سەختیی سەرماو ڕچاندندا،پۆلیسی ترساوو نیگەران و بێحەوسەڵە کرد.بۆیە دواجار دەستیان بۆ پیلانە ژەهراوییەکەیان برد.. دواجار ژەهریان پێدا کردین...!

بە سەر جادەکەوە دانیشتبووین و ڕاکشابووین،لەو باوەڕەشدام کەسانێک خەوتبووبێتن،ئاگەمان لێبوو دوو سەیارەی پۆلیسیتر هاتن و لە نزیکماندا وەستان،بە بێ ئەوەی کەس ئاگەی لە پیلانی ژەهراوییان بێت،غازی فرمێسک ڕێژیان پیاکردین.دەم و چاوو ڕۆخسارمان دەسووتایەوەو فرمێسک بە چاوماندا دەهاتە خوارەوە،هەموومان هەستاین و بە کۆخە کۆخ لەو شوێنە دوور کەوتینەوە.پۆلس شاڵاویان هێنا بمانگرن،بەڵام ئێمە ڕامانکردو خۆمان بە دەستەوە نەدا،هەر لەو شوێنەدا دووان لە کۆچبەران بوورانەوە، پۆلیسەکان هەڵیان گرتن و خستیانیانە نێو سەیارەوەو یەکسەر بردیانیان.کۆمەڵەکەش لە نێوماندا بوون و ئەوانیش وەک ئێمە غازەکەیان بەرکەوت،ئەوان دەستماڵیان پێداین و وتیان تەڕی بکەن و بیخەنە سەر دەم و چاوتان.یەکێک لە کۆمەڵەکە کە کوڕێکی گەنجی فەڕەنسیی بوو،بەو دیمەن و کارە سەرکوتگەرو ژەهربارین کردنەی پۆلیسەکان،زۆر تووڕەو نیگەران بوو،ڕووبەڕووی پۆلیسەکان ببووەوەو بە توڕەیی و نەفرەتەوە قسەی پێدەوتن،وەک مرۆڤێکی یاخیی و دژی ستەم زۆرداریی،دەستی ڕادەشاندو مەحکوم و شەرمەزاری دەکردن.مرۆڤی مەزن ئەوانەن دژی ستەم بە دەنگ دێن و هاوار دەکەن و مل کەچ ناکەن.

لەو شەوە ساردو تۆفەدا تۆپەڵە پەیکەری پڕ هاوارو ژانیان تێک و پێکداو وێرانیان کرد.ئەوان خۆیان کە وێرانەیێک بوون لە ڕۆح و پارچەکانی جەستە، پۆلیس..! هەلا هەلاتری دەکردن!..

شەوارەی شەوەکانی کۆچ..لێوان لێوە لە هەموو جۆرە شەوارەو پەرتەوازەو تەرەبوونێک.شاڵاوی گورگانەی پۆلیس و ڕاکردن و بە یەکدا هاتن و هاوارەکانی ئێمە لەو شەوەدا،لە بە یەکدا هاتن و پەرتەوازەبوون و هاوارکردنی ئەو پۆلە پاساری و قەتێ و مەلانە دەچوون،کاتێک هەڵۆو شەهێنەکان،لە بەرزایی و قووڵاییەکانی ئاسمانەوە،غافڵگیرانە دێن و دەقریشکێنن و خۆیان بە نێویاندا دەکەن.ئەوان-هەڵۆو شەهێنەکان بە خێراییەکی کوشندەوە خۆیان بە نێچیرەکانیاندا دەدەن و چنگی بە هێزو نینۆکی تیژیان بە نێو گۆشتا ڕۆدەکەن،هەڵۆ لە قووڵاییەکانی ئاسمانەوە نێچیرلە سەر زەمین بە دی دەکاو کەمجار نێچیر لە ژێر چنگی ڕزگاری دەبێت.قەتێکان کاتێک هەست بە مەترسی دەکەن و هەڵۆکان بە ئاسمان و نزیکی خۆیان دەبینن،لە ترساندا دەفڕن و بە یەکدا دێن و تەنوورە دەکەن، لە سەد مەتری بەرزایی ئاسمانەوە تاکو دەگاتە چەند مەتری ئاستی زەوییەکە،بازنەیێکی پێچاوپێچی وەک ئسپرینگ دروست دەکەن و لوول دەخۆن و بە یەکدا دێن،وەک چۆن گوریسێکت بە دەستەوە بێ و ڕایوەشێنیت،وەها بازنەیێکی ئاسۆیی دروست دەکەن...

ئێمەش بەو جۆرە بە یەکدا دەهاتین و هاوارمان دەکرد..! لەو شەوەدا کە هیچ کەس گوێی لێنەدەگرتین..هاوارمان دەکردو دەمانوت:کەس ئێرە بە جێنەهێڵێت..کەس ئێرە بە جێنەهێڵێت...ک ە س،،ئێرە..بە..جێ..نە..هێ..ڵێت...!هاوارمان بە شەودا دەڕۆیشت و با دەیبردو تۆفان بە شەختەی دەکرد.شەوێک بوو هێندە ساردو زوقمبەند..ئەگەر بێدادیی نەبوایە نەدەکرا لێگەڕابای هیچ درندەیێکی کێویش،لەو شەوە ساردەدا بە دەرەوە بێ و ئاوا بێدادی پێبکرایە.

دواجار..بە ناچاریی و وەک بە ناو برینی خۆماندا بڕۆین،وەک مانووترین،خەواڵووترین، ڕچیوترین،شەوارەکردووترین،کوێرترین بوونەوەری ئەو شەوەی وجود،سەری ڕێگەی بێ ڕێگەی ماڵەکەی بێ ماڵییمان گرتەبەر.دوای ئەوەی گەیشتینە جوگرافیای خەرابەکان..هەر کەسەو بۆ پەناو پەسیوو هێلانەی ساردی دەگەڕا.من بۆ خەرابەکە دەچووم،ماڵێکی سارد..بێدەرگاو بێپەنجەرە..بێ..چرا..! کیسە خەوەکەم کردەوەو خۆم تێخزان..هێندە سڕو ڕچیوو وێران بووم،نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە..دەزانم زوو خەوتبوو...!

## - بەشی دوازدەم -

سبەینێ کاتژمێر دە لە خەو هەستام،هەموو جەستەم ڕەق و گرژ ببوو. هەروەها گەروم تەواو گیرابوو دەنگم دەرنەدەهات،سەرماو غازەکە تەواو کاری تێکردبووم.من ڕێک لەولاوە بووم کە غازەکەیان لێوە ڕشت و ڕاستەوخۆ بەرم کەوتبوو،تووشی هەلامەت و چڵم و کۆکەیێکی توندی کردبووم.

هەستام و هەندێک دارو چیلکەو جلە کۆن و دەبەی پلاستیکم کۆ کردەوەو ئاگرم تێبەردا،کەمێک شیرم هەبوو گەرمم کردەوەو لە گەڵ هەندێک شتیردا خواردم.چەند جگەرەم هەبوو،ئەگەرچی گەروم وێران و وەک زام بوو،بەڵام هەر جگەرەم کێشا..من رۆژگارێک بوو گەروم خوێنی لێدەهات،هاوارم خوێنی لێدەهات و پێکەنینم خوێنی لێدەهات...!

کزەبایێکی ساردی دەهات،لە بەر ئاگرەکە دانیشتبووم و دەمویست ئاگر لە خۆم بەردەم تا گەرم دابێم! سروشت بە هەموو ئەو شتانەوە تێیدا بوو، سپییەکی کاڵی دەکردەوە،سەرماو لە گۆوە چوون بە سیمای بەردیشەوە دیار بوو.بە دیار ئاگرەکەوە دانیشتم تا تەواو کوژایەوە.دوایی هەستام و بەرەو ناو شار بە رێکەوتم.کە گەیشتمە ناو شار بینیم کوردەکان چل پەنجا کەسێک لە شوێنێکدا کۆبوونەتەوەو گروپەکەشیان لە گەڵدایە.منیش چووم بۆ لایان و پرسیارم سەبارەت بەو کۆبوونەوەیە لێکردن.وتیان دەمانەوێت مان بگرین و داوای وەرگرتنمان لە کامپەکە بکەین.منیش وتم کارێکی باشەو منیش لە گەڵتانم.

ووردە ووردە کۆچبەران ئەوانەی لە دەرەوەی کامپەکە بوون،دەهاتن و پەیوەست دەبوون بە مانگرتنەکەوە.زیاتر لە سەدو پەنجا کەس دەبووین،ئیتر درێژەمان بە مانگرتنەکەدا،گروپەکەش لە گەڵمان بوون.ئەوان وەک سێبەری ئێمە وابوون،لە هەر کوێ بووینایە ئەوانیش لەوێ دەبوون و وەک ئێمە هیلاک و سەرماو ڕچیو دەبوون.پۆلیس بەو ناوەدا فرت و جرتیان بوو،چەندین کەناڵی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر وەک تەلفزیون و رۆژنامەنوس لەوێ بوون و پرسیارو چاوپێکەوتنیان لە گەڵدا دەکردین. گروپەکەو زۆر خەڵکیتری فەرەنسیی خواردن و جگەرەو بەتانیان بۆ دەهێنایین،خواردنەکانمان وەرنەدەگرت بەڵام جگەرەو بەتانیەکانمان وەردەگرت.زۆر سارد بوو کە دادەنیشتین بەتانیەکانمان دەخستە ژێرمان یان دەمانپێچایە خۆمانەوە.

کاتژمێر گەیشتبووە حەوتی ئێوارەو ئێمە لە مانگرتن بەردەوامبووین و هاوارمان دەکرد:دەبێت کامپەکە وەرمان بگرێت!تاک کامپەکە وەرماننەگرێت بەردەوامدەبین،دەبێت (یوئێن) بێت بۆ لامان..! دەبێت..دەبێت ...

دوایی چەند پۆلیس هاتن و وتیان با نوێنەرتان لە گەڵمان بێت دەیانبەین بۆ لای بەرپرسان و لەوێ قسەی خۆتان بکەن.ئێمە پێمان لە سەر ئەوە داگرت دەبێت ئەوان بێن بۆ ئێرەو لێرە قسەمان بۆ بکەن،بەڵام پۆلیس ئەوەی ڕەتکردەوە.دوایی دوو کەس لە کۆچبەران وەک نوێنەر لە گەڵ پۆلیسەکاندا ڕۆیشتن.دوای کاتژمێرێک هاتنەوەو وتیان پێیان وتوین دەبێت لێرە لە فەرەنسا داوای مافی پەنابەریی بکەن،چوونکە بە هیچ جۆرێک کامپەکە وەرتان ناگرێت.بەڵام ئێمە هەمومان ئەو داوایەمان ڕەتکردەوەو وتمان یان دەبێت لە کامپەکە وەرمان بگرن،یان درێژە بە مانگرتن دەدەین.ئیتر درێژەمان بە مانگرتندا.

سەرما هەموومانی ڕچاندبوو،بەو تۆفانە چەند کەس لە کۆچبەران خۆیان رووت دەکردەوە،بەڵام بۆ ماوەیکی کەم،من نەمدەتوانی خۆم رووت بکەمەوە چوونکە دەمزانی یەکسەر ڕەق دەبوومەوەو دەمردم.

چل پەجا کەسێک لە ژن و پیاوی فەرنسیی بە درێژایی مانگرتنەکە لە گەڵمان بوون و هەمیشە جگەرەیان بە سەرماندا دابەش دەکردن،زۆر بەرێزو میهرەبان و بە پەرۆش بوون بۆمان.یەکێک لەوان پێی وتین بۆچی لێرە ئاوا دانیشتوون؟ بە داخ و تووڕەبوونەوە دەدواو دەیوت:دەتانەوێت لێرەدا ئاوا دانیشن و کامپەکە وەرتان بگرێت!"کەسێک قسەکانی تەرجومە دەکرد"،ئەو دەیوت وەرن من دەکەومە پێشتان و دەچینە بەردەم کامپەکەو دەرگەکەی دەشکێنین و بە زۆر برۆنە ژوورەوە!"پێم وابێت هەر کۆچبەرێک بچوایەتە ژوورەوە بۆیان نەبوو دەریبکەن"،ئەو بە باوەڕو ئیرادەوە ئەو قسانەی دەکردو دەستی ڕادەوەشاند،وەک مرۆڤێک هەست بەو دەردو ستەمە بکات ئێمە دەمانچەشت.بەڵام کۆچبەران نەیاندەتوانی ئەو ئیرادەو باوەڕەیان هەبێ و ئەو کارە بکەن،کۆچبەران لە هەر ڕووبەڕو بوونەوەیک لە گەڵ پۆلیسدا ترسی غاز ڕشتنیان هەبوو،چوونکە پۆلیس ژەهریان دەرشت...!

**تا کاتژمێر دوانزەی شەو بەردەوام بووین لە مانگرتن،هەستمان بە جم و جوڵی نائاسایی پۆلیسەکان دەکرد..! ئێمە هەمووان دانیشتبووین و قۆڵمان کردبوو بە قۆڵی یەکداو یەکترمان گرتبوو،دەمانویست بەو جۆرە بەرگریی لە خۆمان بکەین و نەهێڵین بمانگرن!**

**کۆمەڵەکەو فەڕەنسیەکانیش وتیان بەو جۆرە دانیشن و یەکتر بگرن.ئەوانیش هەستیان بە نیازی خراپی پۆلیس کردبوو! ئەوان بە پێوە بە دەوری ئێمەدا دەستی یەکیان گرتبوو زنجیرێکی مرۆییان بە دەورماندا دابوو! قەڵغان و دیوارێکی مرۆیی چ ماناێکی جوان و مەزنی هەبوو.**

**جارێکیتر پارچە شکاوەکان تۆپەڵە پەیکەرێکیان بەرجەستە کردبوو،تۆپەڵە پەیکەرێکی شێواوو وێران،لە بەرامبەر هێزی نامۆو ڕۆخێنەرداو پەرژینێک لە دەست و پەنجەو جەستەی مرۆڤ..!چی مەزن بوو ئەو زنجیرە مرۆییە، هەموویان دەستی یەکیان گرتبوو پشتیان کردبووە پۆلیسەکان و ڕوویان بە لای ئێمەوە بوو،پشت کردنە پۆلیسەکان ڕەمزی ڕەتکردنەوەی زۆرداریی و سەرەڕۆیی بوو!**

**ماوەێک کش و ماتیی باڵی بە سەر ئەو دەوروبەرەدا کێشا،دەنگ لە هیچ کەس و هیچ شوێنێکەوە نەدەهات...!نە لە لاێن ئێمەوە،نە لە لاێن پۆلیسەوە..!سەیرم لەو بێدەنگیی و ماتیی و خامۆشییە دەهات!پۆلیسەکان بە سەدان دەبوون و گەمارۆیان دابووین،پۆلیس وەک حەپەسابێتن و بیر لەو نەشیاوە بکەنەوە کە ئامادەی کردنین..! وەک بیر لەوە بکەنەوە مرۆڤەکان چۆن بەدەستی یەکتر وێران دەکرێن..! من بیرم لەوە دەکردەوەو دەموت:تۆ بڵێی ئەم زنجیرە..زنجیری ئەو دەست و پەنجە ناسکانە،ئێمە لە گرتن و شاڵاوی پۆلیس بپارێزێ و نەمانگرن..؟! پۆلیس هێندە شەرم و شەرافەتمەندیی هەبێت،شەرم بیانگرێ و زنجیری ئەو دەست و پەنجەو جەستە مرۆییە نەپچڕێنن! چەند بیرم دەکردەوە باوەڕم نەدەکرد،دواجار ئەوان پۆلیس بوون و..هیچ جوانی و بەهاێک لایان بایەخی نەبوو! ئەوان قامچی بوون و دەستێکیتر ڕایدەوەشاندن...!**

**هەر وابوو..پۆلیس لە هەموو لاێکەوە بۆمان هاتن و گەمارۆیان داین و ئەڵقەی گەمارۆکەیان تەسکتر کردەوە.هیچ کەس تا ئەو چرکەیە نەیزانی هێندە پۆلیس لەودەوروبەرەیەو بەو جۆرە گەمارۆیان داوین! دەتوانم بڵێم زیاتر لە پێنج سەد پۆلیس دەبوون،بە دەوری ئێمەدا دیوارێکی چەند ڕیزی پۆلیسییان دروست کردبوو،بچووکترین دەرفەت بۆ ڕاکردنیش نەمابووەوە.**

**پۆلیس لە چەند شوێنەوە بە کێشمە کێش و بە زۆر زنجیرە مرۆییەکەیان دەپچڕاندو لە ئێمەیان دوور دەخستنەوە .پۆلیس لە گەڵ فەڕەنسییەکاندا "زنجیرە مرۆییەکەی دژی سەرەڕۆیی"تێکدەئاڵان و بەرگرییان دەکرد.بەڵام پۆلیس بە چەپۆک دەیانکێشا بە دەستیانداو لێکیان دەکردن،تەقەلای ئەوان بۆ نەپچڕاندن و بەرگریی..دواجار بێئاکام مایەوە،پۆلیس زنجیرەکەیان پچڕاندو پارچە پارچەیان کرد،ئیتر کەوتینە ناو گەمارۆی زنجیری پۆلیسەوە.بەو جۆرە جوانترین زنجیریان لەت وپەت کرد کە بە دەوری ئێمەدا درابوو،لە جێگەیدا ناشیرینترین زنجیری دیلێتییان بە دەوردا داین کە زنجیری پۆلیس و یاسا کوێرەکەیان بوو.**

**بازنەی گەمارۆکەیان تەسکتر کردەوەو بۆمان هاتن،ئێمە هەموومان هەستابووینە سەرپێ و یەکترمان گرتبوو.لەو کاتەدا کە بۆمان هاتن،ئێمە هەمووومان بە یەک دەنگ هاوارێکی سەیرمان دەکرد.. هاها..ها..ها..!بە ڕاستیی هاوارێکی سەیر بوو،ئایە دەمانویست بەو هاوارە چی بکەین..چیان پێبڵێین..؟! بۆچی هەمووومان ئەو هاوارەمان دەکردو یەک کەسێکیش نەبوو ئەو هاوارە نەکات! ئەو هاوارە دیسان پۆلیسی وشک و حەپەساو کرد،دیسان ماوەێک بێدەنگیی و خامۆشیی باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا.. پۆلیس ڕەق ڕاوەستابوون و سەیریان دەکرد،دەیانویست**

تێبگەن ئەو هاوارە چی بوو،ئەو هاوارە لە کوێوە هات! ئێمە کاتێک لە زمان و ئاخاوتن لەگەڵ پۆیس نائومێد بووین..کاتێک ئیتر زمان نەیدەتوانی کارێکمان بۆ بکات،هاوارمان دەکرد!

پۆلیس دیسان شاڵاویان هێنایەوە.هەر چوار پێنج پۆلیس و لە چەند لاوە دەهاتن و چنگیان لە چەند کەس گیر دەکردو دەیانبردن.پۆلیس گورگانە شاڵاویان دەهێناو گورگانە ڕەفتاریان دەکرد.ئێمە هەموومان هەستابووینە سەرپێ و توند یەکمان گرتبوو تەنوورەمان دەکرد.وەک کۆمەڵە بوونەوەرێک لەناو گەمارۆی گورگدابێت،بەیەکدا دەهاتین.شەوارەی شەوەکانی کۆچ پڕە لە پەرتەوازەبوون،ئەمجارەیان لە مەڕو بزن دەچووین لە ناو گەلە گورگی هارو برسیدا،گەلە گورگ موسیبەتێکی گەورەیە،گەلە گورگ بە مل شکاندن و سک هەڵدڕینی چەند ئاژەڵێک سروشتی دڕندانەی دانامرکێتەوە.ئەو بە ئارەزوی گورگانەی خۆی،مل دەشکێنێ و گەرو هەڵدەدڕێ و وێران دەکات،ئەوەش ڕەوشتی گورگانەیە.هاوارەکان لە هاوارو قریوە قریوی قازو قورینگان دەچوون،کاتێک بە ئاسمانەوە شەوارەیان کردبێ و ڕێگایان وێڵ کردبێت،یان کاتێک داڵاشەکان لە ناو خۆیاندا دەبینن و ئاسمان پڕ لە قریوەو هاوار دەکەن...

(...زستان بوو لە گەڵ چەند هاوڕێیتردا بۆ ڕاو ڕۆیشتبووین،لە دوورەوە پۆلێک قازمان بە ئاسمانەوە بینی،قریوەیان دەهات و بە یەکدا دەهاتن و بە ئاراستەی ئێمەدا دەهاتن.سەیرمان کرد دوو داڵاشیان لە ناودایەو جار لە دوای جار خۆیان بە قازەکادا دەداو شپرزەیانیان کردبوون.کە گەیشتنە نزیکی ئێمە یەکێک لە داڵاشەکان چووە سەر پشتی یەکێک لە قازەکان و بەرەو زەوی شۆڕ بوونەوە،من زانیم ئیتر کاری ئەو قازە تەواو بووە، یەکسەر بە ڕاکردن بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتم کە ئەوان لێی نیشتنەوە.کە گەیشتمە لایان داڵاشەکە فڕیی و قازەکەش لە زەوییەکەدا کەوتبوو گیانی تیا نەمابوو.منیش سەرەکەیم لێکردەوەو هێنامەوە بۆ لای هاوڕێکانم.هاوڕێکانم وتیان کاتێک چوویتە سەری قازەکە گیانی تێدامابوو؟وتم نا..من دەمزانی مەبەستی ئەوان چییە! خەڵکی پێی وایە ئەگەر هەر گیان لە بەرێک سەری نەبڕی و خوێنی لێنەیێت،ئەوا حەرامەو نابێت بیخۆیت.ئەوانیش مەبەستیان ئەوە بوو،هەندێکیان سەیری ملی قازەکەیان دەکرد تا دڵۆپێک خوێنی پێوە ببینن و حەڵاڵی بکەن،بەڵام یەک دڵۆپی پێوە نەبوو.هەندێکیان دەیانوت نێچیر یەکسەر بچیتە سەری و ئەمدیوو ئەو دیوی نەکەیت و سەری ببڕیت،ئەوا حەڵاڵە!"من ئەمدیوو ئەو دیویشم کرد"، من گوێم لەو قسانە نەدەگرت،نێچیری خۆمم هەر دەخوارد.پاشان ئاگرمان کردەوەو گۆشتەکەمان برژاند،گۆشتەکە چەور بوو بە سەر ئاگرەکەوە چزەی دەهات،گۆشت برژاو دەستمان بە خواردن کرد،چەند کەس نەیانخوار،دەیانوت وێع...)

بەو جۆرە گورگانە تێمان بەربوون و هەر جارە چەند کەسیان لێدەگرتین.چوار پاسی گەورەشیان ئامادە کردبوو،ئەوانەی کە دەگیران دەیانیان بردنە ناو پاسەکان و پۆلیس بە دیاریانەوە دەوەستان تا ڕانەکەن.چەندیین کەناڵی تەلفزیۆنیش لەوێ بوون تەسویریان دەکرد. (...من تا کۆتایی کە دە کەسێک مابووەوە خۆم نەدابووە دەستەوە.دواجار چنگیان لێگیرکردم و کێشمەکێش دەستی پێکرد.پۆلیس ڕایدەکێشام و لە پشتیشەوە گیرابووم و بەر نەدەدرام.من ڕووم بە لای پۆلیسەکانەوە بوو،لەو کاتەی کە لە هەردوو لاوە گیرابووم و ڕادەکێشرام،لام بە لای هاوڕێکانما کردەوە کە تووند گرتبوویانم.بینیم یەکێک لەوانەی کە لە پشتمەوە ڕاوەستاوەو منی گرتووە،ژنێکی فەڕەنسیی بوو کە تا ئەو کاتە لە نێوماندا مابووەوە!تووند منی گرتبوو بەری نەدەدام و..بە خوڕ فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە..! هەموو دەم و چاوو ڕۆخساری سوور هەڵگەڕابوو شەڵاڵی فرمێسک و گریان ببوو.من تا ئەو کاتە هیچ گریانێکی ئاوا بە پەرۆش و بێ پەروام نەبینیبوو! لەوانەشە خۆم هەرگیز ئاوا نەگریابێتم! ئەو گریانە بۆ من چرکەی دەست پێکردن و ڕامان و ڕاچەڵەکاندنی نوێ بوو! لەو کاتەدا بە هیچ جۆرێک ئەوە لە خەیاڵ و ئەندێشەی منا نەبوو،مرۆڤێک-ژنێک لە پشتی منەوە دەگریێت..! ڕۆخساری تەڕی ئەو منی هەژان..ڕۆخساری ئەو ئیرادەو ئارامیی بە ڕۆح و دەروونی پڕ زامی من دەبەخشی و شادی دەکردم.چەند جوان و دڵتەنگ و پەرێشان و میهرەبان دەگریا! وەک بە سەر ئاگری دۆزەخی خەمەکانی منا بگرێ و

بلێت:ناهێڵم بسووتێی! ژنێک بە سەر پیاوێکدا دەگریاو پێکەنین و شادیی بۆ دەگێڕایەوە..ژنێک.. لە شێوەی ڕەهێڵەی باراندا دەگریاو.. بیابانی وشکی ڕۆحی پیاوێکی پاراو دەکردو ..بەهاری بۆ دەگێڕایەوە..پیاوێک هەستی بە وێران بوون دەکردو..ژنێک ئاوەدانی دەکردەوە..ژنێک..هەرگیز ڕۆخساری لە بیرم ناچێتەوە...!)

شانۆگەرییەکی تاڵ وتراژیدیی بوو،پڕ بوو لە کارەکتەری جۆراوجۆر..لە گورگەوە..تا چاوە پڕ فرمێسکە سوێرو ڕۆخسارە شیرینەکەی ئەو مرۆڤە.نمایشەکە کۆتایی هات،هەموومانیان گرت و خستمانیانە نێو پاسەوەو پۆلیس بە دیارمانەوە وەستابوون.خەڵکە فەرەنسییەکان تا ئەو کاتە لەوێ بوون و لە خوارەوە وەستابوون و سەیریان دەکردین.کاتێکیش بە ڕێکەوتین،دەستیان بەرز دەکردەوەو بە دەست و پەنجەکانی خۆشەویستیان..ماڵئاواییان لێدەکردین..زۆربەیان دەگریان و ئاو بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە.. هەموویان ڕۆخساریان جوان بوون..جوان بوون،چوونکە جوان دەگریان!..

لە ناو پاسەکەدا پۆلیس پێیان وتین،دەتانبەین و دەتانخەینە کامپەوەو لێرە داوای مافی پەنابەریی بکەن.هەروەها پۆلیسانەش داوای لێبووردنیان لێکردین،کە بەو جۆرە گیراوین!کاتژمێر یەکی شەو بە ڕێیان خستین سبەی کاتژمێر دوازدە گەیشتینە ئەو شوێنە کە ئێمەیان بۆ دەبردن.گوندێک بوو لە سەر سنووری ئەڵمانیاو سویسرا.هەڵبەتە هەر پاسێک و بۆ شوێنێکیان بردن.پاسەکەی ئێمە پەنجا کەسی تێدا بوو،بیست و پێنج کەسیان لەو گوندە دابەزاندو ئەوانیتریشیان بۆ شوێنێکیتر برد.لەوێ هەر یەکێک ژوورێکیان پێداین و هەندێک خواردن و هەروەها هەر کەسەو بیست ئۆیرۆشیان پێداین،وتیان ئەوە بۆ هەفتەیێکتان! هەموومان پرخەم و بێ حەوسەڵە بووین و هەستمان دەکرد زیندانیی کراوین.من تەواو نەخۆش کەوتبووم،تووشی هەڵامەت و گەروو ئێشەو دەنگ نووسانێکی خراپ هاتبووم.کەسێک وەک بەرپرسی کامپەکە لەوێ بوو،چوومە لای و پێموت نەخۆشم بەڵکو بمبەن بۆ لای دکتۆر؟کەچی وتی تا مەحکەمە نەکرێن ناتوانن بچن بۆ لای دکتۆر!مەحکەمەشمان دەکەوتە دوای سەری ساڵی تازەوە،ئەگەر لە بیرم مابێت،هێشتا سیازدەو چواردەی مانگی دوانزە بوو،واتە دەبوا من زیاتر لە پازدە ڕۆژ چاوەڕێم بکردایە،ئینجا بۆ دکتۆریان دەبردم.

لە نزیکماندا دەرمانخانەیێک هەبوو،دوای ڕۆژێک لە گەڵ یەکێک لەو برادەرانە،کە عەرەبێکی عێراقیی بوو کەمێک ئینگلیزیی دەزانی،جووینە دەرمانخانەکەو وتمان نەخۆشین و پارەشمان نییە! دوو کەسی لێبوو، کەمێک سەیری یەکیان کردو دوایی پارچەێک حەبیان پێدام.هەفتەیێک لەوێ بووم هەر ڕۆژەو چەند کەس لە کۆچبەران دەڕۆیشتن و نەدەگەڕانەوە.کۆتایی هەفتەکە هەشت کەس ماینەوە.دوارۆژی هەفتە هەر یەکەو چل ئۆیرۆیان پێداین و وتیان ئەو پارەیە بۆ هەفتەیێکتان.ئێمەش هەر ئەو ڕۆژە سواری پاس بووین و چووینە شارێک کە نزیکمان بوو،پێم وابێت ناوی"کۆڵمار" بوو.من بڕیارم دابوو بڕۆم بۆ سویسرا،ئەو برادەرانەش وتیان ئێمە دووبارە دەڕۆین بۆ کالاس و هەوڵ دەدەین بچین بۆ بەریتانیا.لە وێسگە پرسیاری تیکێتی قیتاری شاری"بازڵ_سویسرا"م کرد،بازڵ شارێکی سویسرایەو لەوێوە نزیک بوو.تیکێت بە دە ئۆیرۆ بوو،تیکێتم کڕیی و سەرکەوتم. برادەرە عەرەبەکەش لە سەر شۆستەی قیتارەکە ڕاوەستابوو سەیری دەکردم،دەیویست بزانێت لە نێو وێسگەکەدا ناگیرێم و دەردەچم؟

ئەو پێشتر وتبووی مەسیحیم،کاتێک قیتارەکە بە ڕێکەوت،نیشانەی خاچێکی بەسەر سینگی خۆیدا کێشاو ماڵئاوایی لێدەکردم.منیش لە پەنجەرەکەوە بە پەنجەکانم ماڵئاواییم لێدەکردو بزەیێکی تاڵیش بە سەر لێومەوە بوو...!